WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (333) دووشەممە 2014/11/10 19ی گەلاڕێزانی 2714 (750) دینار



## "ئەمیرێکی داعش رزگاری کردم"

**رووداو- دهۆک**

یەکێک لەو کچە ئێزدییە رفێنراوانەی لەدەستی داعش رزگاری بووە و گەیشتووەتەوە کوردستان، چیرۆکی رزگاربوونی خۆی بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت ئەوەی رزگاری کردووە ئەمیرێکی داعش بووە "شەوێک ئەمیرێکی داعش هات و لە خەوی هەڵستاندم. گوتی هەستە با بڕۆین، هاتووم رزگارت بکەم". نارین کە ناوی خوازراوی ئەو کچەیە، چیرۆکی دەربازبوونی خۆی ئاوا دەگێڕێتەوە.

لەماوەی دوو مانگی رابردوودا 127 کوردی ئێزدیی رفێندراو لەدەست داعش بە ئۆپەراسیۆنی تایبەت رزگارکراون و گەیشتوونەتە دهۆک. لەو ژمارەیەش 26 کەسیان پیاون و 63 کەسیان کچن و 38 یشیان منداڵن.

ئەوەی سەرپەرشتی پرۆسەی رزگارکردنی ئەم رفێنراوانە دەکات نووسینگەیەکە لە دهۆک کە بۆ ئازادکردنی هەریەک لەوانە 4 هەزار دۆلار دەداتە قاچاخچیان.

« 14



"شەوانە 5 لۆری هەنار لەنێو داعشەوە دەهێنرێتە هەولێر"

2



کوردێک سەرۆکی گەورەترین مافیای رووسیایە

11

لە هەولێر باندێکی چەکدار 900 هەزار دۆلار لە ماڵێکی عەرەب دەبەن

15

(رووداو) ناوی دوو بانکەکە ئاشکرا دەکات

# کوردستان 5 ملیار دۆلار لە دوو بانکی نێودەوڵەتی قەرز دەکات

« 3





ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (333) دووشەممە 2014/11/10

## بە 10 هەزار سیم کارتەوە دەستگیردەکرێن



**ڕووداو- کەرکووک**

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ڕۆژی 2014/11/9 لە باشووری کەرکووک لە هەڵمەتێکدا دوو کەسیان دەستگیرکردووە کە 10 هەزار سیم کارتی کۆمپانیای زەین و 60 هەزار کارتی باڵانسیان پێبووە، جگە لەوەش پسوولەی تۆبەنامەی ڕێکخراوی داعشیان پێبووە. سەرحەد قادر گوتیشی "ئەو کەسانە دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ حەویجە و ئەو سیم کارت و باڵانسەش لەگەڵ خۆیان ببەن، بۆیە ئێمە گومانمان هەیە کە ئەو هەموو سیم کارت و کارتی باڵانسە بۆ کاری تیرۆریستی بەکاربهێنن".



# "شەوانە 5 لۆری هەنار لەنێو داعشەوە دەهێنرێتە هەولێر"

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری پێشینە و بەبازاڕکردن لە وەزارەتی کشتوکاڵ، هۆشداری لە بەقاچاخ هاوردەکردنی هەناری سووری ژێر دەسەڵاتی داعش دەدات و دەڵێت "هاوردەکردنی ئەم بەرهەمە زۆر مەترسیدارە، چونکە ئەگەری ئەوەی هەیە داعش ئەم بەرهەمە ژەهراوی بکات". بۆیە داوا لە پەرلەمان و حکومەت دەکات ئەو بابەتە بە جددی وەربگرن.

بەمەبەستی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ساڵانە لە وەرزی پێگەیشتنی میوە 22 جۆرە بەرهەم قەدەغە دەکات کە هەنار یەکێکیانە و لە سەرەتای مانگی ئاب تاوەکو ناوەڕاستی کانوونی یەکەم هاوردەکردنی قەدەغە دەکرێت، بەڵام ئەمە تەنیا بڕیاری سەر کاغەزی حکومەتە و بازاڕ پڕیەتی لە هەناری سووری.

نوری ئیسماعیل، بەڕێوەبەری پێشینە و بە بازاڕکردن لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2008، بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی ساڵانە هاوردەکردنی 22 جۆرە بەرهەم لەکاتی پێگەیشتنیان قەدەغە دەکرێت کە لەنێویشیاندا بەرهەمی هەنار هەیە، بۆیە بەپێی یاسا پێویستە بەرهەمی هاوردەکراو دەستی بەسەردا بگیرێت و خاوەنەکەشی بدرێتە دادگا".

نوری ئیسماعیل گوتیشی "هەرچەندە ئێمە بە نووسراوی فەرمی هەموو بازگە و کەرەنتینەکانمان ئاگادارکردووەتەوە کە لە 1/8 تاوەکو 15/12 نابێت بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بەهاوردەکردنی هەنار بدرێت، بەڵام بەداخەوە بەردەوام هەناری سووری بەقاچاخ هاوردە دەکرێت".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرهەمی ناوخۆی هەنار لە 4 ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 90 هەزار تۆن بووە. هەروەها هەناری خۆماڵی 55%ی پێداویستی ناوخۆ پڕدەکاتەوە.

حوسێن حەمە کەریم، بەڕێوەبەری گشتی ڕەزگەری و دارستان لە وەزارەتی کشتوکاڵ، دەڵێت "بەرهەمی خۆماڵیی هەنار لەکاتی پێگەیشتنی بەشی پێداویستی ناوخۆ دەکات و ئەگەر بتوانرێت بەبازاڕ بکرێت لە 1/8 تاوەکو 15/12 پێویستمان بە هەناری هاوردە نابێت، بەڵام بەداخەوە کەسانێک بێ گوێدانە بەرژەوەندیی جوتیاران و بڕیاری قەدەغەکردن و زیان گەیاندن بەئاسایشی خۆراک، تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان هەناری سووری بەقاچاخ هاوردە دەکەن".

ئەو هەنارە لە سووریاوە بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا دەگاتە کوردستان.

حسێن حەمە کەریم دەڵێت "ئەم جۆرە بازرگانییە خیانەتە و هاوکاریکردنی دوژمنە، بۆیە لەڕێگەی یاداشتێکەوە وەزیری کشتوکاڵم لە مەترسییەکانی ئاگادارکردووەتەوە و داوام کردووە هەوڵ بدرێت بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان سزای قورس بەسەر ئەو کەس و لایەنانە بسەپێنرێت کە لە پشتی ئەم جۆرە بازرگانییەوەن".

نوری ئیسماعیل، بەڕێوەبەری پێشینە و بەبازاڕکردن، لەوبارەوە هۆشداری دەدات و دەڵێت "هاوردەکردنی ئەم بەرهەمە کە بەقاچاخ لەژێر دەسەڵاتی (داعش)ەوە دێت زۆر مەترسیدارە، چونکە ئەگەری ئەوەی هەیە داعش بەئامانجی زیان گەیاندن بەهاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەرهەمەکە ژەهراوی بکات یان بۆمب لەنێو بەرهەمەکان دابنێت، بۆیە پێویستە لەسەر دەزگا ڕاگەیاندنەکان ئەم بابەتە زیاتر بورووژێنن و حکومەتیش بەدواداچوونی جددی بۆ بکات".

وادیارە هەرێمی کوردستان هاوتەریب لەگەڵ شەڕێکی گەرم لەگەڵ داعش، لە پەیوەندییەکی بازرگانی گەرموگوڕیشدا بێت لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە پاش ئاشکرابوونی بازرگانیکردن بە نەوت و پاشان غاز و ئینجا جۆ و ئێستاش هەنار.

نوری ئیسماعیل دەڵێت "پێویستە لەسەر پەرلەمان وەک چۆن بەدواداچوون دەکەن بۆ بازرگانیی نەوت و بەنزین لەگەڵ داعش، ئاواش بەدواداچوون بۆ بەقاچاخ هاوردەکردنی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی لەژێر دەسەڵاتی داعش بکەن کە لەلایەن هەندێ کەسی نەفسنزمەوە بازرگانییان پێوە دەکرێت، چونکە ئەمەش جۆرێکە لەخیانەت و سوودگەیاندن بەدوژمن".



هەناری سووری کە بازاڕەکانی شاری هەولێری پڕ کردووە (فۆتۆ:سێڤان محەممەد سەلیم)

### "بازگە و کەرەنتینەکان بەرپرسن"

حوسێن حەمەکەریم پێیوایە لەم بەقاچاخ هاوردەکردنەی هەناری سووری بەپلەی یەکەم بازگە و کەرەنتینەکان، دوای ئەوانیش لیژنەی بەدواداچوونی نرخ و تۆماری بەرهەمەکان لە گومرگەکان و لیژنەکانی چاودێری قایمقامەیەت بەرپرسن، چونکە "ئەگەر بازگە و کەرەنتینەکان ڕێگە بەقاچاخ هاوردەکردنی ئەم بەرهەمە نەدەن، هیچ کەس ناتوانێ وا بەئاسانی ئەم جۆرە بازرگانییە بکات".

نوری ئیسماعیل، بازگەکان بەهۆکاری سەرەکی بەقاچاخ هاوردەکردنی هەناری سووری دەزانێت و دەڵێت "لە بەدواچوونەکانمان بۆمان دەرکەوتووە ئەم بەرهەمە قاچاخانە لەڕێگەی بازگەکانەوە هاوردە دەکرێت، چونکە بازرگانەکان خۆیان دەڵێن لەڕێگەی پارەدان بە بازگەکان لۆرییەکان ئاودیوی هەرێمی کوردستان دەکەین".

دکتۆر تاریق ئەبو زێد، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر، ڕەتیکردەوە لەهیچ بازگەیەکی هەولێر هەناری سووری هاوردەی هەرێمی کوردستان کرابێت و دەڵێت "ئێمە هیچ بازگەیەکمان لەگەڵ داعش نییە و پێشمەرگە لە سنوورەکان لەبەرەی شەڕدان، پێشمەرگەش هەر لۆریەک ببینن سەت قازیفەی پێوە دەنێن، بۆیە بەهیچ شێوەیەک هیچ لۆریەک ڕێگەی پێنادرێت لە سنوورەکانی داعشەوە هەنار یان هەر شتێکی دیکە هاوردە بکات".

ئەم قسەیە لەکاتێکدایە کە هەناری سنووری لەڕێی فڕۆکەخانەوە نەهاتووەتە کوردستان.

### گومرگ ناتوانێت دەستی بەسەردا بگرێت

نەجمەدین عەبدوڵڵا، بەرپرسی لیژنەی دانانی نرخ و ئامار و بەدواداچوون لەگومرگی سەوزەو میوەی هەولێر، ڕایگەیاند کە ئەوان بەهیچ شێوەیەک لەکاتی دەوام ڕێگە نادەن لەهیچ نووسینگەیەکی فرۆشتنی میوە هەناری سووری بفرۆشرێت، ئەگەر هەر برە هەنارێکیش ببینن خاوەنەکەی ئاگادار دەکەنەوە کە جارێکی دیکە نەیفرۆشێت، گوتیشی "ئێمە فەرمانبەری ئاساییین، ئەو دەسەڵاتەمان نییە دەست بەسەر بارهەڵگرێکی باری هەناری سووریدا بگرین کە بەهاکەی زیاتر لە 30 هەزار دۆلارە، بۆیە پێویستە لەسەر بازگە و کەرەنتینە کشتوکاڵییەکان ڕێگە بەقاچاخ هاوردەکردنی ئەم بەرهەمە نەدەن".

### بە ئاشکرا و نهێنی دەیفرۆشن

لەکاتی بەدواداچوون بۆ بوونی هەناری قاچاخی سووری لەگومرگی هەولێر، دەرکەوت بەشێک لە نووسینگەکان هەناری سووری بە ئاشکرا و لەبەشێکی دیکەشیان بە نهێنی دەفرۆشرێت.

خاوەنی یەکێک لە نووسینگەکانی فرۆشتنی میوە کە زیاتر لە سێ تۆن هەناری قاچاخی سووری لە نووسینگەکەی بۆ فرۆشتن دانابوو، بەو مەرجە ڕازی بوو بۆ (ڕووداو) قسە بکات کە وێنەی هەنارەکەی نەگرین و ناوی خۆی و نووسینگەکەی بڵاونەکەینەوە. ئەو گوتی "خۆتان بەم شتە هیلاک مەکەن، مادام بابەتەکە پەیوەندی بە پارە و بەرتیلەوە هەیە، بەهیچ شێوەیەک قەدەغە ناکرێت".

سەبارەت بەو برە هەنارە قاچاخەی ڕۆژانە دەگاتە گومرگی هەولێر، ئەو خاوەن نووسینگەیە گوتی "هەموو شەوێک 5 بارهەڵگری پڕ لە هەنار بەقاچاخ دێت، بارهەڵگرەکانیش بەپارە و بەرتیل لە بازگە و پشتی بازگەکان دێنە ژوورەوە، تا ڕۆژ دەبێتەوە تەواوی هەنارەکەش دەفرۆشرێت و دەچێتە بازاڕەوە".



# "جوتیارانی کوردستان جۆی داعش بە حکومەت دەفرۆشنەوە"

## خاوەن نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشتنی دانەوێڵە:
## ڕۆژانە 4000 تۆن جۆ لەبن دەسەڵاتی داعشەوە دەهێنرایە هەولێر

**ساڵح قادر**
**ڕووداو- هەولێر**

بازرگانێکی دانەوێڵە ئاشکرای دەکات کە ژمارەیەک جوتیار لە کوردستان بڕە جۆیەتی زۆریان تەسلیمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە. دەشڵێت بازرگانەکانی دانەوێڵە بە نرخێکی هەرزان لە داعشیان کڕیوەتەوە و جۆیەکەیان لە بازاڕەکانی کوردستان ساخکردووەتەوە.

کاتێک داعش هێرشی کردە سەر مووسڵ و داگیری کرد، پرۆسەی وەرگرتنی دانەوێڵە لەو پارێزگایە لە قۆناغی سەرەتایدا بوو، دواتر چەکدارانی داعش دانەوێڵەی سایلۆکانی مووسڵ و بە تایبەتیش جۆیان هەرزانفرۆش کرد.

عەلی عەلاف، بازرگانێکی دانەوێڵەیە لە شاری هەولێر، ئەو دەڵێت داعش دوای ئەوەی شاری مووسڵی گرت، دەستیکرد بە فرۆشتنی جۆ و گەنمەشامیی سایلۆکانی پارێزگای نەینەوا کە ژمارەیان 5 سایلۆیە.

ئەو بازرگانە بەدڵنیاییەوە دەڵێت "تاوەکو شنگالیش نەگیرابوو، ئەو جۆ و گەنمە شامییە ڕاستەوخۆ لە مووسڵەوە دەهاتە شاری هەولێر و لە بازاڕدا ساخ دەکرایەوە، بەڵام دوای گرتنی شنگال ئەو ڕێگەیە داخرا، بۆیە دواتر ڕێگەی دیکەیان دۆزییەوە، لۆرییەکان دەچوونە باشووری عێراق و پاشان دەهێنرایەوە بۆ کەرکووک، ئینجا بۆ هەولێر".

بەپێی قسەی ئەو بازرگانە، ئەو جۆرە بازرگانییە تاوەکو هەفتەیەکیش لەمەوبەر بەردەوام بووە. ئێستا سایلۆکانی مووسڵ هیچ بڕە جۆیەکیان تێدا نەماوە و داعش هەمووی هەرزانفرۆش کردووە.

### "ڕۆژانە 4000 تۆن جۆی داعش دەهاتە هەولێر"

وەک عەلی عەلاف باسیکرد، جگە لە جۆی خۆماڵی، پێشتر جۆی تورکی دەهاتە بازاڕەکانی کوردستان، بەڵام بەهۆی هەرزانیی نرخی ئەو جۆیەی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە دەهات، ئەمساڵ جۆی تورکی نەهاتە بازاڕەکانی کوردستان.

بەپێی قسەی ئەو بازرگانە، ڕۆژانە 3000 — 4000 تۆن جۆ لە ژێر دەسەڵاتی داعش بار دەکرا و لە بازاڕەکانی کوردستاندا ساخدەکرایەوە.

سەبارەت بە نرخی ئەو جۆیەی لە ناوچەکانی بندەستی داعشەوە دەهات، عەلی عەلاف گوتی "ئەوان هەر تەنێکیان بە 150 هەزار دینار دەفرۆشت، بازرگانەکانیش کە سەرجەمیان عەرەب بوون، هەر تەنێکیان بە 200 — 250 هەزار دینار دەفرۆشتەوە".

نرخی هەر تەنێک جۆی تورکی بە 400 هەزار دینارە، حکومەتیش هەر تەنێک جۆ بە 572 هەزار دینار لە جوتیارانی کوردستان وەردەگرێتەوە.

عەلی عەلاف دەڵێت "ئەو جۆیەی لە مووسڵەوە دەهات، زۆر هەرزان بوو، نرخی هەر تەنێکی 150 دۆلار جیاوازیی هەبوو لەگەڵ بازاڕ". بەپێی قسەی ئەو بازرگانە "95%ی ئەو جۆیەی ئەمساڵ لە بازاڕەکانی کوردستان فرۆشراوە لە مووسڵەوە هاتووە، چونکە لە مووسڵ زیاتر جۆ دەچێنرێت".

وەک ئەو بازرگانەی دانەوێڵە باسیکرد، هاتنی ئەو جۆیە کاریگەری زۆری لەسەر بازاڕ هەبوو، بە جۆرێک نرخی یەک تۆن جۆی بۆ نزیکەی 200 هەزار دینار دابەزاند، بەڵام دوای تەواوبوونی ئەو جۆیە، ئێستا نرخی جۆ لە بازاڕ بەرزبووەتەوە و هەر تەنێک جۆ بە 400 هەزار دینارە.

سەبارەت بە چۆنیەتی کڕینی ئەو جۆیە، وەک عەلی عەلاف لە بازرگانەکان و جوتیارانی مووسڵی بیستووە، داعش ڕۆژانە جۆی سایلۆکانی خستووەتە مەزادەوە و بازرگانەکانیش کڕیویانە و دواتریش ناردوویانە بۆ پارێزگاکانی کوردستان، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگرییەکیان لێبکرێت. بۆ هەر لۆرییەکیش کە داخڵی کوردستان بووە، داعش بەپێی قەبارەی لۆرییەکە بڕی 100 تاوەکو 150 دۆلاری وەکو گومرگ وەرگرتووە.

هەرچەندە پێشتر وا بڵاوکرایەوە کە داعش سایلۆی مەخمووریشی بەتاڵ کردووە ئەوکاتەی لە مەخمووور بوون، بەڵام عەلی عەلاف دەڵێت "دەستیان لە سایلۆی مەخمور نەدابوو، مەخمور زوو ئازاد کرایەوە، لەو باوەڕەدام ئەگەر هەفتەیەک لەوێ مابانەوە ئەویشیان ساف دەکرد".

### "جۆی داعش دەدەنەوە بە حکومەت"

عەلی عەلاف باسی چۆنیەتی ساخکردنەوەی ئەو جۆیەی کرد لە بازاڕەکانی کوردستان و گوتی "ئاژەڵدارەکان بڕێکی زۆریان کڕییەوە، هەروەها هەندێک لە جوتیارەکانیش ئەو جۆیەیان کڕیوەتەوە و تەسلیمی سایلۆکانی کوردستانیان کرد". گوتیشی "دەتوانم بڵێم 50%ی ئەو جۆیەی حکومەت وەریگرتووە، ئەو جۆیەیە کە داعش هەرزانفرۆشی کردووە".

وەک پاڵپشتییەک بۆ جوتیارانی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ لە ڕێگەی سایلۆکانییەوە ساڵانە دانەوێڵەیەکی زۆر بە نرخی گرانتر لە بازاڕ لە جوتیارانی کوردستان وەردەگرێت.

عەلی عەلاف دەڵێت "هەر جوتیارێک پێناسی جوتیاری هەبێت و زەوی هەبێت، دەتوانێت دانەوێڵە تەسلیمی سایلۆکان بکات، ئینجا جوتیار هەبوو هەر بەرهەمیشی نەبوو دەچوو نووسراوێکی لە سایلۆ دەهێنا، پاشان نزیکەی 20 تۆن لەو جۆیەی بە نرخێکی زۆر هەرزان دەکڕی و بە 572 هەزار دینار بە حکومەتی دەفرۆشتەوە".

ئەو بازرگانە باسی فێڵێکی دیکەی هەندێک لەو جوتیارانەی کرد لە حکومەت و گوتی "وەسڵیان لە سایلۆ وەردەگرت، پاشان وەسڵەکەیان بە بازرگانەکان دەفرۆشتەوە و بۆ هەر تۆنێک 75 هەزار دیناریان لە بازرگانەکە وەردەگرت".

### کشتوکاڵ داوای بەڵگە دەکات

د.عەبدولڕەحیم عومەر، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی هەولێر ئاماژەی بەوەدا کە ئەمساڵ بڕی 13 هەزار تۆن جۆیان لە جوتیارانی شاری هەولێر وەرگرتووە. بەڵام ڕەتیکردەوە کە ئەو جۆیە لە بازاڕ کڕدرابێت.

ناوبراو گوتی "ژمارەیەک جوتیار هاتنە لای من گوتیان هەندێک جوتیار جۆیان لە بازاڕ کڕیوەتەوە و تەسلیمی وەزارەتی کشتوکاڵیان کردووە، منیش داوای بەڵگەم لێکردن بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەین، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک یەک بەڵگەی بۆ نەهێناوین".

### دانەوێڵەی جوتیارانی کورد لە دەستی داعشدایە

ئەو دانەوێڵەیەی کە کەوتە دەستی داعش تەنیا بەشی جوتیارانی پارێزگای نەینەوا نەبوو، بەڵکو بەشێکی هی جوتیارانی کورد بوو کە هەندێکیان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و هەندێکیشیان لە کوردستانن.

عەلی عەلاف باسی ئەو دانەوێڵەیەی کرد کە لە کوردستانەوە چووە بۆ بندەستی داعش و دەڵێت "لەبەرئەوەی سایلۆکانی عێراق ئاسانکاری زۆر بۆ وەرگرتنی دانەوێڵەی جوتیاران دەکەن و هەندێکیشیان بە بەرتیل پلەی دانەوێڵەکە بەرز دەکەنەوە، بۆیە بەرلەوەی داعش مووسڵ بگرێت، هەندێک لە جوتیارانی کوردستان دانەوێڵەکانیان تەسلیمی سایلۆکانی مووسڵ کرد". گوتیشی "بەڵام سەرجەم بەرهەمەکەیان فەوتا، چونکە نە داعش و نە حکومەتی عێراق ئامادەنین پارەی بەرهەمەکەیان بدەنێ".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (333) دووشەممە 2014/11/10

## "موعەلیم ئەو کەسە نییە کارتی نیشتیمانپەروەری دابەش بکات"



**رووداو- هەولێر**

گوتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەڵامێکی توندی وەلید موعەلیم، وەزیری دەرەوەی سووریا دەداتەوە، کە لە هەڤپەیڤینێکدا رەخنەی لە هاوکارییە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبانێ گرتبوو و گوتبووی "تاوەکو شەڕڤانانی کۆبانێ رۆژێک زیاتر بەرگری بکەن ئەوە شکستی زیاتری بارزانییە". گوتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان قسەکانی موعەلیم بە "چەواشەکارانە" و "نابەجێ" وەسفدەکات و دەڵێت "وەلید موعەلیم ئەو کەسە نییە کارتی نیشتیمانپەروەری دابەش بکات".

### (رووداو) ناوی دوو بانکەکە ئاشکرا دەکات

# کوردستان 5 ملیار دۆلار لە دوو بانکی نێودەوڵەتی قەرز دەکات

**نێچیرڤان بارزانی:** ئەگەر تاوەکو ئاداری داهاتوو 500 هەزار بەرمیلمان هەناردە نەکرد موحاسەبەمان بکەن

**د.فوئاد حوسێن:** بۆ کێشەی مووچە و نەوت عادل عەبدولمەهدی دەستپێشخەرییەک دەکات

**پەرلەمانتارێکی پارتی لە بەغدا:** عەبادی دەیەوێ هەیبەتی کورد بشکێنێ

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

چەند رۆژی داهاتوو، حکومەتی عێراق لەسەر کێشەی نەوت و بودجەی کوردستان "دەستپێشخەرییەک" رەوانەی هەرێمی کوردستان دەکات. پەرلەمانتارانی کوردیش لە بەغدا کە لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵوێستی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانن، دەڵێن عەبادی مووچەی کوردستان نادات. نێچیرڤان بارزانیش داوا دەکات خەڵکی باشووری کوردستان تاوەکو مانگی ئاداری داهاتوو چاوەڕێ بکەن.

ئێستا کێشەی هەرە دیاری هەولێر و بەغدا بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانە لەلایەن بەغداوە کە لە مانگی ئاداری رابردووەوە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی نەناردووە.

رۆژی 9/11/2014 پێنج لایەنی کوردستان (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، کۆمەڵ و یەکگرتوو) لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەئامادەبوونی هۆشیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق لەسەر کێشەی نەناردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان لە هەولێر کۆبوونەوە.

### شیعە: بودجە بەرامبەر نەوت

سەمیر سەلیم، یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتوو کە بە نوێنەرایەتی حیزبەکەی بەشداری کۆبوونەوەکەی کردبوو، رایگەیاند "نەک تەنیا سەرۆکی حکومەتی عێراق، بەڵکو تەواوی لایەنەکانی شیعە بەرامبەر مووچەی هەرێمی کوردستان یەکدەنگن کە دەبێ نەوت بەرامبەر بە بودجە بێ".

سەمیر سەلیم هەوڵێکی حکومەتی عێراقی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ئاشکرا کرد "بڕیارە شاندێکی حکومەتی عێراق بە پڕۆژەیەکەوە کە پەیوەندی بە مەسەلەی بودجە و مووچە و کێشەی نەوتەوە هەیە بێنە کوردستان". گوتیشی "هەولێریش قسە لەسەر پرۆژەکە دەکات و بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدات".

ئەو سەرکردەیەی یەکگرتووی ئیسلامی باسی هەڵوێستی لایەنە کوردستانییەکانی کرد بەرامبەر بەغدا "لە کۆبوونەوەکە بڕیاردرا کە یەکدەنگ و یەکڕیزیی کورد بەرامبەر بەغدا هێڵی سوورە، نابێ موغامەرە بکەین".

### وەزیری نەوت دەستپێشخەری هەیە

د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە بەشداربووە لە کۆبوونەوەکە، زانیاری زیاتر لەسەر پرۆژەکەی بەغدا دەخاتەڕوو "بڕیارە عادل عەبدولمەهدی، وەزیری نەوتی عێراق، دەستپێشخەرییەک پێشکەش بکات بۆ کێشەی نەوت و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان".

بڕیارە ئەمڕۆ (دووشەممە) ئەنجوومەنی باڵای نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان کە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی دەکات لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان باسی چۆنیەتی دانوستاندن بکەن لەگەڵ حکومەتی عێراق کە ئایا کوردستان دەتوانێ بەبێ بەغدا خۆی بەڕێوەببات یان نا؟

نێچیرڤان بارزانی لە پەرلەمانی کوردستان وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە کە ئایا چەند نەوت فرۆشراوە، بە کێ فرۆشراوە، چەند لە داهاتی نەوت گەیشتووەتە هەرێمی کوردستان و چەند پارەش لە هاڵک بانکدا ماوە کە داهاتی نەوتی کوردستان دەچێتە ئەو بانکە لە تورکیا، ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێ بەبێ بەغدا خۆی بەڕێوەببات؟

سەرچاوەیەکی باڵا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند "تورکیا هیچ پارەیەکی هەرێمی کوردستانی زەوت نەکردووە و نایکات، بەڵکو تورکیا هەموو داهاتی نەوت رەوانەی هەرێمی کوردستان دەکات و تەنیا 5%ی دەداتە قەرزی قەرەبووی کوێت".

### نێچیرڤان بارزانی دەڵێت چاوەڕێ بن

بەپێی پلان و بەرنامەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بڕیارە لەسەرەتای مانگی ئاداری داهاتوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە 500 هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشێ. سەرچاوە باڵاکە دەڵێ "بەو پێیە دۆخی هەرێمی کوردستان لە رووی ئابوورییەوە دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی".

ئەو سەرچاوەیە دەڵێت "نێچیرڤان بارزانی گوتی ئەگەر لە مانگی ئاداری داهاتوو 500 هەزار بەرمیل نەوتمان نەنارد، ئەوکات خەڵکی کوردستان مافی خۆیەتی موحاسەبەی حکومەت بکات".

سەمیر سەلیم بەرگری لە سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات کە تاکە سەرچاوەیە کورد پشتی پێ ببەستێ "هەرێمی کوردستان باجی داوە بۆ نەوت، بۆیە ناکرێ مەلەفی نەوت رادەستی بەغدا بکەین و بگەڕێینەوە بۆ خاڵی یەکەم".

فوئاد حوسێن دەڵێت "بەغدا دەیەوێ مەسەلەی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان وەکو کارتێک بەکاربهێنێ تاوەکو هەرێمی کوردستان ملکەچی بەغدا بێ بۆ مەسەلەی نەوت و غاز".

کورد رەخنە لە حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق دەگرن و دەڵێن بەڵێنەکانی بەرامبەر کورد نەبردە سەر. بڕیار وابوو، لەگەڵ دەستبەکاربوونی وەزیرانی کورد لە حکومەتی عێراق، حەیدەر عەبادی مووچەی دوو مانگی فەرمانبەرانی کوردستان رەوانە بکات، بەڵام نزیکەی مانگێکە وەزیرانی کورد دەستبەکاربوون و بەغدا ئەو بودجەیەی نەنارد.

### عەبادی دەیەوێ هەیبەتی کورد بشکێنێ

عەرەفات کەرەم، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، عەبادی بە کەسێکی "کەللەڕەق" ناودەبات و دەڵێ "ئەو مۆڵەتەی کورد دایناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا مانگێکی ماوە، عەبادیش دەیەوێ ئەو مۆڵەتە و هەیبەتی کورد بشکێنێ و بە کورد بڵێ بزانم ئێوە چ پیاوێکن".

ئەو پەرلەمانتارەی کورد لە بەغدا گوتی "حەشدی شەعبی و چەکدارە میلیشیاکان تاوەکو ئێستا نزیکەی دوو ملیار دۆلاریان بۆ خەرج کراوە، مالیکیش 10 ملیار دۆلاری خەرجکردووە، کەچی بۆ کورد دەڵێن مووچە نییە". ئەو پەرلەمانتارە داوا لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات ئەگەر بەغدا لەماوەی ئەو مانگەدا مووچەی نەنارد و داواکانی کوردی جێبەجێ نەکرد، ئەوا باشتر وایە کورد لە حکومەتەکەی عەبادی بکشێتەوە.

### مالیکی لە عەبادی نەرمترە

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق پێیوایە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشوو کە بەبڕیاری ئەو مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان بڕدراوە، لە عەبادی نەرمترە.

هۆشیار عەبدوڵڵا، لەبارەی سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق دەڵێت "عەبادی زۆر توندترە لە مالیکی، مالیکی هەندێجار بە زمانی عەشائیری هەندێ کێشەی چارەسەر دەکرد، بەڵام لای عەبادی ئەوە ناخوات". هۆشیار عەبدوڵڵا، بێ ئومێدە لە عەبادی "تا مەلەفی نەوت چارەسەر نەکرێ، عەبادی یەک دینار نانێرێت بۆ کوردستان".

### هەرێمی کوردستان 5 ملیار دینار قەرز دەکات

هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی بیری لە وەرگرتنی قەرز کردووەتەوە.

سەرچاوە باڵاکەی نزیک لە نێچیرڤان بارزانی ئاشکرای کرد کە "هەرێمی کوردستان وەکو قۆناغی یەکەم 5 ملیار دۆلار قەرز دەکات و قەرزەکەش بۆ مووچە نییە، بەڵکو بۆ ژێرخانی ئابووری و پرۆژەکانە و تاوەکو ئێستاش قەرزەکە وەرنەگیراوە، بەڵام دوو بانک رازین قەرزمان پێ بدەن".

ئەو سەرچاوەیە ناوی دوو بانکەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "(دۆیچە بانک)ی ئەڵمانی کە گەورەترین بانکی ئەوروپایە و بانکی (گۆڵدمان ساکس)ی ئەمریکی کە گەورەترین بانکی ئەمریکایە ئامادەن قەرز بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بدەن". گوتیشی "بۆ وەرگرتنی قەرزەکە پێویستە پەرلەمانی کوردستان یاسای وەرگرتنی قەرز پەسەند بکات کە ئێستا لە پەرلەمانە". دۆیچە بانک، سامانەکەی زیاتر لە دوو تریلیۆن دۆلارە و داهاتی ساڵانەشی 50 ملیار دۆلارە. هەروەها بانکی گۆڵدمان ساکس، سامانەکەی 828 ملیار دۆلارە و داهاتی ساڵانەی 28 ملیار دۆلارە.



(فۆتۆ:سیڤان محەممەد سەلیم)

### (رووداو) دەچێتە ئەو شوێنەی بازرگانییەکەی لێدەکرێت

# کەس لەسەر دۆسیەی بازرگانیی نەوت لەگەڵ داعش لە زیندان نییە

**مونەر ئەحمەد**
**رووداو- کەرکووک**

دەکرێت بە ناوچەکە بگوترێت "ناوچەی قەدەغەکراو" چونکە پێشمەرگە و داعش لە شوێنەکە نین. شوێنەکە ئەو تەنکەرانە پێیدا هاموشۆیان کردووە کە ماوەیەک لەمەوبەر هەرایەکی گەورەیان لە کوردستان نایەوە، دەگوترێ ئەو تەنکەرانە نەوتی بن دەسەڵاتی داعشیان بە چەند بەرپرسێکی کورد فرۆشتووە.

دوو کەس وەک رێنیشاندەر و شایەتحاڵ هاوکاریی تیمی (رووداو) بوون، پێویستت بە هەردووکیانە، بە تایبەت رێنیشاندەرەکە، چونکە ناوچەکە مینرێژکراوە.

لەو شوێنە دوو تانکەری سووتاوی لێیە کە لە ماوەی رابردوودا لەلایەن پۆلیسەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزا و ناحیەکان سووتێنراون.

شایەتحاڵەکە گوتی "ئەو دوو تەنکەرە یەکێکیان چەقی، چوون کرێنیان هێنا دەریبێنن، بەڵام پێیان دەرنەهێنرا، خاوەنی کرێنەکە دەیگوت فێڵیان لێکردم، گوتیان تەنکەرەکە بەتاڵە، کەچی پڕە لە سووتەمەنی، بۆیە بۆم دەرنایەت". وەک شایەتحاڵەکە باسی کرد، بە شێوەی قسەکردنەکەی بۆی دەرکەوتووە یەکێک لە شوفێری تەنکەرەکان هەولێری بووە.

بەپێی قسەی شایەتحاڵەکە، ئەو رۆژەی تەنکەرەکان هێنراون بۆ ئەو ناوچەیە، پێشمەرگە لە گوندی وەحدە کە نزیکە لە ناوچەکە، لە شەڕێکی قورسدا بووە لەگەڵ داعش و 22 پێشمەرگە شەهید بوون، کە تەرمی 11یان تاوەکو ئێستاش لەبن دەستی داعشدان، رێک لەو کاتەدا چەند بەرپرسێک خەریکی بازرگانیی نەوت بوون لەگەڵ داعش.

ئەو ناوچەیەی دوو تانکەرەکەی لێ سووتێنرابوو دەکەوێتە سنووری داقوق، چەکدارانی داعش ناوبەناو بە ناوچەکەدا دەسووڕێنەوە و پاشان ون دەبن، هیچ ئۆتۆمبێلێک ناوێرێت بچێتە شوێنەکە لە ترسی چەکدارانی داعش، بۆیە ناچار بووین نیو کاژێر بەپێ بڕۆین تاوەکو بگەینە لای تەنکەرە سووتێنراوەکان.

دوو تەنکەرەکە تابلۆکانیان لێکراوەتەوە، ئەم ناوچەیەش نزیک سنووری گوندی زەنقر و گوندەکانی کاکەییە. ئەم سنوورە تەنیا ناوچەیە کە هێزی پێشمەرگەی لێ نییە، ئەگەرچی داعش لێرەدا پێشڕەوی نەکردووە، بەڵام شوێنەکە لە سنووری داقوق تەنیا دەرچەیە کە داعش دەتوانێت نەوت و هەموو شتێکی دیکە لەگەڵ ئەو بەرپرسانەی کە بازرگانی لەگەڵ داعشدا دەکەن، بهێنێت و لە ناوچەی داقوقەوە رەوانەی بکات. شایەتحاڵەکە باسی چارەنووسی دوو شوفێرەکە دەکات کە یەکێکیان کورد بووە و دەڵێت لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوە دەستگیر کران. ئەوکاتەی دەستگیرکران هیچ زانیارییەکیان نەدرکاند "بەڵام دیاربوو بەرپرسی گەورەیان لە پشت بوو، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت ئەم ئیشە بکات، ئەمە ئیشێکی مەترسیدارە، ئەم ئیشە بە پیاوی فەقیر ناکرێت".

بەرپرسانی دەزگا ئەمنیەکان لە سنووری داقوق دەڵێن لە رۆژی 30ی ئەیلول 8 شۆفێریان دەستگیر کرد لەگەڵ تانکەرەکانیان کە هەندێک لەو تەنکەرانە سووتێنران، بەڵام پاش دوو رۆژ لە دەستگیرکردنی ئەو شۆفێرانە، بەفەرمانی دادوەر لەلایەن پۆلیسی داقوقەوە ئازاد کران.

پۆلا ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئاسایشی داقوق دەڵێت "هەرزانیارییەکمان لەسەرقاچاخچییەکان و باندەکان دەستبکەوێت کە بازرگانی بە نەوت بکەن، دەستبەجێ پۆلیس ئاگادار دەکەینەوە و بە هێزێکی هاوبەش دەردەچین، ئەم کارەشمان چەندین جار ئەنجامداوە، دەستبەسەر تەنکەرەکاندا دەگرین و شوفێرەکانیش دەستگیر دەکەین".

ناوبراو پشتڕاستیکردەوە کە شوفێری ئەو تەنکەرانەی نەوتی داعش دەگوازنەوە لەلایەن ئەوانەوە دەستگیرکراون، بەڵام دواتر بە بڕیاری دادوەری قەزای داقوق ئازادکراون "ئێمە 7 شوفێرمان گرتن، بەڵام دواتر هەر حەوتیان ئازاد کران".

(رووداو) بە تەلەفۆن زانیاری لە هەندێ لەو شۆفێرانە وەرگرت کە کاری هێنانی نەوتی داعش دەکەن بۆ سنووری هەرێمی کوردستان، ئەوان تەنیا گوتیان هەر تەنکەرێک سووتەمەنی بە 700 دۆلار دەگوازنەوە، لەوە زیاتر ئامادە نەبوون زانیاری بدەن.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) کە بەشێک لەو زانیاریانەش لەلای پەرلەمانی کوردستانە، ئەو بەرپرسانەی بازرگانییان لەگەڵ داعش کردووە لە نێو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا پلەدارن. هەرچەندە وەزارەتی ناوخۆ دەڵێت چەند کەسێکیان دەستگیرکردووە، بەڵام هیچ کام لەو بەرپرسە پلەدارانەی کە زانیاری و بەڵگەی سەلێمنراو هەیە لەسەر تێوەگلانیان لەو بازرگانییە، دەستگیرنەکراون.

هەریەک لە پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیان پێکهێناوە بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە، بەڵام ئەو دوو لیژنەیە کارەکانیان هێشتا تەواو نەبووە. بەپێی وتەی سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵگەکان لەسەر بازرگانیی بەرپرسانی کورد لەگەڵ داعش روونن.

شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتیەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "بڕێک لەو تەنکەرانە لەلایەن حکومەتەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، بۆیە بەڵگەکان روونن کە ئەو بازرگانییە کراوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە یاسا سەروەر بێ. هەروەها گرنگیشە بزانین بەکام یاسا سزا دەدرێن، بە یاسای تیرۆر یان یاسای سزادانی عێراقی، چونکە ئەمەی کە کراوە بازرگانییە لەگەڵ تیرۆرستاندا".

یاساناسان دەڵێن ئەوانەی بازرگانی لەگەڵ چەکدارانی داعش دەکەن دەبێت بەپێی یاسای تیرۆر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

عەبدولڕەحمان مستەفا، یاساناس و پارێزگاری پێشووی کەرکووک دەڵێت "ئەگەر دادوەر لەکاتی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە گەیشتە حەقیقەتێک کە شتێکی وا هەبووە و لەگەڵ لایەنێکی وەکو داعشدا ئەو مامەڵەیە کراوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەبێت بە یاسای تیرۆر دادگایی بکرێن".

ڕووداو
ژمارە (333) دووشەممە 2014/11/10

## بارزانی: چارەسەری کێشەی ئاوارەکان ئازادکردنی ناوچەکانیانە



**ڕووداو- هەولێر**

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەکاتی پێشوازیکردن لە گیۆرگ ئێنزوایلەر کونسوڵی نوێی ئەڵمانیا لە شاری هەولێر، ڕایگەیاند هاوکارییەکانی ئەڵمانیا بۆ پێشمەرگە کاریگەرییەکی باشی لە بەرەکانی شەڕدا هەبووە. هەروەها گیۆرگ ئێنزوایلەر گوتی "ئەڵمانیا بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی یارمەتیی سەربازی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، هەروەها هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان بۆ حەواندنەوەی ئاوارەکان". بارزانیش لەبارەی چارەسەرکردنی گرفتی ئاوارەکان ڕایگەیاند، کە چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی ئاوارەکان ئازادکردنی ناوچەکانیانە.

# حیزبەکان لەسەر چارەسەرکردنی دوو مووچە و "بندیوار" ڕێککەوتن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**



مشتومڕی "بندیوار" و دوو مووچەکان، چیدی لە بندیوارەکاندا نەماوەتەوە و پەرلەمان و حکومەت بە چڕی سەرقاڵن چارەسەری بکەن، ئێستا هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان کۆکن لەسەر ئەوەی حکومەت دەست بەچارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بکات کە باری شانی حکومەتی قورس کردووە، بەڵام هێشتا پەرلەمانتاران نەگەیشتوونەتە ڕێکاری کۆتایی شێوازی چارەسەرەکە.

شێرکۆ جەودەت، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکگرتوو، کات بە درەنگ دەزانێ بۆ ئاوڕدانەوەی جددی لە پرسی بندیوار و ئەوانەی زیاتر لە مووچەیەکیان هەیە "پرۆژە بڕیارێکمان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە بۆ ئەوانەی زیاتر لە مووچەیەکیان هەیە".

لە پرۆژە بڕیارەکەدا هاتووە "ئەوانەی 2 مووچەیان هەیە، ماوەی 2 مانگیان بۆ دەستنیشان بکرێت و پێیان بگوترێ کە مووچەکانیان ئاشکرا بکەن، ئەگەر لەو ماوەیە نەهات و یەکێک لە مووچەکانی هەڵنەبژارد، ئەوکات دەبێ بە توندترین شێوە سزا بدرێ".

ئەو پەرلەمانتارە هێما بۆ سزادانەکەش دەکات و دەڵێ "هەموو ئەو مووچانەی پێ دەبژێردرێ کە پێشتر وەریگرتوون، بەڵام ئەگەر لەو ماوەیە یەکێک لە مووچەکانی هەڵبژارد، سزا نادرێت و ئازادیشە لەوەی کام مووچەیان هەڵدەبژێرێ".

### 20 هەزار خانەنشینی سەربازی لە ساڵێکدا

عەلی حەمە ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە ئەوەی زیاتر قەیرانە داراییەکەی حکومەتی قورستر کردووە، بوونی ئەو هەموو مووچەخۆرە بێ بەرهەمانەی حکومەتن، جگە لە ژمارەیەکی زۆر خەڵک کە خانەنشین کراون بەبێ ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێشوێنەکانی خانەنشینی و دەشڵێ "ئەگەر بەراوردی نێوان ساڵی 2012 و 2013 بکەین، تەنیا لەماوەی ئەو ساڵەدا 20 هەزار کەس بەپلەی سەربازی خانەنشین کراون، بەوهۆیەوە 227 ملیار دینار بۆ مووچەی حکومەت زیادی کردووە".

عەلی حەمەساڵح دەپرسێت "ئایا ئەو دۆخەی کشتوکاڵ لە کوردستان بەرهەمی 15 هەزار فەرمانبەری وەزارەتی کشتوکاڵە؟ دۆخی کارەبا بەرهەمی 16 هەزار فەرمانبەرە؟ پیشەسازی و بازرگانی هەروا 6 هەزار فەرمانبەریان هەیە، بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری هەیە 40 کارمەندی هەیە، تەنیا 20یان دەوام دەکەن".

ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی گۆڕان، چارەسەری دەبڵ مووچەکان لەوەدا دەبینێ کە پێشتر شێرکۆ جەودەت باسیکرد، بەڵام لەبارەی بندیوارەکانەوە دەڵێ "با حکومەت بیانخاتە سەر کار نەک فەسڵیان بکات". وردەکاریی زیاتر لەوبارەوە بۆ چارەسەرکردن بەڕای ئەو ئەوەیە "وەزارەتەکان پرۆژەی وەبەرهێنانیان هەبێت و ئەو مووچەخۆرانەی پێبکەنە هێزی وەبەرهێن لە بەرامبەر ئەو مووچەیەی وەریدەگرن".

### "100 هەزار بندیوار و خانەنشین ڕاست نییە"

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیش لە پەرلەمانی کوردستان جەختدەکاتەوە لە پەلەکردن لە چارەسەری ئەو کێشەیە و دەشڵێ ئەو ژمارە قەبەیەی میدیاکان باسیدەکەن سەبارەت بە ژمارەی بندیوار و خانەنشینەوە ڕاست نییە "100 هەزار نابێت و کەمترە، بەڵام شتەکان قەبە کراون و دەبێ داتا و بەڵگە هەبن نەک لە خۆتەوە باسی ژمارە بکەیت".

بێگەرد تاڵەبانی هەروەها دەڵێ "ئێمە وەک فراکسیۆنی یەکێتی بڕوامان وایە لە مەسەلەی سیستمی خانەنشینکردن نادادپەروەریی هەیە و دەبێ چارەسەر بکرێ، پێمانوایە حکومەت خۆی دەتوانێ دەست بە لێپێچینەوە بکات و یاسای پەرلەمانی ناوێ".

بەڵام عەلی حەمە ساڵح دەڵێت بندیوار و دەبڵ مووچە 100 هەزاری تێپەڕاندووە و پێویستە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق لەگەڵ ئەو دۆخەی هەرێمی کوردستان بگونجێنین و بەو پێیە چارەسەری باش بدۆزینەوە. هەروەها دەڵێ "هەڵەیە ئەگەر حکومەت بیەوێ بە چارەسەرکردنی کێشەی بندیوارەکان، بێکاریی ڕووپۆشکراو زۆرتر بکات، فەرمانگەی وا هەیە 6 کارمەند لە ژوورێکدان و سێیان بێکارن، ئێستا حکومەت بندیوارەکان دەنێرێتە ناو فەرمانگەکان و ژمارەی ئەو 6 کەسە دەکاتە 12".

بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری کە بۆ پەرلەمانی کوردستان نێردراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ملیۆنێک و 400 هەزار مووچەخۆری هەیە کە 684 هەزاریان فەرمانبەرن. عەلی حەمە ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە زیاتر لە 100هەزار کەس بندیوار و خاوەنی دوو مووچە و 3 مووچەن و بندیواری وەزارەتەکانی پێشمەرگە و ئەوقاف و کارەبا و کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی، زۆرترینی ئەو مووچەخۆرانەیان تێدایە.

### "حکومەت خەریکی بندیوارەکانە"

پەرلەمانتارێکی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ سەردانی وەزیری داراییان کردووە و پێیانگوتووە دەست بە لێپێچینەوە بکەن لەو جۆرە مووچەخۆرانە "پێمانگوت دەتوانن وەک حکومەت و وەزارەتی دارایی دەست بە لێپێچینەوەی خۆتان بکەن و پێویست بەوە نییە چاوەڕوانی پەرلەمان بکەن بۆ یاسا و پرۆژە یاسا".

د.فرسەت سۆفی گوتیشی ئەوان لە فراکسیۆنی پارتی داوا دەکەن هەموو لایەنەکان هاوکاریی حکومەت بکەن بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو پرسە چارەسەر بکات "هەموو فراکسیۆنەکانیش کۆکین لەسەر ئەو بابەتە". ناوبراو دەڵێ بەبێ داتا و ئاماری تەواوی ئەوانەی مووچەی بندیوار وەردەگرن، یان دوو مووچەیان هەیە، حکومەت هیچی پێناکرێت، بۆیە ئێستا وەزیری دارایی سەرقاڵی ئەوەیە داتای هەموو وەزارەتەکانی پێبگات و دواتر هەمووی کۆدەکرێتەوە.

### "مووچە 60%ی بودجە دەبات"

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان دەڵێ، ناکرێ لێپێچینەوە بریتی بێت لە مووچەبڕینی خەڵک و دەبێت "قۆناغ بە قۆناغ چارەسەر بکرێت". حاکم ئەحمەد ئەنوەر، گوتیشی ئەوان وەک دەستەی دەستپاکی بەو پرسەوە خەریکن و چاوەڕوانن حکومەت داتا بەیسەکەی لەو بارەیەوە چارەسەر بکات "حکومەتی ئەلیکترۆنی بە ئاسانی دوو مووچە چارەسەر دەکات، بەڵام بندیوارەکان دەبێ دەرفەتیان پێبدرێ تاوەکو بگەڕێنەوە سەر وەزیفەکانی حکومەت".

لەساڵی 1992ەوە 471 پەرلەمانتار و 136 وەزیر خانەنشینکراون بە مووچەی زیاتر لە 5 ملیۆن دینار، ئەوە جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار، حکومەت ئێستا تێدەگات کە کۆڵە پشتەکەی لە کێشی خۆی قورسترە و دەبێ پێش ئەوەی بکەوێ سووکتری بکات.

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی دەڵێت "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەرکەوتووە 60%ی بودجەی کوردستان بۆ مووچەیە، لە کاتێکدا بەپێی ستانداردی جیهانی دەبێ 20% بۆ 25%ی بودجە بڕوات بۆ مووچە". وەک سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان گوتی، ئەگەر ڕێوشوێنی حکومەت مووچەبڕینی خەڵک بێت، ئەوە هەڵەیە "بەڵام دەکرێ کاریان بۆ بدۆزرێتەوە و لەبەرامبەردا ئەو مووچەیە لە حکومەت وەربگرن، یان لەڕێگەی کەرتی تایبەتەوە کاریان بۆ بدۆزرێتەوە".

# دۆسیەی شنگال پێش هەڵەبجە و ئەنفال دەکەوێ

## دیلەکانی داعش بەڵگە لەسەر شنگال دەدەنە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، وردەکاریی سەردانەکەیان بۆ لای داواکاری گشتیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە (لاهای) دەگێڕێتەوە و دەڵێت "دوای پەیداکردنی ژمارەیەک بەڵگەی نوێ، دۆسیەی بەجینۆسایدناساندنی تاوانەکانی شنگال نزیکتر بووەتەوە". سەرۆکی لیژنەی کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوانەکانی دژ بە کوردی ئێزدی لە پارێزگای دهۆک دەڵێ "ئەو کچ و کوڕانەی لەدەست داعش ڕزگار دەبن و دێنە لامان، سکاڵایان هەیە و بەڵگەی نوێمان بۆ دێنن".

سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان وایدەبینێ کە گەیشتنی هەواڵی بە جینۆسایدناساندنی کوشتوبڕی خەڵکی شنگال لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە نزیکە و پشت بەو بەڵگە بەهێزانە دەبەستێ کە پێشکێشی نووسینگەی زانیاری و بەڵگەنامەی داواکاریی گشتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییان کرد، کاتێک شاندێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی ئەو دادگایەیان کرد.

زیاتر لە 3 هەزار بەڵگەی جۆراوجۆر گەیشتوونەتە دەستی دادگاکە، بەڵام دوای گەڕانەوەی شاندەکەی پەرلەمان، حکومەتی هەرێمی کورستان ژمارەیەک بەڵگە و دۆکیومێنتی دیکەی ڕەوانە کردووە "لەنێو بەڵگەکانی حکومەتدا زانیاری زۆر گرنگ هەن، دواتریش سەنتەرێکی تایبەت بە کۆکردنەوەی بەڵگە و دۆکیومێنت لە شاری دهۆک کراوەتەوە و بەردەوامن لە وەرگرتنی بەڵگەنامە و سکاڵای قوربانییەکان و 83 کەیسی ئافرەتە ڕزگاربووەکانی دەستی داعشیشی دەستکەوتووە". سۆران عومەر هەروەها دەڵێ "هەواڵە ناخۆشەکە ڕەنگە پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێ". ئەگەر عێراق ئەندام نەبێ لەو دادگایەدا، ئەوا پێویستە داوای بە ئەندامبوون بکات، وەک سۆران عومەر باسیکرد، بە ئەندامبوونەکەی عێراق کلیلی زووتر چوونە ژوورەوەی دۆسیەکەیە، چونکە دەبێ عێراق بەفەرمی داوا بکات کە تاوانێکی گەورە لە شنگال ڕوویداوە، بەڵام گوتی "ئەگەر ئەوەش نەکات، هەردەبێت و کارەکە دەڕوات، چونکە ئەو دادگایە بۆخۆی بەڵگەنامەی زۆری دەستکەوتووە لەبارەی تاوانەکەوە".

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2002 دامەزراوە و 122 وڵات تێیدا ئەندامن. سیستمی دادوەریی ڕۆما بنەمای دادگاکەیە و 800 کارمەندی هەیە لە 100 وڵات. دادگاکە ئێستا 8 دۆسیەی لەبەردەستدایە لەبارەی تاوانە نێودەوڵەتییەکانەوە و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکات، یەکێک لەوانە کارەساتی شنگالە.

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ ئاماژە بۆ یاسا و ڕێسای کارکردنی دادگاکە دەکات کە بەوپێیەی لەساڵی 2002 دامەزراوە، تەنیا کار لەسەر ئەو دۆسییانە دەکات کە لەدوای 2002ەوە ڕوویانداوە، دەشڵێ "ئەوان کار لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال ناکەن، هەرچەندە ئێمە باسی ئەو دوو کارەساتەی کوردیشمان بۆ کردن".

هەرچەندە بەجیا چەند کەسێک وەک نوێنەری ئێزدییەکان چوونە ئەوروپا و سەردانی دادگەکەشیان کردبوو، بەڵام سۆران عومەر دەڵێ "ئەو دادگایە تەنیا مامەڵە لەگەڵ لایەنی فەرمی دەکات و ئێمە وەک لایەنی فەرمی ڕۆیشتبووین، نوێنەرێکی کوردی ئێزدیشمان لەگەڵ بوو".



(فۆتۆ:سیڤان محەممەد سەلیم)

**3000 بەڵگەنامە لەسەر شنگال گەیەنراونەتە دادگای لاهای**

لە مانگی ئابی ئەمساڵ، چەکدارانی داعش دەستیان گرت بەسەر شنگال و ناوچەکانی دەوروبەریدا و سەرباری بەکۆمەڵکوشتنی سەدان کەس لەسەر ئینتیمای ئاینی، سەدان کچی کەمینەی ئێزدیشیان وەکو تاڵانی برد. هێشتا بەشێکی زۆر لە خێزانەکانی ئەو ناوچەیە بە پەرشوبڵاوی ماونەتەوە و بەشێکی زۆر لە کچان و ژنانی کوردی ئێزدی لای داعش دەستبەسەرن و ناو بەناویش داعش ڤیدیۆی کڕین و فرۆشتنیان بڵاودەکاتەوە.

ڕۆژی 9/10/2014 شاندەکەی پەرلەمانی کوردستان چوونە ئەو دادگایە، وتووێژەکان چڕوپڕبوون و ئەوان لەوێ بۆیان دەرکەوت کە پێش ئەوەی چاویان بە نوێنەرایەتی پەرلەمان بکەوێ، بۆ خۆیان بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی گرنگیان پێبووە لەبارەی ئەو ڕووداوە.

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ دەڵێ دادگاکە لە 4 جۆر تاوانی نێودەوڵەتی دەکۆڵێتەوە، ئەوانیش کۆمەڵکوژی، تاوانی جەنگ، بەزۆر گۆڕینی ئاین و نانەوەی دڵەڕاوکێ بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی "هەرچوار جۆرەکەی تاوان لە دۆسیەی شنگالدا هەیە". هەر بۆیە پێیوایە بەوپێیەی ئێستا دادگاکە بەگەرمی سەرقاڵە بە شنگالەوە، دۆسیەی بەجینۆسایدناساندنی شنگال زووتر لە هەڵەبجە و ئەنفال، کاری لەسەر دەکرێت.

بەپێی ئەو زانیاریانەی (ڕووداو) دەستیکەوتوون، ئەو چەکدارانەی داعش کە بەم دواییانە کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە، فایلی شنگال بەتەواوی دەوڵەمەند دەکات. چونکە ناسنامەی چەند وڵاتێکی عەرەبییان پێبووە و دادگاکەش پێویستی بەوە هەیە تاوەکو وەک تاوانی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ بکات.

ئەو لیژنەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای دهۆک دروستی کردووە، دادوەرێک سەرپەرشتی دەکات کە کاری کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانە .ئەیمەن مستەفا، سەرۆکی لیژنەکە لە دهۆک بە چڕی سەرقاڵە بە کارەکەیەوە "بەڵگەی زۆر زۆرمان لایە و بەردەوامیش خەڵک دێن بۆ سکاڵا تۆمارکردن، ئەوانەی لە کوشتنی بەکۆمەڵ ڕزگاریان بووە، ئەوانەی ئاینیان پێ گۆڕیون، ئەوانەی لە کەسوکاریان دابڕاون، یان دەستدرێژییان کراوەتە سەر، یان برسێتی و زۆر ستەمی دیکەیان چەشتووە".

ئەو دادوەرە ناتوانێ ژمارەی سکاڵاکان ئاشکرا بکات و دەڵێ، هەموو تاوانەکان تاوانی جینۆسایدن "بەڵام ئێمە هێشتا نازانین لە کۆتاییدا چی لەو هەموو تاوان و بەڵگەنامە و سکاڵایانە دەکەین".

ئایا لە کۆتاییدا قوربانیان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ؟ نەسرەت بادی، بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان لە پارێزگای دهۆک، دەڵێت هێشتا بڕیارێک لەبارەی دۆسیەی شنگالەوە دەرنەچووە "دەبێ بچینەوە شنگال و گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵبدرێنەوە و قوربانییەکان سەرژمێر بکرێن". گوتیشی "بەدڵنیاییەوە ئەوانەی کوژراون، مەدەنییەکان دەبنە شەهیدی هاووڵاتی و چەکبەدەست و پێشمەرگەکانیش وەک شەهیدی سەنگەر مووچەیان بۆ دەبڕدرێتەوە".

ڕووداو
تۆپ ستۆری
ژمارە (333) دووشەممە 2014/11/10

## کونسوڵی میسر هەولێر جێدەهڵێت

**ڕووداو- هەولێر**

بەبۆنەی کۆتاییهاتنی کارەکانی لە هەرێمی کوردستان وەک کۆنسوڵی میسر، سلێمان عوسمان سەردانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد. کونسوڵی پێشووی میسر سوپاسی خۆی و وڵاتەکەی ئاراستەی بارزانی و هەرێمی کوردستان کرد، کە لە ماوەی کارکردنیدا هەماهەنگ و پشتیوان بوون بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و هیوایشی خواست ئەو پەیوەندییانە بەردەوام بن و بگەنە ئاستێکی بەرزتر. سلێمان عوسمان لە هاوینی ئەمساڵ هاوسەرگیریی لەگەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژ دڵنیا قەرەداخی کرد.



بەرپرسێکی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتن:

# ئەمریکا ناهێڵێت عەبادی وەکو مالیکی بەهێز بێت



- پارێزگاری مووسڵ باجی دەدایە داعش
- سوپای ئەمریکا بایی 200 ملیۆن دۆلار چەکی بۆ پێشمەرگە جێهێشتبوو
- داعش یەک ساڵی دیکە هیچ شوێنێکی بەدەستەوە نامێنێ

**ڕەوان نهێلی**
**ڕووداو- واشنتن**

کاروان زێباری، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆنگرێسی ئەمریکا، ئاشکرای دەکات کە دوای دەرچوونیان لە عێراق، هێزەکانی ئەمریکا بایی 200 ملیۆن دۆلار چەک و تەقەمەنییان بۆ کورد جێهێشتبوو، بەڵام مالیکی نەیدایە کورد. ئەو دەڵێت ئەگەر ئەو چەکە لە دەستی پێشمەرگە بووایە، شنگال و زوممار داگیر نەدەکران.

کاروان زێباری دەڵێت دوای شکستی سوپای عێراق لە شەڕی داعش، بەرپرسانی ئەمریکا گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە کاتی خۆیان بە فیڕۆداوە لە عێراق و خوێنی سەربازەکانیشیان بەهەدەر چووە، ئەوان باوەڕیان وایە تاکە هێزێک کە شایستەی پاڵپشتیی ئەمریکا بێت هێزی پێشمەرگەیە "چونکە پێشمەرگە شەڕ دەکات و سەنگەر چۆڵ ناکات، بەتایبەتی ئەگەر چەکێکی باشی هەبێت". بەڵام گوتی "ئەمریکا تێبینی لەسەر گەیشتنی چەکەکە هەیە کە نابێ تەنیا بۆ هێزێکی کوردی بێت، بەڵکو دەبێت بدرێتە وەزارەتی پێشمەرگە".

کاروان زێباری باسی چۆنیەتی پێدانی چەک دەکات بە پێشمەرگە و دەڵێت "لەسەرەتای مانگی ئاب، وەزارەتی پێشمەرگە نووسراوێکی بۆ ناردین، داوای کەلوپەلی سەربازیی کرد، ئێمەش نووسراوەکەمان نارد بۆ کۆنگرێس و پێنتاگۆن و کۆشکی سپی، ئەوانیش ڕازی بوون بە ناردنی چەک".

بەڵام گوتی "چەکەکان ئەمریکی نەبوون، بەڵکو ئەمریکا لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی خۆی چەکی بۆ پێشمەرگە نارد". هۆکاری ئەمەش ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "لەبەرئەوەی ئەو چەکەی پێشمەرگە بەکاریدەهێنا چەکی ڕووسی بوو، بۆیە نەدەکرا دوو جۆرە چەک (ڕووسی و ناتۆ) لە دەستی پێشمەرگەدا بێت، بەڵام ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین چەکی پێشکەوتوو بدرێتە پێشمەرگە".

کاروان زێباری گوتی "مانگی ئەیلولی ڕابردوو وەزارەتی پێشمەرگە نووسراوێکی دیکەی نارد و داوای چەکی ئەمریکی کرد. لەو ماوەیەدا بارزانی هەر بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ دوو ژەنەڕاڵی ئەمریکی کۆبووەتەوە".

### پارێزگاری نەینەوا باجی دەدایە داعش

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە کاروان زێباری لە ئەمریکییەکانی دەستکەوتووە، ئەمریکا ساڵێک لەمەوبەر هەستی بە جموجوڵی داعش کردووە لەعێراق و نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراقی لێ ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام ئەو گوتوویەتی مووسڵ لەژێر کۆنترۆڵدایە.

کاروان دەڵێت "ئەمریکییەکان زانیاری هەواڵگرییان هەبوو کە داعش بەهێزە لە نێو مووسڵ و باجیان لەدوکاندارەکان وەردەگرت، هەتا باجیان لە فەرمانبەرانیش وەردەگرت، تەنانەت ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری مووسڵیش باجی دەدایە داعش".

هەروەها دەڵێت "کاتێک واشنتن پەیوەندی بە نوری مالیکییەوە کرد کە هێز بنێرێت بۆ مووسڵ بۆ ئەوەی داعش بەهێزتر نەبێت، مالیکی گوتی مووسڵ پارێزراوە".

### بەشی پێشمەرگە لە تاجی دانرابوو

کۆتایی ساڵی 2011 هێزەکانی ئەمریکا پاش دەستبەکاربوونی باراک ئۆباما وەک سەرۆکی نوێی ئیدارەی ئەمریکا لە عێراق کشانەوە، لەدوای خۆیان ژمارەیەکی زۆر چەک و جبەخانەی سەربازییان جێهێشت بۆ حکومەتی عێراق کە دەبوایە ئیدی بە تەنیا ئەرکی پاراستنی ئاسایش بگرێتە ئەستۆ.

کاروان دەڵێت "ئەمریکا نزیکەی 25 ملیار دۆلاری لە سوپای عێراق خەرج کرد، کاتێکیش لە عێراق دەرچوو، ژمارەیەکی زۆر چەک و جبەخانەی جێهێشت، بایی نزیکەی 200 ملیۆن دۆلار چەکی بۆ پێشمەرگە لە ناوچەی تاجی دانابوو، بەڵام مالیکی ئەو چەکانەی نەدایە پێشمەرگە".

کاروان پێیوایە ئەگەر ئەو چەکە گەیشتبایە دەست پێشمەرگە داعش نەیدەتوانی زوممار و شنگال و ناوچەکانی دیکەی کوردستان داگیربکات.

### ئەمریکا دژی سەربەخۆیی نییە

تاوەکو دێت پەتی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا باریکتر دەبێتەوەو هەرێمی کوردستان هەنگاو بە هەنگاو لە ئابوورییەکی سەربەخۆ نزیک دەبێتەوە، ئەویش لەڕێگەی هەناردەکردنی نەوت. هەندێک لە چاودێران پێیانوایە کات گونجاوە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی.

بەڵام کاروان زێباری دەڵێت "ئێستا داعش دراوسێی کوردستانە، ئەگەر بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە دەبێت بزانن داعش دراوسێیانە، پێویستە پێشتر داعش لەنێو ببرێت، ئینجا بیر لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بکرێتەوە".

سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمریکا لە سەربەخۆیی کوردستان، کاروان زێباری دەڵێت "ئەمریکا نابێتە ئاستەنگ لەبەردەم سەربەخۆیی کوردستان. ئێمە لە سەرەتای مانگی تەمموزی ئەمساڵ لەگەڵ جۆ بایدن، جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا کۆبووینەوە، ئەو گوتی ئەمریکا ڕێگر نییە لەبەردەم سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام پێمانباشە کورد بەشدار بن لە حکومەتی عێراق و کار لەسەر ڕیفراندۆمیش بکەن".

### کەی داعش تەواو دەبێت؟

داعش زۆر بەخێرایی گەورە بوو، بەڵام بۆچوونی جیا هەیە لەبارەی لەناوچوونی، هەندێک کەس پێیانوایە هەویری داعش ئاوی زۆری دەوێت. بەڵام هەن دەڵێن تەمەنی درێژ نابێت.

سەبارەت بە بۆچوونی ئەمریکا لەسەر کاتی لەناوبردنی داعش، زێباری دەڵێت "ئەمریکا سێ ساڵی داناوە بۆ لەناوبردنی داعش، بەڵام هەتا ساڵێکی دیکە داعش هیچ شوێنێکی بەدەستەوە نامێنێت، تەنیا بەردەوام دەبێت لە کردەوەی خۆکوژی و چاندنی بۆمب".

### ئەمریکا ناهێڵێت عەبادی بەهێز بێت

ئێستا مالیکی بە بەرپرسیاری ئەو چارەنووسە دەزانرێت کە عێراق تێیکەوتووە، بەو پێیەی زۆربەی پایەکانی دەسەڵاتی لە عێراق قۆرخکردبوو، لەوانەش هێز و پارە، هەروەها کورد و سوننەشی پەراوێز خستبوو، ئێستا خەڵک دەپرسن ئایا عەبادیش بە هەمان ڕێگەی مالیکیدا دەڕوات یان نا.

کاروان زێباری دەڵێت "ئەمریکا ناهێڵێت حەیدەر عەبادی وەکو مالیکی بەهێز بێت. دەستووری عێراق ناهێڵێت هیچ سەرکردەیەک بەهێز بێت، بەڵام مالیکی گوێی بەدەستوور نەدەدا، ئێستا ئەمریکا دەیەوێت عەبادیش وەکو مالیکی بەهێز نەبێت، ئەویش لە ڕێگەی دابەشکردنی هێز بەسەر پارێزگاکاندا".

کاروان زێباری باسی ڕۆڵی بارزانی دەکات لە هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ کۆبانی و دەڵێت "ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا، چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانی پێویستی بە ڕازیبوونی سەرۆک بارزانی و عێراق و تورکیا و ئەمریکا هەبوو، ئەمریکا فشارێکی زۆری خستە سەر تورکیا بۆ ئەوەی ڕازی بێت، چونکە شەڕڤانان تەنیا بەشی چەند ڕۆژێکی کەم فیشەکیان مابوو".

### بەیان شوێنی قوباد دەگرێتەوە

لەوەتەی قوباد تاڵەبانی نوێنەری پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا گەڕاوەتەوە کوردستان، شوێنەکەی بە بەتاڵی ماوەتەوە. زێباری باسی گرنگیی پڕکردنەوەی ئەو پۆستە دەکات و دەڵێت "ئەمە دوو ساڵ و دوو مانگە ئەو پۆستە بەتاڵە، مەعقول نییە ئەو پۆستە گرنگە وا بە بەتاڵی بمێنێتەوە، چونکە ئەو پۆستە لەبەرامبەر باڵیۆزێکە. بەپێی زانیاری ئێمە بەیان سامی عەبدولڕەحمان لەسەرەتای ساڵی داهاتوو ئەم پۆستە وەردەگرێت".

# شنگال و کۆبانی ڕای چەپەکانی بەریتانیا دەگۆڕن



**هارڤی مۆریس**
**ڕووداو- واشنتن**

گرووپێک لە پەرلەمانتاران و ئەندامانی پارتی کرێکارانی بەریتانی داوایەکی بەپەلەیان بڵاوکردەوە بۆ ناردنی هاوکاریی زیاتر بۆ کوردی سووریا و هەرێمی کوردستان کە لە دژی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دەجەنگن.

لە نامەیەکی کراوەدا بۆ بزووتنەوەی کرێکاران کە پێکدێت لە باڵی سیاسی و سەندیکا و لایەنگرانی پارتەکە، واژووکەرانی ئەو نامەیە داوا لە حکومەتی بەریتانیا دەکەن یارمەتی زیاتر بە چەکی قورسیشەوە بگەیێندرێتە ئەو کوردانەی لە هەرێمی کوردستان و کۆبانێ شەڕی داعش دەکەن.

هەروەها داوا لە حکومەتی بەریتانی دەکەن فڕۆکە جەنگییەکانی بەکاربهێنێ بۆ لێدانی چەکدارانی داعش لە عێراق و سووریا.

پارتی کرێکارانی بەریتانی و چەپەکانی بەریتانیا بە گشتی، هەمیشە هەوڵیانداوە خۆیان بە دووربگرن لە هەر دەستێوەردانێک لە عێراق و سووریا، لە ڕابردووشدا دژی جەنگی عێراق و ئەفغانستان بوون.

ساڵی ڕابردوو ئەو پارتە پرۆژە پێشنیازێکی ڕەتکردەوە بۆ بەشداریکردن لەگەڵ ئەمریکا لە ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی لەدژی ڕژێمەکەی ئەسەد بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی. نەبوونی خواستی بەشداریکردن لەلایەن بەریتانیاوە فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ پاشەکشێی ئۆباما لە سزادانی دیمەشق لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی.

مانگی ئەیلولی ئەمساڵ، دەیڤد کامیرۆن، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کە لە پارتی پارێزگارانە، بەزۆرینەی دەنگ لەلایەن پەرلەمانی وڵاتەکەیەوە پشتگیری کرا بۆ ئەنجامدانی هێرشی سەربازی لەدژی داعش لە عێراق. بەڵام 24 ئەندامی پارتی کرێکاران لەدژی ئەو بڕیارە دەنگیان دا.

17 کەسی دیار لەنێو واژووکەرانی نامەکە کە خەڵکی بەریتانیان و ئەندامی پارتی کرێکارانن نووسیویانە: "کورد لە کۆبانێ و لە هەرێمی کوردستان بە ئێزدی و مەسیحی و کەمینەکانی دیکەوە لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگێکی نێودەوڵەتیدان لە دژی فاشیترین گرووپی ئەم سەردەمە". نامەکە جەخت دەکاتەوە "پێویستە یارمەتییان بدەین، پێویستە داوا لە جیهان بکەین یارمەتییان بدەن، بۆ دابینکردنی ئەم یارمەتییەش دەبێت هەموو ئامرازێکی پێویست بەکاربهێنرێت". بزووتنەوەی کرێکاران بزووتنەوەیەکی نێونەتەوەییە و بە قووڵی لە ئازاری ژێردەستەکان تێدەگات.

لە نامەکەدا نووسراویشە "وێنەی داپیرەو باپیرەکان کە شانبەشانی کوڕ و کچەکانیان دەجەنگن و دەکوژرێن شتێکی زۆر مەحاڵە بۆ ئێمە لێی تێبگەین لە بەریتانیا".

"وێنەکانی سەربڕین و لاشەی ئافرەتان بە مردوویی کە مەمکیان بڕاوە و پیاوان کە چاویان دەرهێنراوە، ڕفاندن و فرۆشتنی کچان، کوشتنی بە کۆمەڵ و جێنۆساید و سووتانی پێستی مرۆڤ بە ماددەی کیمیاویی ئەسید زۆر مەترسیدارن بۆ چەپەکانی بەریتانیا کە دوودڵبن لە وەڵامدانەوە".

نیک کۆهین، کە کەسێکی ناسراوی چەپی بەریتانییە و بەردەوام سەرزەنشتی چەپەکانی کردووە بەهۆی سازشەکانیان لە بەرامبەر ئیسلامیە توندڕەوەکان، پێشوازی لەو هەنگاوە کرد و بە "تروسکاییەکی بەرەبەیان" ناوی برد.

لەسەر ئەو نامە کراوەیە کە لە گۆڤاری "سپێکتەتەر" بڵاوکرابووەوە، کۆهین نووسیبووی "ئەو بەدەنگهاتنەی ئەمڕۆ لەلایەن هاودۆستانی کورد لە پارتی کرێکاران هێمایە بۆ ئەوەی کە تەنیا یەک چەپ نییە، بەڵکو ژمارەیەک چەپ هەن و هەموو ئەوانەی لایەنگری پارتی کرێکارانن ڕازی نین بەو سازشانەی لە دەیەی ڕابردوودا لەلایەن ئەم پارتەوە کراون. بە ساویلکەیەکی خۆشباوەڕ بانگم بکەن، ڕەنگە واش بێت، بەڵام ئەمە هێمایە بۆ ئەوەی سیاسەتی چەپەکان کەمێک باشتر بووە".

ڕووداو
ژمارە (333) دووشەممە 2014/11/10

## ئێران مۆڵەت ناداتە پارتێکی کوردی



**ڕووداو- هەولێر**

ساڵێک بەسەر داواکاری ژمارەیەک چالاکڤانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی حیزبی سیاسی تێدەپەڕێت، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی ئێران هێشتا بە فەرمی وەڵامی ئەو داواکارییەی نەداوەتەوە. ئەو چالاکڤانانە کە زۆربەیان ئەندامی بەرەی یەکگرتووی کوردن دەڵێن "وەزارەتی ناوخۆ بە پێچەوانەی یاسا هەڵسوکەوت دەکات و دەبووایە تاوەکو ئێستا وەڵامی ئەوانی دابایەوە". پێشتر وەزارەتی ناوخۆی ئێران بە بیانووی هەبوونی وشەی "کورد" لە ناوی حیزبەکە داواکاری ئەو چالاکڤانانەی ڕەتکردبووەوە، بۆیە ئەمجارە بە ناوی "حیزبی یەکگرتووی نەتەوەیی" داوای مۆڵەتیان کردووە.

### ئەنوەر موسلم، سەرۆکی کانتۆنی کۆبانی:

# 30 %ی کۆبانی لە دەستی داعش دەرهێنراوەتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

ئەنوەر موسلم، سەرۆکی کانتۆنی کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان داوای هاوکاری نێودەوڵەتی و چەک و تەقەمەنی زیاتر دەکات بۆ شکاندنی چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام.

ئەو سوپاسی ئەمریکا دەکات کە چەک و تەقەمەنی بۆ شەڕڤانانی ڕۆژئاوا ناردووە و هەروەها سوپاسی هێزی پێشمەرگە دەکات کە هەفتەی ڕابردوو لە سنوورەکانی تورکیاوە پەڕینەوە ڕۆژئاوا بۆ هاوکاریی کۆبانی و بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکانی داعش.

موسلم لە هەولێر بوو بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێک، ئەو دەڵێت یەکینەکانی پاراستنی گەل ئێستا خۆیان بە بەشێک لە هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بۆ تێکشکاندنی داعش دەزانن.

کۆبانی و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ ماوەی چەند مانگێک لە ژێر گەمارۆی داعشدا بوون و هیچ و کەس و لایەنێک هاوکاری بەرگریکارانی شارەکەی نەکرد. بەهۆی هاوکاری سەربازیی ئەمریکا و ڕۆیشتنی هێزی پێشمەرگەوە ئێستا شارەکە وا زیاتر لە 50 ڕۆژە لەبەرامبەر هێرشی داعشدا خۆی ڕاگرتووە.

لە ڕۆژی دووەمی کۆنفرانسەکەدا کە لەلایەن دەزگای لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ڕێکخرابوو، موسلم ڕایگەیاند کە ئێستا نزیکەی 30%ی کانتۆنی کۆبانی لەژێر چنگی داعش دەرهێنراوە.

موسلم گوتی "ئێمە سوپاسگوزاری هەموو هاوکارییە نێودەوڵەتیەکانین، بەتایبەتی ناردنی چەک و تەقەمەنی".

بەهۆی کەمبوونەوەی فیشەک زۆری نەمابوو ئەو شارە کوردییە بکەوێتە دەست چەکدارانی داعش کە لە سێ لاوە گەمارۆ درابوو. بەڵام فڕۆکەکانی ئەمریکا چەکیان گەیاندە شەڕڤانان و پەرلەمانی کوردستانیش ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر پرۆژە بڕیارێک بە مەبەستی ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ پشتیوانی لە شەڕڤانانی YPG.

تەنیا ڕێگایەک بۆ گەیشتی پێشمەرگە بە کۆبانی، خاکی تورکیا بوو، ئەمەش کاتی ویست تاوەکو بەرپرسانی تورکیا ڕازی بوون لەسەر تێپەڕینی 150 پێشمەرگە بە نێو خاکەکەیاندا بۆ کۆبانی.

لەوەتەی پێشمەرگەش گەیشتوونەتە ئەوێ، چەکدارانی داعش هیچ پێشڕەوییەکیان نەکردووە، بگرە بەرە بەرە لە شارەکە دەکشێنەوە. ژمارەی قوربانیانی شەڕڤانانیش بەراورد بە کاتی پێش چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانی ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە.

هاوئاهەنگی ئەمریکا و هێزی پێشمەرگە لەگەڵ یەپەگە لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا ئاماژە بە گۆڕانکارییەکی مەزن لە هەڵوێستی ئەمریکادا دەکات بەرامبەر بە یەپەگە. بەهۆی نزیکی یەپەگە لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) پێشتر ئەمریکا خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هێزە دەپاراست. ئەویش بەهۆی ئەوەی کە پەکەکە لەلایەن واشنتن و ئەنقەرەوە وەکو ڕێکخراوێکی "تیرۆریستی" ناسێنراوە.

ماکس هۆفمان لە سەنتەری پێشکەوتنی ئەمریکا بە ئامادەبووانی کۆنفرانسەکەی ڕاگەیاند: "ئەو پەیوەندییە سیاسییەی نێوان ئەمریکا و یەپەگە مۆدێلێکی نوێی سیاسی لە واشنتن دروست دەکات، ئەویش گەڕانە بە دوای شەراکەت لەگەڵ گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی سووریادا".

گالیپ دالای لە تینک تانکی تورکی SETA بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند، مەشقپێکردنی پێشمەرگە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە لەسەر چەکی قورس کە بڕیارە لە چەند مانگی داهاتوودا تەواو ببێت "هێزێکی زۆر دەداتە نەتەوەی کورد".

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو مەحمود بەرخودان، فەرماندەیەکی یەپەگە بە ئاژانسی هەواڵی فورات نیوزی ڕاگەیاند کە پێشمەرگە "چەکی قورسیان هەیە و ئەو چەکانە بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەکاردەهێنن لە کۆبانی".

ئەو هەروەها گوتی "ئێمە وەکو یەک سوپا شەڕ دەکەین، نەک دوو هێزی جیاواز کە لە ڕێگەی ژووری ئۆپەراسیۆنەوە کارەکانی ڕێکبخات. پێشمەرگە هەرشتێکیان لێ داوا بکرێت بەبێ گوێدانە گیانی خۆیان دەیکەن".

### ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ:

# داعش منداڵانی کوردی لە کۆبانی ئەشکەنجە داوە



فۆتۆ: (AFP)

**شەرمیلا دێڤی**
**ڕووداو- هەولێر**

لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا کە هەفتەی ڕابردوو بڵاویکردەوە، ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ (human rights watch) ڕایگەیاند کە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەشکەنجەی ئەو منداڵە کوردانەیان داوە کە بۆ ماوەی چوار مانگ لە نزیک کۆبانێ دەستبەسەر بوون.

هەروەها ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤی سووری بڵاویکردەوە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو 93 منداڵی کورد لەلایەن (داعش)ەوە ئازادکران، بەڵام هۆکاری ئازادکردنەکەیان ئاشکرا نییە. ئەو 93 منداڵە بەشێک بوون لەو 160 منداڵەی لە مانگی شوباتی ئەمساڵ لەسەر ڕێگەیەک بۆ باشووری کوردستان ڕفێنران.

ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ لە 29ی مانگی ڕابردوو لە تورکیا چاوپێکەوتنی لەگەڵ چوار منداڵ ئەنجامدا کە تەمەنیان لە نێوان 14 تاوەکو 16 ساڵدا بووە و ئەو منداڵانە بەشێک بوون لە 153 منداڵی کورد کە لە 29ی مایسی ئەمساڵ لەلایەن (داعش)ەوە ڕفێنران.

ئەو منداڵانە بە کارمەندانی ڕێکخراوەکەیان گوتووە کە بە سۆندە و کێبڵی کارەبایی لێیاندراوەو ناچارکراون تەماشای گرتە ڤیدیۆییەکانی داعش لە کاتی سەربڕینی بارمتەکان بکەن.

داعش چەندین منداڵ و ژن و پیاوی دیکەی لە گوندەکانی نزیک کۆبانێ گرتووە. وادەردەکەوێ زۆربەیان هێشتا لە دەستی چەکدارانی (داعش) دا بن تاوەکو دیل بە دیلیان پێبکرێت لەگەڵ ئەو چەکدارانەی داعش کە لەدەستی یەکینەکانی پاراستنی گەلدان.

"لەسەرەتای دەستپێکردنی ڕاپەڕینەوە، منداڵان لە سووریا ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجە دەبنەوە، سەرەتا لەلایەن چەکدارەکانی ئەسەد و ئێستاش لەلایەن چەکدارانی داعش". ئەمە قسەی فرێد ئەبراهام ڕاوێژکاری مافەکانی منداڵە لە ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ. گوتیشی "بەڵگەکانی ئەشکەنجەدان و ئازاردانی منداڵان لەلایەن داعشەوە ئەو پەیامە دەدات کە بۆچی نابێت هیچ کەس و لایەنێک پشتگیری تاوانەکانی ئەو گرووپە بکەن".

لە 29ی مایسی ئەمساڵ، چەکدارانی داعش 250 قوتابی کوردیان لە کۆبانێ دەستبەسەر کرد، لەکاتی گەڕانەوەیان بەرەو ماڵەوە پاش تەواوکردنی تاقیکردنەوەی قوتابخانە لە شاری حەلەب. پاش چەند کاژێرێک هەموو کچەکان ئازاد دەکەن کە ژمارەیان 100 کچ بووە، بەڵام کوڕەکان کە ژمارەیان 153 قوتابی بووە دەبرێنە قوتابخانەیەکی شارۆچکەیەک کە 55 کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژئاوای کۆبانێ دوورە.

نزیکەی 50 لەو کوڕانە لە نێوان مانگی حوزەیران و ئەیلولی ئەمساڵدا هەڵهاتوون یان دواتر ئازاد کراون. نزیکەی 15 منداڵیان لە بەرامبەر چەند دیلێکی داعش کە لەدەست یەکینەکانی پاراستنی گەلدا بوون ئازاد کراون. لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا داعش باقی منداڵەکان کە ژمارەیان 75 منداڵ بووە ئازاد دەکات، بەوانەشەوە کە لەلایەن هیومان ڕایتس وۆچ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە. ئەو چوار منداڵە هۆکاری ئازادکردنەکەیان نەزانی.

چەکدارانی داعش لە قوتابخانەکەی شارۆچکەی مەنبج لەو منداڵانەیان داوە کە هەوڵی هەڵهاتنیان داوەو لە وانەکانی ئاین باش نەبوون. منداڵەکان گوتیان، داعش بەتایبەت مامەڵەی زۆر خراپی لەگەڵ ئەو منداڵانە کردووە کە کەسوکاریان لە ریزی یەپەگە-دا بوون.

یەکێک لە منداڵەکان کە تەمەنی 15 ساڵ بوو، گوتی "زیاتر ئەو منداڵانە ئەشکەنجە دەدران کە کەسوکاریان لە ریزەکانی یەپەگە بوون. داعش پێیاندەگوتن دەبێت ناونیشانی ماڵی ئامۆزا و مامەکانیان بدەن. پێیاندەگوتن کە دەڕۆنە کۆبانێ و دەیانگرن و پارچە پارچەیان دەکەن. ئەوان یەکینەکانی پاراستنی گەل بە کافر دەزانن".

منداڵەکان گوتیان کە ناوبەناو دایک و باوکیان سەردانیان دەکردن، یان بە تەلەفۆن پەیوەندییان پێوە دەکرا. بەڵام ڕێگەیان پێنەدراوە بە زمانی کوردی قسە بکەن".

ئەو کوڕە تەمەن 15 ساڵە گوتی "چەکدارەکانی داعش بە کێبڵی کارەبایی لە دەست و پشت و ژێر پێی منداڵەکانیان دەدا. یەکێک لە منداڵەکان کاتێک بە دەنگی نزم لەبەر خۆیەوە گوتی: ئۆف دایکە، هەردوو دەستیان لەپشتەوە بە قاچیەوە بەستەوەو پێیانگوت دەبێت هاواری خوا بکەی نەک دایکت".

# پشتێنی مرۆیی بۆ کۆبانی

**کاوە ئەمین**

لە نزیک سنووری کۆبانێین. ڕۆژێکی هەتاوییە، هەتا چاو بڕدەکات لە دوولاوە دەشتاییە، تەپۆڵکەیەک بەردەمی گرتووین و سەرباز و تانکی تورکی لێ جێگیر کراوە، ناتوانین ڕۆژئاوای کۆبانێ ببینین و تەنیا لای ڕۆژهەڵاتمان لێوە دیارە. بە بەردەوامی هێزە کوردییەکان (شەڕڤانان و پێشمەرگە)، مۆڵگەکانی داعش بۆردومان دەکەن، هەموو دە خولەک جارێک دەنگی گوللە تۆپێک، ئارامی سەر گردەکەی ئێمە تێکدەدات، کامێرامانەکان زوومی کامێراکانیان ئاراستەی ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ دەکەن. تەپوتۆز و دووکەڵ لەو گەڕەکەوە بەرز دەبێتەوە و لە شێوەی قارچکێکدا دەچێت بە ئاسماندا، چەند دەستڕێژێک، چەند گەنجێک هاوار دەکەن: "ئەوە دەنگی چەکەکانی خۆمانە، بژی بەرخۆدانا کۆبانێ."

دەیان ئۆتۆمبێلی پەخش ئامادەکاری بۆ گواستنەوەی ڕاستەوخۆی هەواڵەکانی کۆبانێ دەکەن، ڕۆژانە ناوی کۆبانێ دەگاتە گوێی ملیۆنان مرۆڤی جیاواز لەسەرتاسەری جیهاندا. تەلەفزیۆنی "ڕەشا تودەی" کە بەزمانی عەرەبی پەخش دەکات، لە تەنیشت ئێمەوەیە، کابرای پەیامنێر، هێلەکی تایبەت بە پرێسی گوللە نەبڕی لەبەر کردووەو کڵاوێکی ئاسنینیشی لەسەردایە، من خۆم فشەم پێدێت چونکە کۆبانێ بەلایەنی کەمەوە دوو کیلۆمەتر لەو شوێنەی ئێمەوە دوورە. کابرا لە ماوەی چەند خولەکێکدا دەیانجار دەیگوت "عەین ئەلعەرەب"، یەکجاریش ناوی کۆبانێی بەزاردا نەهات، ئیدی شۆڤێنیەتی عەرەب لەوێشدا ناتوانێت پەردە لەسەرخۆی لانەدا، دمویست پێی بڵێم ئێرە کوردستانە، ئێرە کۆبانێیە نەک "عەین ئەلعەرەب"، چاوی شۆفێنیتان دەربێت، بەڵام برادەران داوایان کرد وەڵامی نەدەمەوە.

هەواڵی کوشتنی ژنێکی کورد هەر زوو گەیشتە دەمی ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێران، ژنێکی کورد بەناوی "قەدریە" لەلایەن سەربازانی تورکەوە دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە و شەهید دەبێت.

ژنێک کە هێشتا لە تەمەنی لاوێتی خۆیدایە، کۆمەڵناسە، چالاکوانی مەدەنییە و 25 ڕۆژ بوو لەو شوێنەوە چاودێریی کۆبانێی دەکرد، کاتێک دەیەوێت سنوورە دڕکاوی و بۆمبڕێژکراوەکان ببڕێت و پارێزگاری لە کۆبانێ بکات، چەند فیشەکێکی سەربازانی تورک، کۆتایی بە خەونی سەرلەنوێ دروستکردنی وڵاتێکی نوێ دەهێنن. هێندەی پێناچێت، وێنەکەی لە دیوارەکانی فەیسبووک دەدرێت و نەک سنووری کۆبانێ بەڵکو سنوورەکانی جیهان دەبڕێت.

فەرهاد تونج، هونەرمەندێکی بەناوبانگی خەڵکی دێرسیمە، لەگەڵ چەندین هونەرمەندی دیکەی سەر بە "ڕێکخراوی هونەرمەندانی ئازاد" دەیانەوێت زنجیرێک لە پشتێنەی مرۆیی بۆ پشتیوانی لە کۆبانێ لەبەردەم تەلە دڕکاویەکاندا دروست بکەن، کاتێک شەڕڤانانی یەپەگە لەودیو سنوورەوە بەنیشانەی خۆشحاڵی پەنجەکانیان بەرزدەکەنەوە، سەربازانی تورک بەرگەی ئەو تۆزە خۆشحاڵییە لەسێبەری جەنگدا ناگرن و دەکەونە لێدانی هونەرمەندان.

ئیدی ئەم وێنانە لە ماوەیەکی کورتدا دەگەنە هەموو ماڵێک، دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکان، بێدەسەڵاتیی مرۆڤەکان لەبەردەم داگیرکەراندا، بەڵام کاتێک دەنگی تۆپەکانی پێشمەرگە و دەستڕێژی تفەنگەکانی شەڕڤانان بێدەنگی دەشکێنن، دیسان گەنجەکان و پیر و کاڵ لەسەر سنوورەوە بە پەنجەکانیان نیشانەی سەرکەوتن بەرزدەکەنەوە.

گەنجێک باسی پێش دەستپێکردنی هێرشەکانی داعش بۆ سەر کۆبانێ دەکات، ئەوکاتەی ژیان تێیدا ئاسایی بوو، باسی ئەو ڕووناکیەی دەکرد کە گڵۆپی دارتێلەکانی کۆبانێ دەشتەکەیان پێ ڕووناک دەکردەوە، دیمەنە دڵگیرەکانی کۆبانێ لەبیریان ناچێتەوە. بەڵام ئێستا بە درێژایی شەو مەگەر ڕووناکی گوللە تۆپەکان جارجارێک دڕ بە شەوەزەنگی سەر کۆبانێ بدەن، شەو دەڕوات و بە هیوای گزنگی بەیانی پێشمەرگە و شەڕڤانان دەستیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیانە، ئێستا پەندە کوردەییەکان گۆڕدراون، نەک تەنیا برا لە پشت برایە، خوشکیش لە پشت برایە و بە پێچەوانەوە، ئیدی مەگەر قەزا لای خوا بێت، دەنا داعشەکان چاڵێکیان بۆ خۆیان هەڵکەندووە کە نە سەری هەیە و نە بن.

ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا، جارێکی دیکە ڕووناکی گڵۆپەکانی کۆبانێ، دەشتەکە ڕووناک بکەنەوە و کۆبانێیش لە لاپەڕەی بەرخۆدانی کورد و نەتەوە داگیرکراوەکاندا، وەکو لینینگراد و بگرە زیاتریش، چیرۆکەکانی بگوترێنەوە و لەهۆڵی سینەماکانی جیهاندا بە پێوە، چەپڵەی بۆ لێبدرێت.

ڕووداو
ژمارە (333) دووشەممە 2014/11/10

لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:

# دەمانەوێ لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەشدا بۆ پارچەکانی تری کوردستان بەشدار بین

لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتییە، پێیوایە هێشتا بوونی ڕێککەوتن لە نێوان یەکێتی و پارتی گرنگترە لە هەموو ڕێککەوتنەکان و لەم دیدارەدا، باسی شێوازی هەموارکردنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی و داخوازییەکانی یەکێتی دەکات. هەروەها باسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان یەکێتی و گۆڕان دەکات و دەڵێ "دەبێ سەرەتا هەردوولا دان بەیەکتریدا بنێن وەک دوو حیزبی سیاسیی سەربەخۆ و وازبهێنن لە تەدەخولکردنە کاروباری نێوخۆیی یەکتری". پێشیوایە یەکلاکردنەوەی پرسی پارێزگاری سلێمانی بەندە بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕان و یەکێتی.

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**ڕووداو: پرۆژە نوێیەکەی ئێوە چی تێدایە و ڕێککەوتنی ستراتیژی چۆن هەمواردەکەنەوە؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** ئێمەش و پارتیش لەسەر ئەوە کۆکین کە هەلومەرجێک هاتووەتە پێشەوە و دەمانەوێ ڕێککەوتنی ستراتیژی هەمواربکەینەوە. لای خۆمانەوە پێمانوایە دەبێ هەموارکردنەوەکە بەشێوەیەک و بە عەقڵییەتێک بێت کە جێی هەلومەرجە تازەکەی تێدا ببێتەوە.

**ڕووداو: هەلومەرجە نوێیەکە چییە؟ بزووتنەوەی گۆڕانیش بێتە نێو ڕێککەوتنەکەوە یان چی؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** ئەو وردەکارییە بۆ لیژنەکانە، نەخشەی سیاسی و ئابووریی ئەم وڵاتە بە درێژایی چەندین ساڵ دوو هێزی سیاسی دایانڕشتووە و بەڕێوەیان بردووە کە یەکێتی و پارتین، ئێستاش هێزی دیکە هاتوونەتە پێشەوە کە پێشتر لە ئۆپۆزسیۆن بوون، یانی مەبەستەکە ئەوەیە ئەگەر ڕێککەوتنەکە لەنێوان پارتی و یەکێتیشدا بێت، وا ئامادەبکرێت کە ڕەچاوی ئەوە بکات هێزی دیکەش لە کوردستان پەیدابوون. بەومانایەی نەخشەی سیاسی و ستراتیژی سیاسی بە بەشداریی هەمووان دابڕێژرێ.

**ڕووداو: پێشتر زۆر ڕەخنەتان لەو ڕێککەوتنە دەگرت، بۆچی هەڵنەوەشێتەوە لەجیاتی هەموارکردن؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** ئێمە و پارتیش ڕەخنەمان لە ڕێککەوتنەکە نەبووە، بەڵکو ڕەخنەمان لە جێبەجێ نەکردنی هەبوو. دەمانگوت شۆڕ نەبووەتەوە بۆ خوارەوەمان و نەیتوانیوە ئەو هەلومەرجە بخولقێنێ کە هەردوولا خۆیان بەشەریکی بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە بزانن.

**ڕووداو: باشە پارتی و یەکێتی بەبێ ڕێککەوتن ناتوانن هەڵبکەن؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** هەموو هێزەکان پێویستیان بە میساقێک هەیە، چونکە بەیەکەوە کار دەکەن. بەڵام زۆر بەتایبەتی دەبێ ڕێککەوتنێک لە نێوان پارتی و یەکێتی هەبێت. وەک چۆن دەتوانن بەیەکەوە وڵات بەڕێوە ببەن، بێگومان ئاواش بەبێ یەک کێشەی گەورە دروستدەکەن. ئێمە ساڵانێکی زۆر شەڕی نێوخۆ لەنێوانماندا هەبووە و هێشتا پێویستمان بە سڕینەوەی ئاسەوارەکانی هەیە.

**ڕووداو: دەبێت لەسەر چ بنەمایەک ڕێککەوتنەکە دابڕێژرێتەوە، ئێوە ڕازی دەبن لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی 21ی ئەیلول ڕێککەوتنەکە هەمواربکرێتەوە؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** ئێمە ڕازی دەبین ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە بکرێتە پێوەر و بنەما، نەک هەڵبژاردنی 21 ئەیلول بەتەنیا، چونکە قەبارەی ڕاستەقینەی یەکێتی لە هەڵبژاردنی 30 نیساندا دەرکەوت نەک 21ی ئەیلول.

**ڕووداو: چی دیکەتان داوا کردووە؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** خۆی دەبێ لە

## هەر بەرپرسێک لە یەکێتی جیاببێتەوە خۆی زەرەر دەکات

## دەبێ ئەنجامی هەڵبژاردنی 30/4 بکرێتە بنەمای هەموارکردنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی

## دەبێ یەکێتی و گۆڕان واز لەتەدەخولکردنە نێوخۆی یەکتری بهێنن

ڕێککەوتنی ستراتیژیدا داڕشتنی سیاسی بەشداریی هەمووانی تێدابێت. یەکێتی دەیەوێ لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەشدا بۆ پارچەکانی تری کوردستان بەشداریی پێبکرێت و لە هەمواری ڕێککەوتنەکەدا هەبێت، هەروەها لەپەیوەندی لەگەڵ بەغدا و پەیوەندییە نێوخۆییەکانیشدا دەبێ هاوسەنگیی بڕیاردان ڕەچاو بکرێت.

**ڕووداو: نیگەرانییەکانی پارتی لە یەکێتی، بۆ ئەو فرە مینبەرییە دەگەڕێتەوە کە هەیە، بۆچی هەر سەرکردەیەکی یەکێتی لای خۆیەوە بە تۆنێکی جیاواز بەرامبەر بە پارتی قسە دەکەن؟ لە کاتێکدا هەموو سەرکردەکانی پارتی بەرامبەر یەکێتی وەک یەک قسە دەکەن؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** ڕەنگە پەیوەندی بەوە هەبێت کە فرە بۆچوون لەناو یەکێتی هەیە لەسەر هەموو مەسەلەکان نەک بەتەنیا لەسەر پارتی، بەڵام لە کۆتاییدا قسەی یەکێتی ئەوەیە کە مەکتەبی سیاسی دەیکات و بڕیاری لەسەر دەدات.

**ڕووداو: کاتێک سەیری بەیاننامەکانی ئەنجومەنی ناوەندی دەکەیت، وا هەستدەکەیت دەستخەتی حیزبێکی دیکەیە، بەیاننامەی فەرمیی دەزگایەکی فەرمی نێو یەکێتیشن؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** ئاساییە ئەنجومەنی ناوەندی ڕای تایبەتی خۆی هەبێت، بەڵام وەک گوتم ڕای مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕای کۆتایی و فەرمی یەکێتییە.

**ڕووداو: بڕیارتاندا پەیوەندییەکانتان لەگەڵ گۆڕان ئاسایی بکەنەوە، پەیوەندی ئێوە و گۆڕان چۆن ئاسایی دەبێتەوە؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** هەنگاوی یەکەم ئەوەیە ئێمە و گۆڕان دان بەوەدا بنێین کە دوو هێزی سیاسی و سەربەخۆین و دەکرێ پەیوەندی ئاساییمان هەبێت. دەست لە کاروباری نێوخۆیی یەکتری وەرنەدەین و لەسەر کادر و ڕێکخستنی یەکتریش کارنەکەین. ئێمە خاڵی هاوبەشیشمان زۆرە، دەبێ ئەو خاڵانەش تێپەڕێنین کە حەساسیەتمان پێی هەیە. دەبێ بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەش لە بیرکردنەوەی خۆی دەربکات کە بەهێزبوونی ئەو بە لاوازبوونی یەکێتی دەبێت. دەبێ بزووتنەوەی گۆڕان چۆن سەیری پارتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ دەکات، هەرئاواش سەیری یەکێتی بکات و دەست بپارێزێ لە تەدەخولکردن لە ئیش و کارەکانی ناوخۆی یەکێتی.

**ڕووداو: کۆبوونەوەی دیکە بەم نزیکانە ئەنجام دەدەن؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** کۆبوونەوە ئەنجام دەدەن و لیژنەش دروستدەکەن.

**ڕووداو: لیژنەکان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** نازانم بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە یان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی پارێزگاری سلێمانی و ئیدارەی سلێمانییە.

**ڕووداو: ئێوە پێشتریش لە داباشان کۆبوونەوە و گوتتان پەیوەندییەکانتان ئاسایی بوونەتەوە، بەڵام خراپتر نێوانتان شێوا. هۆیەکە ئەوە نییە کە ڕێککەوتننامەی نووسراوتان پێویستە بۆ ئاساییکردنەوەی**

## نایشارینەوە حەساسیەتێکمان هەیە بەرامبەر بە کاندیدەکەی گۆڕان

**نێوانتان؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** بابەتەکە ئەوەندەی پێویستی بە متمانەی نێوانمان هەیە ئەوەندە ڕێککەوتنی نووسراوی پێویست نییە. دەبێ متمانە دروستبکرێ.

**ڕووداو: مەلا بەختیار گوتی 3 پێشنیارتان داوە بە گۆڕان، لەقسەکانی ئەو وادەردەکەوێ زیاتر کێشەتان لەگەڵ هەڤاڵ ئەبوبەکر هەیە؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** ئێمە و گۆڕانیش هەقی خۆمانە پۆستی پارێزگار وەربگرین.

**ڕووداو: بەڵام سلێمانی یەک پارێزگاری هەیە و ئێوە دووان؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** دەبێ ڕێکبکەوین لەسەر سیغەیەک کە هەردوولا کۆبکاتەوە، 2 ساڵ بە 2 ساڵەکە گرفتێکی تێدا بوو، ئێمە نایشارینەوە حەساسیەتێکمان هەیە بەرامبەر بە کاندیدەکەی گۆڕان. بەبێ ئەوەی بچمە سەر ئەوەی ناو بهێنم و، ئەوە جێدەهێڵین بۆ سەر مێزی دانوستاندنەکان.

**ڕووداو: یەکێک لە پێشنیارەکان کەسێکی بێلایەنە کە 4 ساڵ پارێزگاری سلێمانی بێت، پارتی و کۆمەڵ و یەکگرتووش دەڵێن ئەوە دژی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانە و ڕێگەی پێنەدراوە؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** دەبێ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی بۆ هەموار بکرێتەوە، ڕاستە دەبێ لە هەولێر و دهۆکیش

## ماموستا جەمال عەبدول ئامادە نییە ببێتەوە پارێزگاری سلێمانی

یاساکە هەموار بکرێتەوە، بەڵام ئەوە پرسێکە و دەبێ دوو پارێزگاکەی دیکەش ڕازی ببن بەوەی یاساکە هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێ لە دەرەوەی ئەنجومەن کەسێک بکرێتە پارێزگار. بەبێ قەناعەتی لایەنەکانی دیکە ئەو کارە ناکرێت و دەبێ قەناعەتیان بەوە هەبێت.

**ڕووداو: بەڵام بەشێک لە ئەندامانی فراکسیۆنەکەی خۆشتان بڕوایان وایە ناکرێت کەسێک لەدەرەوەی ئەنجومەن بکرێتە پارێزگار؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** ڕاستە، بەڵام ئەوە ڕای خۆیانە و ئازادن لەوەی بەوشێوەیە ڕایان هەبێت.

**ڕووداو: لەسلێمانی ئەو کەسە بێلایەنە شک دەبەن کە ئێوە و گۆڕانیش پێی ڕازی بن، جەمال عەبدول ئامادەیە ئەوە بکات؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** ڕەنگە ئەگەر ئێمە و گۆڕان بگەینە شوێنێکی هاوبەش و پەیوەندییەکانمان ئاسایی بکەینەوە، ئەوکات بتوانین باشتر ڕێکبکەوین. بێگومان لەم شارە خەڵکی دیار و بێلایەنیش هەیە کە هەردوولا پێی ڕازی بین، بەڵام من ئێستا بەباشی ناوەکانم لەیاد نییە. بەنیسبەت ماموستا جەمال عەبدول، ئەو کەسایەتییەکی دیار و شایستەی شاری سلێمانییە و من پێشتر خۆم لەوبارەیەوە قسەم لەگەڵ کرد، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، ئەو دەڵێ جارێکی دیکە ئەو پۆستە وەرناگرمەوە و نابمەوە بە

## دەبێ یەکێتی و گۆڕان دان بەوەدا بنێن کە دوو حیزبی سەربەخۆن

پارێزگار.

**ڕووداو: پێشبینیتان دەکرد گۆڕان بەوشێوەیە ئارام بگرێت و ماوەی 5 مانگ چاوەڕێتان بێت و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەستپێنەکاتەوە؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان بەشێکە لە دەسەڵاتی سیاسی ئەم وڵاتە و لایەنێکیش بەشێک بوو لە دەسەڵات دەبێت بەرپرسیارانە مامەڵە بکات.

دڵنیانەبووین لەوە، بەڵام هەستیشمان دەکرد کە گۆڕان هەست بەشوێنە نوێیەکەی و بەرپرسیارێتی قۆناغەکە دەکات.

**ڕووداو: لەم هەفتەیە پارێزگاری سلێمانی یەکلایی دەبێتەوە؟**

## یەکێتی بووەتەوە بە هێزە گەورەکەی جاران

**لەتیف شێخ عومەر:** گەرەنتی نادەم بۆ ئەم هەفتەیە، بەڵام ئەگەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ گۆڕان زیاتر بڕواتە پێشەوە، لە ئایندەیەکی نزیکدا پۆستی پارێزگاری سلێمانی یەکلایی دەبێتەوە.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر گۆڕان سووربێت لەسەر ئەوەی هەڤاڵ ئەبوبەکر دابنێت؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** هەردوولا ئەگەر بمانەوێ پەیوەندییەکانمان ئاسایی بکەینەوە و گەشەی پێبدەین و قۆناخێکی نوێ دروستبکەین، دەبێ لەو بوارەشدا موراعاتی یەک بکەین.

**ڕووداو: پێتانوایە لە سلێمانی بەهێز بوونەتەوە؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** ئێستا یەکێتی دیسانەوە بۆن و بەرامەی سەرەتای شۆڕشی نوێی لێدێت، یەکێتی ئێستا نەک بەهێزبووەتەوە بەڵکو واتێدەگەین یەکێتی گەڕاوەتەوە گۆڕەپانی ململانێکان و بووەتەوە بە هێزە گەورەکەی جاران و قۆناخی قەیرانەکەی جێهێشتووە.

**ڕووداو: بەڵام لەسەر ئاستی نێوخۆیی هێشتا قەیرانەکانی بەردەوامن، بۆ نموونە هێشتا بەرهەم ساڵح لەماڵەوەیە؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** ئەوە قەیران نییە، یەکێتی لەسەرەتای دروستبوونیەوە هەربەم شێوەیە هاتووە.

**ڕووداو: بەڵام مانەوەی بەرهەم ساڵح بەو دۆخە زیانی بۆ پێگەی سیاسی و نێوخۆیی یەکێتی نابێت؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** دانیشتنی کاک بەرهەم و هەربەرپرسێکی دیکەش زیانی بۆ یەکێتی دەبێت، بەڵام ئەوە حیزبایەتییە و کاک بەرهەم و سەرکردەکانی تر و سەرکردەی حیزبەکانی تریش، زۆر جار بۆخۆیان ڕێگایەک بە باشتر دەزانن. کەسێک نییە لەنێو یەکێتیدا حەزنەکات کاک بەرهەم پایەیەکی گەورەی هەبێت. بەڵام کاک بەرهەم بڕیار لەدەستی خۆیەتی چیدەکات.

**ڕووداو: بەبڕوای تۆ لە کۆتاییدا بەرهەم ساڵح کام ڕێگایە هەڵدەبژێرێ، دەگەڕێتەوە یان جیادەبێتەوە؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** زۆر هیوادارم کاک بەرهەم بگەڕێتەوە سەرکاری خۆی. بەڵام من پێموایە لەم کاتەدا هەرکەس لە یەکێتی جیاببێتەوە خۆی زەرەرمەند دەبێت.

**ڕووداو: بەرپرسی لقی چواری پارتی لە ژمارەی پێشووی (ڕووداو)دا گلەیی زۆری لەیەکێتی هەبوو لە سلێمانی، وەک ئەو باسیدەکات پارتییەکان لە سلێمانی مرۆڤی پلە دوون؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** گلەییەکەی تەنیا لەوە نەبوو کە پارتی لە سلێمانی پلە دووە، بەڵکو حوکمیشی داوە. منیش گلەییم لێی هەیە، ئەو نەیهێشت ئێمە فریای ئەوە بکەوین بچینە بەخێرهاتنی و بە سەرەتایەکی خراپ دەستیپێکرد. بەڕاستی ئێمە دەمانویست بچین بەخێرهاتنی بکەین. دووەم من وەک بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی دەبوو وەڵامی بدەمەوە، بەڵام ئەوەم جێهێشت بۆ پارێزگاری سلێمانی کە بە داتا و حیکمەت وەڵامی دانەوە و داتاکانیش دەریانخست سلێمانی لەسەر ئاستی خزمەتگوزاری یەکەم پارێزگایە لە پێشکەوتندا. سلێمانی بەهەموو پێوەرەکان یەکەمە.

**ڕووداو: ئەو دەڵێ لە سلێمانی یەکێتی دەستی بەستووین؟**
**لەتیف شێخ عومەر:** ئێمە ئەو گلەییانە زۆر دەبیستین، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕاستبێ بۆ پارتی لە سلێمانی، ئەوا لە هەولێر و دهۆکیش یەکێتی دوو هێندە گلەیی هەیە. هەرچەندە بە بەردەوامی هەوڵمانداوە گوێ لەو گلەییانە بگرین و باشتری بکەین.

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (333) دووشەممە 2014/11/10

## عێراق 27 %ی داهاتەکەی لە دەستداوە



**ڕووداو-هەولێر**

وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند، کە نرخی فرۆشتنی نەوتی لە پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی داهاتوو بە 90 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دیاری نەکردووە و بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت. هەروەها گوتی "بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، عێراق لە 27%ی داهاتی پێشبینیکراوی خۆی لە ساڵی 2014 لەدەستداوە". وەزارەتی نەوتی عێراق پێش دوو ڕۆژ ڕایگەیاند کە بەهۆی وەستانی هەناردەکردنی نەوتی باکووری عێراق لە ڕێگەی بۆری گواستنەوەی نەوتی کەرکووک-جیهان، ئابووری عێراق مانگانە نزیکەی ملیارێک و 200 ملیۆن دۆلار زیانی پێدەگات.

### بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دارایی عێراق:

# بودجەی ئەمساڵی عێراق 77 تریلیۆن دینار کورتهێنانی هەیە

**ساڵح قادر**
**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی دارایی عێراق لێژنەیەک پێکدێنێ بۆ پێداچوونەوە بە چۆنیەتی خەرجکردنی بودجەی گشتیی عێراق بۆ 4 مانگی داهاتوو، هەروەها کەمکردنەوەی قەبارەی کورتهێنانەکەی، بەڵام بەهیچ شێوەیەک باسی خەرجکردنی بودجەی کوردستان ناکات.

لێژنەکە ڕۆژی 2014/10/27 دوایین ڕاپۆرتی خۆی بۆ ئەمینداریێتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق — فەرمانگەی کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران ناردووە و تێیدا بە وردی باسی ڕەوشی بودجەی عێراقی لە چوار مانگی داهاتوودا کردووە. لێژنەکە بڕیاری داوە خەرجی زۆربەی وەزارەتەکان بە ڕێژەی زیاتر لە 50% دابەزێنێت و هەندێکیشی دەستکاری نەکردوون.

### گەورەترین کورتهێنان لە مێژووی عێراقدا

بەپێی پرۆژەی بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2014، بودجەکە بەهەردوو بەشی (بەکارخستن و وەبەرهێنان) 171 تریلیۆن و 816 ملیار دینارە، کورتهێنانەکەشی 32 تریلیۆن دینارە. ئەویش بەو مەرجەی عێراق لەو ساڵەدا 130 تریلیۆن دیناری دەستبکەوێت لە فرۆشتنی 3 ملیۆن و 400 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بە نرخی 90 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، کە 400 هەزار بەرمیلەکەی لە بەشی کوردستان دەبێت. هەروەها 9.41 تریلیۆن دیناریش داهاتی ناوخۆی هەبێت.

ململانێ سیاسییەکان نەیانهێشت پرۆژەکە لەپەرلەمان پەسەند بکرێت، دواتریش خولی پەرلەمان کۆتایی هات و هەڵبژاردنی پەرلەمان کرا، زۆربەی لایەنەکان تێبینییان لەسەر پرۆژەکە هەبوو، بۆیە جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە نووسراوی ژمارە 205 لە 2014/8/7 داوای دووبارە دارشتنەوەی پرۆژەی بودجەی عێراقی کرد.

دوای دارشتنەوەی پرۆژەکە لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراق، بەهۆی ئەو ڕەوشە نائارامەی عێراقی تێکەوتووە و ئەو دەسەڵاتەی بە سەرۆک وەزیران و لایەنەکانی دیکە درابوو بۆ خەرجکردنی پارە بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەرکەوت کە:

بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2014 دەگاتە 185 تریلیۆن و 580 ملیار دینار (103 تریلیۆن و 320 ملیار دینار بۆ بودجەی بەکارخستن و 82 تریلیۆن و 597 ملیار دیناریش بۆ وەبەرهێنان).

هەروەها داهاتی عێراق بۆ ساڵی 2014 دەگاتە 105 تریلیۆن و 833 ملیار دینار (96 تریلیۆن و 802 ملیار دینار لە داهاتی نەوت و 9 تریلیۆن و 31 ملیار دینار داهاتی جگە لە نەوت).

بەم پێیە بێت، کورتهێنانی بودجەی عێراق بۆ ئەمساڵ دەگاتە 79 تریلیۆن دینار، بەڵام دوایی بڕی یەک تریلیۆن و 131 ملیار دینار لە پارەی پڕچەککردنی وەزارەتی بەرگری خراوەتە سەر داهاتی ساڵی 2014، کورتهێنانەکە کەمی کردووە بۆ 77.86 تریلیۆن دینار.

ئێستا هیچ ئومێدێک نەماوە بۆ پەسەند کردنی پرۆژەی بودجە، بۆیە وەزارەتی دارایی لە هەوڵی ئەوەدایە بە کەمترین کورتهێنان ئەمساڵی دارایی بەڕێ بکات.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی، دوای کەمکردنەوەی خەرجیی زۆربەی وەزارەتەکان و ڕاگرتنی بەشێکی زۆر لە سولفەکان و ئەو مووچانەی بڕیاری زیادکردنیان درابوو و ڕاکێشانی پارە لە بانکە بازرگانییەکان و قەرزی نێودەوڵەتی، کورتهێنانی بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2014 تەنیا 27.6 تریلیۆن دینار بێت.

### بۆچی کورتهێنان زیادی کرد؟

بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی، کورتهێنانی بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2014 بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، ئەویش لە ئەنجامی "ڕاکێشانی یەدەگی دەستنیشانکراو لە سندووقی پەرەپێدانی عێراق لە ئەمریکا (DFI) لە ساڵانی 2012 و 2013".

پێشتر نەجیبە نەجیب، ئەندامی لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو کە "لە 2012/12/31 داهاتی عێراق لە سندووقی پەرەپێدانی عێراق لە ئەمریکا 18 ملیار و 500 ملیۆن دۆلاری تێدابووە، ئەم پارەیە نابێت دەستکاری بکرێ و خەرج بکرێ، بەڵام ئەو پارەیە لە 2013/12/31 دابەزیوە بۆ تەنیا 4 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار. بەپێی دوایین ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی عێراقیش ئەو پارەیە لە جیاتی ئەوەی زیادبکات، بۆ چوار ملیار و 500 ملیۆن دۆلار دابەزیوە. واتە 14 ملیار دۆلاری عێراق دیار نییە".

ئێستا وەزارەتی دارایی عێراق هەموو هەوڵی خۆی خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی کورتهێنانەکەی کەم بکاتەوە. بەپێی دوایین ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی عێراق، کۆی داهاتی پێشبینیکراوی عێراق لە 9/1 تاوەکو 2014/12/31 دەگاتە 33 تریلیۆن و 428 ملیۆن دینار، کۆی خەرجییە پێشبینیکراوەکانیش دەگاتە 72 تریلیۆن و 561 ملیار دینار، بەمەش کورتهێنانی بودجە دەبێتە 39 تریلیۆن و 132 ملیار دینار. بەڵام حکومەت تاوەکو 31ی ئاب 2 تریلیۆن و 587 ملیار دیناری لە خەزێنەدا هەبووە، دوای لێدەکردنی ئەو بڕە پارەیە، کورتهێنانەکە دەبێتە 36 تریلیۆن و 545 ملیار دینار.

بەپێی ئەو پلانەی وەزارەتی دارایی دایناوە، دەکرێت ئەو کورتهێنانە کەمتریش بکرێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی خەرجیی چەند وەزارەتێک لە چوار مانگی داهاتوودا، لە ئەنجامی کەمکردنەوەی خەرجیی وەزارەتەکان وەک ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێداوە، 8 تریلیۆن و 48 ملیار دینار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە.

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە وەرگرتنی چەند قەرزێک داوە بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنانەکە. لەوانەش 2 تریلیۆن 99 ملیار دینار سندووقی دراوی نێودەوڵەتی. 2 تریلیۆن دینار لە سندووقی خانەنشینی، 1 تریلیۆن لە خەزێنەی بانکی ڕەشید، 1 تریلیۆن دینار لە خەزێنەی بانکی ڕافیدەین.

بەپێی ئەو پلانەی وەزارەتی دارایی دایناوە، ئەمساڵ کورتهێنانی بودجەی عێراق تەنیا 21 تریلیۆن دینار دەبێت، بەبێ حیسابکردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەر بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بدرێت کە 16 تریلیۆن دینار دەبێت، کورتهێنانەکە بۆ سەرووی 37 تریلیۆن دینار بەرز دەبێتەوە.

### 2 تریلیۆن دینار بۆ خۆبەخشە شیعەکان

وەزارەتی دارایی عێراق لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا لە 2014/10/27 خشتەی خەرجییەکانی چوار مانگی داهاتوو (2014/9/1 تاوەکو 2014/12/31)ی خستووەتە ڕوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بە خەرجکردنی بودجەی کوردستان و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان ناکات.

تەنانەت هیچ بڕە پارەیەکیش بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەرخان نەکراوە کە ئێستا بە درێژایی 1000 کیلۆمەتر شەڕ لە دژی داعش دەکات، کەچی لە بەرامبەردا 644 ملیار دینار بۆ مووچەی خۆبەخشە شیعەکان تەرخان کراوە کە لە ساڵێکدا دەگاتە نزیکەی 2 تریلیۆن دینار. ڕاپۆرتەکە داوای کردووە بە زووترین کات لیستی ناوی ئەو خۆبەخشانەیان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی مووچەکانیان بدرێتێ.

لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا تەنیا بە دوو دێڕ ئاماژە بە بودجەی کوردستان دراوە "پشکی هەرێمی کوردستان کە بە 16 تریلیۆن دینار دیاری کراوە و قابیلی هەموارکردنە، دەرکردنی بڕیاری گونجاو لەبارەیەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەجێدەهێڵرێت".



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

### بەهۆی قەیرانی دارایی و هێرشی داعش

# تۆمارکردنی کۆمپانیا لەکوردستان لەپاشەکشەدایە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرێکی تۆماری کۆمپانیاکان ڕایدەگەیەنێت بەهۆی هێرشەکانی داعش و ئەو قەیرانە داراییەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە بەهۆی بڕینی بودجە و مووچەوە لە کوردستان دروستبووە، تۆمارکردنی کۆمپانیای خۆماڵی و بیانی، مانگ لەدوای مانگ لە پاشەکشەدایە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان، 23 هەزار و 210 کۆمپانیا لە کوردستان تۆمار کراون (19.853 خۆماڵی و 3.357 بیانی)، بەڵام لە 10 مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا تەنیا 3.032 کۆمپانیا (2.436 خۆماڵی، 596 بیانی) تۆمارکراون، ئەم ژمارەیە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 391 کۆمپانیا کەمی کردووە.

کۆڤان جەلال، جێگری بەڕێوەبەری گشتی تۆماری کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت ئەگەر ئاماری شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەراورد بکرێت بەشەش مانگی ساڵی ڕابردوو، دەردەکەوێت 344 کۆمپانیا کەمی کردووە "ئەم کەمبوونەوەیەش بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەوەیە کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە بەهۆی بڕینی بودجەو مووچەوە لەلایەن حکومەتی عێراق ڕووی لە کوردستان کردووە".

گوتیشی "ئەوەی بارودۆخەکەی زیاتر ئاڵۆز کرد، هێرشی داعش بوو بۆ سەر هەندێ ناوچەی کوردستان کە بووە هۆی ئەوەی تۆماری کۆمپانیاکان بەگشتی و کۆمپانیای بیانی بە تایبەتی بەرەو سستبوون بڕوات".

لەتۆمارکردنی کۆمپانیاکاندا پارێزگای هەولێر پشکی شێری بەرکەوتووە، چونکە 14.305 کۆمپانیا (12.085 خۆماڵی و 2.220 بیانی) لقی سەرەکییان لە هەولێرە. هەر بۆیە لەپاشەکشێی تۆماری کۆمپانیاکانیش ئەمساڵ پشکی شێر بەر ئەو پارێزگایە کەوتووە، ئەگەر ئاماری 10 مانگی ڕابردووی ئەمساڵی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەراورد بکەین بەساڵی ڕابردوو، دەردەکەوێت 450 کۆمپانیا کەمی کردووە.

لەتیف عارف، بەڕێوەبەری تۆماری کۆمپانیاکانی هەولێر، ڕایگەیاند هۆکاری سەرەکی پاشەکشێی تۆماری کۆمپانیا خۆماڵییەکان بەهۆی قەیرانی دارایی هەرێم و بێ بازاڕییەوەیە، بەڵام پاشەکشێی تۆمارکردنی کۆمپانیا بیانییەکان بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخی ناوچەکەوەیە دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و دەوروبەری، گوتیشی "هەندێ لە کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکان کاری کۆمپانیاکانیان وەستاندووە و هەندێکی دیکەشیان متمانەیان بە بارودۆخەکە نییە، بۆیە بەشێوەیەکی کاتی کوردستانیان جێهێشتووە".

سەبارەت بەژمارەی ئەو کۆمپانیا بیانیانەی هەرێمی کوردستانیان جێهێشتووە و مۆڵەتەکانیان هەڵوەشاندووەتەوە، لەتیف عارف گوتی "ژمارەیان زۆر نییە، نزیکەی 2%ی کۆمپانیا بیانییەکان دەبێ، بەشی زۆریشیان کۆمپانیای تورکی و ئێرانین".

هاوشێوەی کۆمپانیا بیانییەکان، بەشێک لەکۆمپانیا خۆماڵییەکانیش بەهۆی بێ بازاڕییەوە دەرگاکانیان داخستووە، ئاماژە بەوەش دەدەن ئەگەر بارودۆخەکە بەردەوام بێت بەیەکجاری مۆڵەتەکانیان هەڵدەوەشێننەوە.

دێدەوان موحسین، خاوەنی کۆمپانیای دێدەوان بۆ بازرگانیی گشتی کە کەلوپەلی ئەلیکترۆنی و پێداویستی ناوماڵ هاوردە دەکات، دەڵێت "بەهۆی دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران و ئەو قەیرانە داراییەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە، فرۆشی کۆمپانیاکەمان بۆ 80% دابەزیوە، ئەو لە 20%ەش کە دەفرۆشێت هەمووی بەقیستە و قیستەکانیش بەهۆی دواکەوتنی مووچە لەکاتی خۆی نادرێن".

دێدەوان موحسین ئاماژەی بەوەدا کە ماوەی زیاتر لە 6 مانگە بەهۆی بێ بازاڕی لەگیرفانی خۆی کرێی سەرقوفڵانەی پێشەنگای کۆمپانیاکەی دەدات. گوتیشی "8 لە هاوڕێکانم کۆمپانیاکانیان داخستووە. ئەگەر بارودۆخەکە درێژە بکێشێت منیش ناچار دەبم کۆمپانیاکەم دابخەم".

بەڕێوەبەری تۆماری کۆمپانیاکانی هەولێر دەڵێت بەهۆی ئەوەی داخستنی بەشی زۆری ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانە کاتین و خاوەنەکانیان مۆڵەتەکانیان هەڵنەوەشاندووەتەوە، بۆیە هیچ داتا و ئامارێکیان لەبەردەست نییە بۆ ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی لەهەولێر بەهۆی بێ بازاڕی دەرگای کۆمپانیاکانیان داخستووە، بەڵام گوتی کە ئاگادارە ژمارەیەک کۆمپانیا بەشێوەیەکی کاتی داخراون.

جێگری بەڕێوەبەری گشتی تۆماری کۆمپانیاکان پێیوایە کۆمپانیا بیانییەکان سەرەڕای کەمیی ژمارەیان بە بەراورد لەگەڵ کۆمپانیا خۆماڵییەکان، بەڵام بەهۆی سەرمایەکانیان و ئەو شارەزاییەی هەیانە جموجۆڵێکی باشیان خستووەتە نێو ئابووری هەرێمی کوردستانەوە. گوتیشی "هەر کۆمپانیایەک لەکاتی تۆمارکردن و نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەی بڕێک پارە وەک ڕسومات دەدات و ساڵانەش بەپێی کارکردنی بڕێک باج کە وەزارەتی دارایی دیاریدەکات دەبەخشێت، بەمەش سوود بەئابووری هەرێمی کوردستان دەگەیەنێ".

پسپۆڕانی ئابووری ڕایدەگەیەنن هەڵکشان و داکشانی تۆماری کۆمپانیاکان هاوتەریبە لەگەڵ بوونی ئاسایش و ئارامی و باشبوونی ئابووری لەهەر وڵاتێک، بۆیە بە لەقبوونی هەر لایەکیان ئەوی دیکەشیان گرفتی تێدەکەوێت.

هەڵۆ عەبدول، پسپۆڕی ئابووری و ئەندامی کارای سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان دەڵێت، هەرچەندە لەچەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەهەرێمی کوردستان گەشەسەندنی باشی بەخۆوە بینیوە، بەڵام بەقەد ئەم گەشەسەندنە نەیانتوانیوە وەک پێویست سوود بە ئابووریی کوردستان بگەیەنن و ژێرخانی ئابووری بەرەوپێش ببەن و ڕێژەی بێکاری کەمبکەنەوە، چونکە وەک ئەو دەڵێت "بەشی زۆریان کۆمپانیای ساخکەرەوەی بەرهەمن نەک وەبەرهێن".

ئەو ئابووریناسە گوتیشی "خاوەن سەرمایە و کۆمپانیاکان هەمیشە بەدوای قازانجی خێرا و شوێنی ئارامدا دەگەڕێن بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان، بۆیە ئەگەر قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت و مەترسییەکانی هێرشی داعش درێژە بکێشێ، ئەوا لەئایندەدا تۆمارکردنی کۆمپانیاکان زۆر کەمدەبێتەوە و بەدەیان کۆمپانیاش مۆڵەتەکانیان هەڵدەوەشێتەوە".



# لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو ئەفسەرە دەکرێ کە هێزێک لە کورد بۆ سوپای عێراق پێکدێنێ

**عەبدوڵڵا چاوڕەش:**

## ئەو پەرلەمانتارانەی لەسەر منیان نووسیوە سەریان دای لە بەردی قەندیل



**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

وا بڕیارە ئەفسەرێکی پۆلیسی دەڤەری ڕاپەڕین لەلایەن وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ، ئەویش دەڵێ "وەڵامم بۆ وەزیری ناوخۆ ئامادەیە".

موقەدەم عەبدوڵڵا چاوڕەش، بەڕێوەبەری پۆلیسی دەڤەری ڕاپەڕین، ئێستا سەرقاڵی پێکهێنانی لیوایەکە لەنێو سوپای عێراقدا کە دەگوترێ ڕاستەوخۆ لەلایەن نووسینگەی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە پاڵپشتی دەکرێ.

عەبدوڵڵا چاوڕەش پلەکەی موقەدەمە، بەڵام خۆی بە عەمید دەزانێ، ئەو دەڵێت تاوەکو ئێستا چوار هەزار کەس ناوی خۆیان نووسیوە بۆئەوەی بەو لیوایەوە پەیوەست بن. گوتیشی "هەرکاتێک بمەوێ 50 هەزار زەلام کۆدەکەمەوە، بەڵام من دەمەوێ لیوایەکی ڕێکوپێک دروست بکەم کە لە چوار هەزار کەس پێکدێ و چەکی خۆی لە حکومەتی عێراق وەردەگرێ و هەرچی بمەوێ بۆم دەکەن".

دەربارەی ئەو کەسانەی ناوی خۆیان نووسیوە کە خەڵکی کام دەڤەرن، بەڕێوەبەری پۆلیسی ڕاپەڕین گوتی "خەڵکی هەژاری تێدایە لە ناوچە دابڕاوەکان، لە خانەقین، مەندەلی، تووزخورماتوو، لە زۆر شوێنی دیکەش".

دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێکی (ڕووداو) لەبارەی دروستکردنی لیوایەک لە کورد کە ڕاستەوخۆ سەر بە حکومەتی عێراقە، کەریم شنگالی وەزیری ناوخۆ ئەو ئەفسەرەی بۆ لێکۆڵینەوە بانگ کرد. چونکە وەک دەگوترێ، بەشێکی زۆر لەوانەی ناوی خۆیان نووسیوە سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانن و تەنانەت هەندێکیان ئەفسەری پێشمەرگەن.

عەبدوڵڵا چاوڕەش لەبارەی لێکۆڵینەوە لەگەڵی گوتی "وەزیری ناوخۆ داوای کردووە ببینم بۆ لێکۆڵینەوە، من ئامادەم و وەڵامم نەک بۆ وەزیری ناوخۆ بەڵکو بۆ سەرۆک کۆماریش پێیە".

گوتیشی "من پیاوێکی کوردستانیم و هێزێک دروست دەکەم بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق".

ئەو ئەفسەرە پرسیار دەکات کە بۆچی لە کوردستان هێزی پاسەوانی سنوور، دەزگای هەواڵگری و پۆلیسی گومرگ و دوو لیوای مام جەلال سەر بە عێراق بن، بەڵام ئەو هێزەی ئەو بەنیازە دروستی بکات، نابێ؟

عەبدوڵڵا چاوڕەش گوتیشی کە هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر دروستکردنی هێزەکەی ڕاپۆرتیان بۆ وەزیری ناوخۆ ناردووە، بۆیە دەڵێت "وەڵامی من بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی ڕاپۆرتیان لەسەرم نووسیوە، ئەوەیە کە سەریان دای لە بەردی قەندیل".

تاوەکو ئێستا چەند جارێک لێژنەی باڵا لە وەزارەتی بەرگریی عێراق و نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەگەڵ ئەو ئەفسەرە کوردە کۆبوونەوەیان کردووە و تەنانەت جارێک هاتوونەتە ڕانیە و لەگەڵ ئەو خەڵکەی ناوی خۆیان نووسیوە کۆبوونەتەوە. عەبدوڵڵا چاوڕەش دەڵێ "تاوەکو ئێستا دوو جار بۆ کارەکەی خۆم چوومەتە بەغدا، لەکوێ پێویستیان بە من بێ دەچم".

موقەدەم عەبدوڵڵا دەرچووی کۆلێژی سەربازیی قەڵاچۆلانە، ڕەخنە لە وەزارەتی ناوخۆ دەگرێ و دەڵێت "من 10 ساڵە پلەکەم موقەدەمە و بەرزنەکراومەتەوە کە دەبووایە ئێستا عەمید بم".

گوتیشی "هەرکاتێ یەکێتی و پارتی و سەرۆک بارزانی بە من بڵێن مەچۆ بۆ بەغدا و ئەو هێزە دروست مەکە، ناچم".

# کورسییەکەی عارف ڕوشدی بە بەتاڵی ماوەتەوە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

چارەنووسی کورسییەکەی عارف ڕوشدی لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی دیار نییە، ئەندامێکی یەدەگی سەرکردایەتیش دەڵێ "من ئەو کورسییەم ناوێ".

دوای جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا لە یەکێتی، ئەو حیزبە لە ئۆکتۆبەری 2010 سێیەمین کۆنگرەی خۆی بەست. بەڵام لە کۆنگرە هیچ بادینییەک دەرنەچوو بۆ سەرکردایەتی، بۆیە جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی عارف ڕوشدی وەکو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەستنیشان کرد، ئەمەش بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی دەڤەرەکان.

لە سەروبەندی دوا ڕۆژەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا لە 30ی نیسانی 2014، عارف ڕوشدی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لەوە حیزبە ڕاگەیاند و چووە ناو پارتی و بەشداری بانگەشەکانی ئەو حیزبەی لە شاری زاخۆ کرد، بەڵام تاوەکو ئێستا یەکێتی شوێنی عارف ڕوشدی لە سەرکردایەتی پڕ نەکردووەتەوە.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە هیچ کۆبوونەوەیەکی فەرمی چ لە سەرکردایەتی چ لە مەکتەبی سیاسی باسی ئەو بابەتەمان نەکردووە، بە زەرووری نازانم قسە لەسەر ئەو شتانە بکەین".

ڕێواس فایەق، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکێتی، کە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی ئەو حیزبەیە و مافی چوونە شوێنی عارف ڕوشدی هەیە، دەڵێت ئامادە نییە ئەو پۆستە وەربگرێت.

ڕێواس فایەق بە (ڕووداو)ی گوت "لە کۆنگرەی سێیەم دوو لیست هەبوو کە لیستی پیاوان دەبوو 30 کەس بۆ سەرکردایەتی دەربچن و لیستی ژنانیش 10 کەس بوون، من دەیەم کەس بووم، 291 دەنگم هێنا، بەڵام لەبەر عارف ڕوشدی منیان لابرد و غەدریان لە من کرد، لە کاتێکدا ئەو ژمارە 31 بوو دەرنەچووبوو".

ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی دەڵێ "دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی داوایان لێکردووم داوایەک پێشکەش بکەم بۆ گەڕاندنەوەی ئەو حەقە، بەڵام ئامادە نیم ئەو پۆستە وەربگرم، دەبوو ئەوکات ڕێگەیان بەو غەدرە نەدابایە، چونکە بە دەنگی خۆم دەرچووم، بەڵام منیان لەبەر ئەو لابرد، هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە کە نامەوێ ببمە ئەندامی سەرکردایەتی و ببمە بەشێک لە مەسەلەی شەرعیبوون و ناشەرعیبوونی سەرکردایەتی و دواکەوتنی کۆنگرە و بە هیچ شێوەیەک نامەوێ بچمە ناو ئەو جەدەلە".

ماددەی 29 لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بڕگەی یەکەم دەڵێ "کۆنگرە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی کە پێکدێت لە 50 ئەندام هەڵدەبژێرێت، لەوانە 45 ئەندام بە سکرتێری گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن و 5 ئەندامیان لەسەر داوای سکرتێری گشتی کۆمیتەی سەرکردایەتی دیارییان دەکات. هەروەها کۆنگرە 5 ئەندامی یەدەگ بەپێی ڕیزبەندی دەنگەکانیان دیاری دەکات و 20%ی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیش ژن دەبن.

بەپێی ماددەی 32 لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حیزبە، کۆمیتەی سەرکردایەتی لە بواری جێبەجێکردنی ئەرکەکانی (ی.ن.ک) دا لە نێوان دوو کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە.

### پێش هەڵبژاردن بووە پارتی

ڕۆژی 15ی نیسانی2014 عارف ڕوشدی، لە بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەڤزیۆنی (ڕووداو)ەوە ئاشکرای کرد کە پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و گوتی "تەنیا مەبەستم خزمەتکردنە لەنێو ئەو حیزبەدا، چونکە پارتی پەیامی نەتەوەیی خۆی گەیاندووە و پێموایە بزاڤێکە و گەورەترە لە حیزبێکی سیاسی".

دوای چوونیشی بۆ ناو پارتی، لە ماڵپەڕی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی، پرۆفایلی عارف ڕوشدی لابرا.

### عارف ڕوشدی کێیە؟

لەدایکبووی ساڵی 1952ی زاخۆیە، پەیمانگای باڵای پیشە تەندروستییەکانی لە بەغدا تەواو کردووە. ساڵی 2006 بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە، ساڵی 2011 بڕوانامەی ماستەری لە مێژووی هاوچەرخی کورد وەرگرتووە. ساڵی 1969 چووەتە ڕیزی پارتی و بەرپرسیارێتی لە لیژنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان وەرگرتووە.

ساڵی 1982 پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە لە هەولێر. لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی 1992 بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و هەر ئەو ساڵە کرا بە لێپرسراوی مەڵبەندی 4ی بادینان و لەماوەی 1993 بۆ 1994 لێپرسراوی مەڵبەندی 7ی ئاکرێ بوو. لە کۆنگرەی دووەم بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لە ساڵی 2001 هەڵبژێردرایەوە. کاتێک وازی لە یەکێتی هێنا بەرپرسی مەڵبەندی مووسڵی ئەو حیزبە بوو.



هونەری
ڕووداو
ژمارە (333) دووشەممە 2014/11/10

## نارین دەبێتە پەنابەر

**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند نارین فەقێ کە لە سوید دادەنیشێت، کارێکی هونەری بۆ پەنابەرانی شنگال و کۆبانێ کردووە و دەشڵێ لەزووترین کاتدا دەگەڕێمەوە کوردستان بۆ پرۆژەیەکی گەورە. نارین باسی ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "دوای دوو ساڵ دوورکەوتنەوە لە کاری هونەری، ئێستا ئامادەکاریم کردووە بۆ بەرهەمێک لەژێر ناوی "پەنابەرێ وڵاتەکی دکاری ڤەگەری" کە لە ئاوازی خۆمە و ئەمین بۆتانیش تێکستەکەی بۆ نووسیوم". نارین گوتیشی بەمزووانە کلیپ بۆ بەرهەمەکەی دەکات، کە بەشێک لە گرتەکانی کلیپەکەی لە سوید تۆمار کردووە و بەشێکیشی لە کوردستان دەبێت.



## پەیوەند جاف بۆ (ڕووداو)

# نابێت تۆمارگە لە کوردستان بمێنێت

### زۆربەی ئەو کارانەی بەناوی خێرخوازییەوە دەکرێن فێڵکردنە لە خەڵک

جارێکی دیکە گۆرانیگوتن بە شێوازی تەرەب دووبارە ناکەمەوە

هونەرمەند پەیوەند جاف، هێشتا لەژێر کاریگەری لەدەستدانی دوو کەسی نزیکیدایە، یەکەمیان دایکی کە ماوەیەک لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد و دووەمیان شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس کە خەزووری پەیوەندە و ساڵی ڕابردوو کۆچی دوایی کرد. هەر بۆیەش بڕیاری داوە بەمزووانە بەشداری لە هیچ کۆنسێرت و ئاهەنگێکی جەماوەریدا نەکات.

پەیوەند جاف هەرچەندە دەڵێت کە ئەو کەسێکی سیاسی نییە، بەڵام لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاشکرای دەکات کە هاموشۆی چەند بەرپرسێکی کوردستانی کردووە، بەڵام بە پلە یەک حەزی کردووە مام جەلال ببینێت. ئەو لاریی نییە لەوەی بەشداریی بۆنە حیزبییەکان بکات، بەڵام بە بەژن و باڵایاندا هەڵنەڵێت.

هەڤپەیڤین :
ڕێکەوت سەلام



ڕووداو: لە شاری سنە کۆنسێرتێکت کرد، کە داهاتەکەی بۆ منداڵانی هەژار بوو، بۆچی هەمان کارت بۆ ئاوارەکانی شنگال نەکرد؟

پەیوەند جاف: هەر لەسەرەتای کارەساتی شنگال، کە ئەوکات لە سوید بووم، بیرۆکەیەکم هەبوو بۆ یارمەتیدانی منداڵانی شنگال، بەڵام بەداخەوە باری تەندروستی دایکم خراپ بوو، دواتریش کۆچی دوایی کرد، بەهۆی ئەوەوە نەمتوانی.

ڕووداو: بەڵام ڕەخنەیەکی زۆرت لێگیرا، چونکە لەو ڕۆژەی کۆنسێرتەکەت سازکرد، ساڵیادی چەند شەهیدێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو؟

پەیوەند جاف: لەو جۆرە کارانەدا پڕوپاگەندە زۆر دەکرێن، کاتێک من داهاتی کۆنسێرتەکەم پێشکەشی منداڵانی نەخۆشی تالاسیمیا کرد، هەموو شتەکان بۆ خەڵک ڕوون بوونەوە. دووەم، بەڕێکەوت ئەم کۆنسێرتە نزیکی ئەو ڕۆژە بوو، پاشان ئەگەر کارێکی واش بێت هونەرمەندی دیکە هەیە کە پەیوەندیان بە خۆیانەوە هەیە دەیانتوانی ئەوان بانگهێشت بکەن، نەک من. پاشان ئەگەر کارێکی وام بکردایە ئەو کاتە دەمتوانی بۆ حیزبی بەعس ئەو کارە بکەم بۆچی بۆ ئێرانی بکەم، من نە ئێرانیم و نە لەوێش دەژیم و هیچ پەیوەندیەکم بە ئێرانەوە نییە، ئەو پڕوپاگەندانە تەنیا بۆ ناو پیسکردنە و هیچی دیکە نا.

ڕووداو: دەگوترێت خراپترین کاری هونەری پەیوەند، ئەو ئەلبوومە بوو کە هەڵکەوت زاهیر کاری بۆ کردبووی؟

پەیوەند جاف: گۆرانیگوتن زەوقێکی هونەرییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەو ئەلبوومە کۆمەڵێک ئەزموونی تێدا بوو بۆ من، چەند گۆرانییەکی زۆر جوانی تێدا بوو کە من بە گۆرانییە جوانەکانی نێو کاروانی هونەری خۆمی دەزانم، بۆ نموونە گۆرانی "پرسیار یان گۆرانی سپی" بەڵام هەندێ گۆرانیشی تێدا بوو لەسەر شێوازی "تەرەب" کە ئەو ستایلە بۆ دەنگی من نەدەبوو، یەکەم تەجروبەش بوو جارێکی دیکە دووبارەی ناکەمەوە.

ڕووداو: دەڵێن ئەمساڵ هیچ کۆنسێرت و بەرهەمێکت نابێت، بۆچی؟

پەیوەند جاف: زۆر ڕاستە لەبەر ئەوەی دووکەسی جوانی ژیانم لە دەستچوون. ئەوانیش دایکی ڕەحمەتیم و شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس. ئەمەش وای لێکردم بەڕاستی ئەمساڵ هیچ کۆنسێرتێکی هونەری یان ئاهەنگێک نەکەم.

ڕووداو: د.فەرهاد پیرباڵ دەڵێ خەڵکی سلێمانی شێرکۆ بێکەسیان کوشت، ڕاستە؟

پەیوەند جاف: ئەگەر تۆ بتەوێت هەموو شتێک بە دڵی تۆ بێت، ئەوە قەت نابێ، بەڵام ئەو نوخبەیەی کە ئێمە بینیمان بە تەنگ مامۆستا "شێرکۆ"وە ڕۆیشتوون، کە حزووریان هەبووە، بەبڕوای من ئەوە کافی بوو بۆ هەمووان. من دڵنیام ئەگەر کەسانی زۆر گەورەش کۆچی دوایی بکەن، بڕوا ناکەم بە قەد مامۆستا شێرکۆیان بۆبکەن. جگە لەوەش پەیکەرێکی شایستە بۆ ڕۆحی مامۆستا شێرکۆ دروستکراوە و لێرەوەش دەستخۆشی لە کاک شوان کەمالی پەیکەرتاش دەکەم.

ڕووداو: پێتوایە ئەو بەرهەمانەی کە بۆ پێشمەرگە تۆمار دەکرێن کارێکی باشن، چونکە زۆر لە هونەرمەندە ئەزمووندارەکان دەڵێن کارەکە بووەتە "زۆری و بۆری"؟

پەیوەند جاف: زۆر ڕاستە، زۆری و بۆرییەک بەو کارانەوە دیارە. من زۆر دانیشتووم بۆ ئەوەی بتوانم کارێکی باش بکەم بۆ کوردستان، بەڵام بەهۆی ئەم ناخۆشیانەی بەم دواییە بەسەرم هاتن کارەکانم ڕاگرت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێت کارێک بکەم.

ڕووداو: لە ماوەی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر کاری هونەری کرا، بەڵام ئێستا بەرهەمی هونەری زۆر کەم بووە بۆچی؟

پەیوەند جاف: ڕاستە لە ماوەی ڕابردوو لافاوێکی زۆری گۆرانی هات، بەرهەمی هونەری زۆر زۆر بوو، خەڵک بێ تاقەت بوو لێی، ئێستا وای لێدێت کە لە بێژینگ دەدرێت. وردە وردە خەڵکەکەش فێری ئەوە بووە کە بزانێت گۆرانی باش و خراپ چییە و هەڵیبسەنگێنێ، من بەشبەحاڵی خۆم ئێستا کارەکانی ئەلبوومەکەم تەواوبووە و تەنیا گۆرانییەک نەبێت، لەو کاتەش کارەکانم ڕادەگرم هەتا ئەو بارودۆخەی کوردستان دەکەوێت بە لایەکدا ئینجا بڵاویدەکەمەوە، ئەوەتا من 7 ساڵە خەریکی ئەو ئەلبوومەم بۆ ئەوەی کۆمەڵێک بەرهەمی جوان بخەمە بازاڕەوە.

ڕووداو: تۆ لە کارە هونەرییەکانت سوودمەند بوویت؟

پەیوەند جاف: نەخێر. چونکە سیستەمێکی باشت نییە، لە ڕابردوودا کاری باش نەکراوە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ هونەرمەند بتوانێت بە داهاتی ئەلبوومەکەی یان بە داهاتی ئاهەنگەکانی بژیت، بۆ نموونە بوونی تۆمارگە هەڵەیە، نابێت هەر هەبێت. چونکە تۆمارگە واتا شتەکانی تۆ کۆپی دەکات. دەبێت چەند شوێنێکی تایبەت بە فرۆشتنی بەرهەمی هونەرمەندان بکرێتەوە.

ڕووداو: تۆ چ جیاوازیەک دەبینی لە نێوان ئاهەنگ و کۆنسێرت، چونکە تۆ هەردووکیان دەکەیت؟

پەیوەند جاف: جیاوازییەکی زۆری هەیە، ئاهەنگ خەڵک هەڵدەپەڕێت و هیچ ئاگای لە گۆرانییەکە نییە، بەڵام لە کۆنسێرت خەڵک گوێت لێدەگرێت و چێژی لێوەردەگرێت.

ڕووداو: مەرجە هونەرمەند لە سیاسەت نزیک بکەوێتەوە؟

پەیوەند جاف: بە بڕوای من نابێت سیاسی بێت، بەڵام ئێستا بارودۆخ وای لێهاتووە، هەر لەخۆتەوە دەبیتە کەسێکی سیاسی. من قەت گۆرانی سیاسیم نەگوتووە لەسەر حیزبێکی تایبەت، من حەز دەکەم ئێمە هەموومان کوردستانیانە بیربکەینەوە نەک حیزبیانە.

ڕووداو: بەڵام تۆ لە کۆنگرەی 13ی پارتی گۆرانیت گوت، ئێستاش بە هەمانشێوە گۆرانی بۆ حیزبە سیاسیەکان دەڵێی؟

پەیوەند جاف: ڕاستە گۆرانیم گوتووە بەڵام من گۆرانییەکانی خۆم گوتووە، نەک گۆرانی لەسەر پارتی. من ئامادەم بۆ هەموو حیزبێک گۆرانی بڵێم، بەڵام پێیاندا هەڵنەڵێم.

ڕووداو: نێوانت لەگەڵ بەرپرسان چۆنە، دەیانبینی؟

پەیوەند جاف: لە زۆریان نزیکم، چەند جارێک کاک نێچیرڤان بارزانیم بینیوە، کاک نەوشیروانم بینیوە. چەند بەرپرسێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیم بینیوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەمتوانیوە مام جەلال ببینم و زۆریش حەزم دەکرد بیبینم، بەڵام بە داخەوە بارودۆخی ناجێگیر بوو، هیوادارم باری تەندروستی باشتر بێت.

ڕووداو: بۆچی بە یەکجاری ناگەڕێنەوە کوردستان، لێرە هەست بە ئاسوودەیی ناکەن؟

پەیوەند جاف: ئێمە بە خۆشی و ناخۆشی کوردستانمان قەبوڵە، بەڵام بەشبەحاڵی خۆم زیاتر لەبەر منداڵەکانم ناگەڕێمەوە، چونکە لەوێ دەخوێنن.

ڕووداو: پێتوایە ئەو هونەرمەندانەی دەڵێن ئێمە کۆنسێرتی خێرخوازی دەکەین، یان کۆمەک بۆ ئاوارەکان کۆدەکەینەوە ڕاست بکەن. یان ئەوە تەنیا ڕێکلامە؟

پەیوەند جاف: بێگومان هەیە و زۆریش هەیە. لەگەڵ ڕێزم بۆ چەند هونەرمەندێک، بەداخەوە هەندێکیان لە میدیاکان دەڵێن کاری خێرخوازیمان کردووە، بەڵام بەشێکی کەم لەو داهاتە بۆ کاری خێرخوازی دەڕوات. ئەمەش فێڵکردنە لە خودی خۆی و خەڵک و هیوادارم ئەوە ڕابگیرێ.

بوونی تۆمارگە هەڵەیە و نابێت هەر هەبێت.

## ئەنیس:

# لەگەڵ ئارمیک کۆتایی به کاری هونەری دێنم



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هەرکاتێک لە یوتیوب بە دوای گۆرانییەکی ئەنیسدا بگەڕێی، لەگەڵ ناوەکەی ئەودا ناوی گۆرانیبێژێکی فارس دەردەکەوێت (ئارمیک). ئێستا ئەنیس و ئارمیک خەریکە ببنە یەک ناو، ئەنیس دەڵێت لەگەڵ ئارمیک دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە و هەر لەگەڵ ئەویش کۆتایی بەژیانی هونەری دێنێ.

ئەنیس ڕەوشەن، خەڵکی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، پێشتر وەک میدیاکار ناسراوە، بەڵام ئەوە دوو ساڵە خووی داوەتە کاری هونەری و وەکو گۆرانیبێژێک دەرکەوتووە، هەر بەو هۆیەشەوە پیشەکەی بە قوربانی هونەرەکەی کردووە و وازی لە کاری ڕاگەیاندن هێناوە.

ئەنیس یەکەم گۆرانی خۆی لەگەڵ هونەرمەندێکی فارس بەناوی ئارمیک بڵاوکردووەتەوە. ئەو پێیوایە ئارمیک کەسێکی گونجاوە بۆ ئەوەی کاری هونەری لەگەڵ بکات "لەسەرەتای کاری هونەریمەوە لەگەڵ هونەرمەندێک دەرکەوتم بەناوی ئارمیک، ئارەزوو دەکەم هەر لەگەڵ ئەو کۆتایی بە کاری هونەری بێنم و حەزیش دەکەم هەر بەیەکەوە کاری هونەری بکەین".

ئەنیس ماوەی 3 ساڵ لە بواری ڕاگەیاندن وەکو پێشکەشکار کاری کردووە، بەڵام ئێستا دەستبەرداری پیشەی ڕاگەیاندن بووە. لەوبارەیەوە دەڵێت "وازهێنانی من لە ڕاگەیاندن لەبەر یەک هۆکار بوو، ئەویش ئەوەیە کە من دەمەوێت زیاتر گرنگی بە هونەرەکەی خۆم بدەم و کاتی زیاتری بۆ تەرخان بکەم".

بەرهەمەکانی ئەنیس لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن، بۆیە دەڵێت هێشتا زووە کە بڵێت هەواداری زۆرن یان نا، بەڵام دەڵێت "کارەکانم لە کەناڵە فارسییەکان پێشوازییەکی باشیان لێکرا و خۆشم لێیان ڕازیم".

هەندێک لە هونەرمەندان بۆ ناوبانگ پەیداکردن، بەرهەمی گۆرانیبێژە کۆنەکان دووبارە دەکەنەوە، ئەنیس ئەوە بە ڕێگەیەکی هەڵە دەزانێت و دەڵێت "وەک ئەوە وایە وێنەی مۆنالیزای لیۆناردۆ داڤینشی بکێشیتەوە و بیکەیتە کاری خۆت. هونەر داهێنانە نەک لاساییکردنەوە".

بەهۆی شەڕی داعشەوە زۆر لە هونەرمەندان کارە هونەرییەکانیان ڕاگرتووە، لەوەتەی شەڕ دەستی پێکردووە جگە لە گۆرانی و سروود بۆ پێشمەرگە، بەرهەمێکی تازەی هونەری نابیستی. زۆر لە هونەرمەندان پێیانوایە ئەو شەڕە هونەری تووشی قەیران کردووە و هەر بەهۆی شەڕیشەوە کارە هونەرییەکانیان ڕاگرتووە، بەڵام ئەنیس دەڵێت "هونەرمەند جگە لەوەی دەبێت لە بارودۆخێکی وەهادا هەڵوێستی هەبێت، لە هەمانکاتدا نابێت دەستبەرداری هونەرەکەی ببێت، بۆیە من هەمیشە سەرقاڵی کاری تازەم".

ئەنیس کارە نوێیەکەی خۆی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "نوێترین کاری هونەریم بەناوی (چۆن ناوی تۆ لەبیر بکەم"ە، کە کاری مۆزیک کۆتایی پێهاتووە و ئێستا خەریکی کاری کلیپین، ئەم گۆرانییەش هەر لەگەڵ هونەرمەند ئارمیک بە یەکەوە دەیڵێین، هەوڵمانداوە ئەم کارە جیاواز بێت لە کارەکانی پێشوومان".

سەبارەت بە گوتنی گۆرانییەک بۆ پێشمەرگە یان شنگال و کۆبانی کە ئێستا بوونەتە سێ ڕەمزی دیاری کورد لەدوای شەڕی داعش، ئەنیس گوتی "منیش ئارەزوو دەکەم وەک هونەرمەندێک کارێک بۆ ئەو ئاوارانە یان پێشمەرگە بکەم، بەڵام دەمەوێت تێکستێکی باش بدۆزمەوە بۆ ئەوەی ئەو تراژیدیایە بە جوانی بگوازمەوە".

زۆر کچ و کوڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوودەکەنە باشووری کوردستان و لێرە دەست بەکاری هونەری دەکەن، یان لە ڕۆژهەڵات کە زۆر ناسراو نین، لێرە بە ماوەیەکی کەم دەناسرێن. ئەنیس هۆکاری ئەمە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "لە باشووری کوردستان گرنگی زیاتر بە هونەرمەندان دەدرێت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، بۆیە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان ناوچەکانی دیکە لە باشووری کوردستان کاری هونەری خۆیان باشتر ئەنجام دەدەن".



رووداو
تاراوگە
ژمارە (333) دووشەممە 2014/11/10

## تۆڕی سویدی کوردستانی سەرۆکی هەڵبژارد

**رووداو – رادیۆی سوید**

هەفتەی رابردوو تۆڕی سـویدی کوردسـتانی لە پەرلەمانی سـوید، ئەندامانی نوێی تۆڕەکەیان هەڵبژارد و سوێرینسوون کە لەسەر لیستی پارتی سۆسـیالدیموکراتی دەسـەڵات ئەندامی پەرلەمانی ئەو وڵاتەیە، بووە سـەرۆکی تۆڕەکە و فریدرک مالم، سەرۆکی پێشووی تۆڕەکەش لەسەر لیستی پارتی گەلی لیبراڵ وەک جێگری سەرۆک هەڵبژێردرا.. تۆڕی سویدی کوردستانی لیژنەیەکی نا فەرمیی پەرلەمانی سویدە و کار لەسەر پرسەکانی پەیوەندیدار بە کوردستان و پرسی کورد دەکات و جگە لە پارتی سڤێرییە دیموکرات (سویدییە دیموکراتەکان)ی رەگەزپەرست، تەواوی پارتەکانی پەرلەمانی سوید ئەندامیان لەو تۆڕەدا هەیە.



## مانگی رابردوو ئیسپانیا ئازادی کرد

# کوردێک سەرۆکی گەورەترین مافیای رووسیایە

**خۆشەوی محەممەد**
**رووداو – رووسیا**

شـاکرۆ کەلەشـۆڤ، ناوێکـی ناسـراوی نێـو مافیای رووسـی بە تایبەتـی و مافیای نێودەوڵەتییـە بەگشـتی، بـەڵام کەم کەس دەزانـن کە ئەم پیاوە خەتەرناکەی 8 سـاڵ بـوو لـە گرتووخانەکانـی ئیسـپانیادا بوو، کوردێکی ئێزدییە.

کەلەشـۆڤ، کە هەندێک دەڵێـن "باوکی مافیـای نێودەوڵەتی"یـە، کۆتایـی مانگی رابردوو ئازاد کرا و گەڕایەوە رووسیا.

ناوی زاخاری کەلەشۆڤە، بەڵام بە شاکرۆ نـاوی دەرکـردووە. کوردێکـی ئێزدییـە و سـەر بە چینی (پیر)ە کە یەکێکە لە سـێ چینەکانی ئاینی ئێزدی. شـاکرۆ پێگەیەکی دیـاری هەیـە لەنێـو مافیـای رووسـی و نێودەوڵەتـی. دەگوترێـت دوای کوشـتنی گەورە مافیای کورد دێد حەسـەن لەسـاڵی 2012، ئەو ئێسـتا تاکە مافیای بێ رکابەرە لـە جیهانـدا، بۆیـە زۆر کـەس بـە "باوکی مافیای نێودەوڵەتی ناوی دەبەن".

بەپێـی پۆلێنبەنـدی، مافیـای رووسـی یەکێکە لە بەهێزترین مافیاکانی جیهان و لە پلەی یەکەمدایە.

### کورد و مافیا

ئەوە جێی سەرنجە کە زۆربەی مافیاکانی کورد لە کۆماری جۆرجیای سـەر بە یەکێتی سۆڤیەتی پێشووەوە سەریانهەڵداوە. هەردوو مافیای بەناوبانگ (دێد حەسـەن و شاکرۆ) لە گەڕەکەکانی تبلیسی پایتەختی جۆرجیاوە وەک گرووپـی نهێنـی تاوانـکاری و وەک کاردانەوەیـەک لەبەرامبـەر زوڵم و سـتەمی دەسـەڵاتدارانی ئەوکاتدا پەیدابوون. وەک هەموو مافیاکانی دیکە، زۆربەی ئەندامەکانی ئەمانیش لە خزم و نزیکەکانی خۆیان بوون. کاری سەرەکیشیان وەک دەگوترێ، بازرگانی بووە بە ماددەی هۆشـبەر و سـپیکردنەوەی پارە. ئێسـتا شـاکرۆ ناودارترین کەسایەتی مافیایـی جیهانە کە لەژیاندا مابێت، بۆیە بە باوکی مافیای جیهانی ناودەبرێ.

ژیانـی شـاکرۆ پڕە لە نهێنـی و رووداوی سـەیر و مەترسـیدار، بەشـێکی زۆری تەمەنیشی لەسـەر ئەم کارانە، لەناو زیندان بردووەتە سەر.

شـاکرۆ، رۆژێـک بەر لە نەورۆزی سـاڵی 1953 لـە شـاری تبلیسـی جۆرجیا لـە خێزانێکـی کـوردی ئاسـایی لەدایکبـووە، ئەمیـش وەک هەمـوو کوردەکانـی دیکـەی ئـەو وڵاتـە، تەمەنی لاوێتی لـە ژینگەیەکی سـەختدا بەڕێکـردووە. ئەویـش وەک هـەر کوردێکی سەردەمی سۆڤیەتی پێشوو، لەزۆر شت بێبەش بووە، لەوانەش مافی خوێندن و کارکردن. بۆیە هەندێک لەو کوردانە پەنایان بـردە بەر کاری مافیایی کە شـاکرۆ یەکێکە لەوانە.

### لە جۆرجیاوە بۆ رووسیا

شـاکرۆ لە تەمەنی لاوێتیدا هاوسەرگیری لەگـەڵ کچێکـی کـورد دەکات. ئەوانـەی دەیناسـن دەڵێن کاریگەری هەڵسـوکەوت و رەفتاری مافیایی ئەو ئافرەتە زۆرن بەسـەر شـاکرۆوە، ئـەو پێـش ئـەوەی ببێتـە ژنی شـاکرۆ، مامۆسـتایەکی کاریگەر بووە. ئەو ژنە رۆڵی سـەرەکی هەبووە لە دروستبوونی کەسـایەتی مافیایی شـاکرۆدا، شـاکرۆ لەو ئافرەتە تەنیا کچێکی هەیە.

کار و چالاکییـە مافیاییەکانـی شـاکرۆ سـنووری جۆرجیـا دەبڕن. تادێـت پێگەی بەهێزتـر دەبێت لـە نێو مافیـای جیهانیدا. ساڵی 1988 جۆرجیا جێدەهێڵێت و دەچێتە شـاری "ناڵچیـک"ی پایتەختـی هەرێمـی (کابەردینـە – بەلکاری) لە رووسـیا. لەوێ ماوەیـەک درێژە بەکارەکانـی خۆی دەدات، پاشان دەچێتە شاری ڤلادیمێرسکی، لەوێش بەهەمانشـێوە تۆڕ و گرووپ دروست دەکات تاوەکو لە ساڵی 1992 کە ئیدی لە مۆسکۆ پایتەختی دەگیرسێتەوە.

شـاکرۆ لە ژنە کوردەکەی جیادەبێتەوە و لەگەڵ ژنێکی رووس خێزان پێکدێنێ، ئێستا سـێ منداڵی لەو ژنە رووسـییە هەیە (دوو کچ و کوڕێک).

پاشـان لە مۆسـکۆ و شـارەکانی دیکەی رووسـیا و تەنانەت وڵاتانی دیکەش چەندین گرووپی مافیایی دروست دەکات.

شـاکرۆ ئێسـتا خاوەنـی سـەرمایەیەکی گەورەیـە و چەندیـن کارگـە و سـەنتەری بازرگانی و بزنسێکی گەورەی لە ژێر دەستە، بـەڵان بەشـێکی زۆری سـەرمایەکەی لـە جۆرجیا و ئیسپانیا دەستی بەسەردا گیراوە.



### لە ئیمارات دەستگیر دەکرێ

دوای ئـەوەی چەندیـن تاوانی مافیایی لە رووسـیا ئەنجامدەدات، رۆژ بـە رۆژ ژمارەی دوژمنەکانی زیاد دەبن، بۆیە لە ساڵی 2000 رووسـیا جێدێڵێت و روو دەکاتە ئیسـپانیا. لەوێش لەسەر کارەکانی بەردەوام دەبێت.

پۆلیسـی ئیسـپانیا هـەر زوو هەسـت بـە مەترسـی ئەو پیـاوە دەکـەن و بڕیاری دەسـتگیرکردنی دەدەن، بـەڵام بەرلـەوەی دەسـتگیر بکرێـت ئیسـپانیا جێدێڵـێ و دەگەڕێتەوە رووسیا.

پۆلیسی رووسیا و ئیسپانیا و ئینتەرپۆل هەوڵـی دەسـتگیرکردنی دەدەن، تاوەکـو دواجار لە شـاری دوبەی لە ئیمارات لەلایەن پۆلیسـی ئەو وڵاتەوە دەسـتگیر دەکرێت و رادەسـتی ئیسـپانیا دەکرێت. دوای دادگایی و بەندکردنی بۆ ماوەی هەشـت ساڵ، رۆژی 2014/10/29 ئازاد کرا.

دوای ئازادکردنی و گەڕانەوەی بۆ مۆسکۆ، پەیامنێـری (رووداو) خـۆی لـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی شاکرۆ نزیک کردەوە، بەڵام دەیڤد یوریڤیچ، پارێزەری شـاکرۆ گوتی کە ناتوانین چاومان پێبکەوێ و شـاکرۆ ناتوانێ قسە بۆ راگەیاندن بکات.

### 5 ساڵ لە زیندانی تاکە کەسی

دەیڤـد یوریڤیچ کە ماوەی 4 سـاڵ کاری پارێزەرایەتی بۆ شـاکرۆ کردووە لە ئیسپانیا و جۆرجیـا و ئیمـارات و رووسـیا، چەنـد زانیارییەکی لەبارەی چۆنیەتی گرتنی شاکرۆ و دادگاییکردنی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد.

یوریڤیچ گوتی کە "شاکرۆ لەساڵی 2000 رووسـیای بەرەو ئیسپانیا جێهێشت، چونکە مەترسـی لەسـەر ژیانی هەبوو، چەندینجار هەوڵی کوشـتنی درا. تاوەکو سـاڵی 2005 لـە ئیسـپانیا مایـەوە، پاشـان گەڕایـەوە رووسـیا. لە مایسـی 2005 گەشتی کرد بۆ ئیمارات، پۆلیسـی ئینتەرپۆل لەسەر داوای دادگای ئیسـپانیا بـەدواوەی بـوو، بـەڵام نەیاندەزانی لە کوێیە، کاتێک شـوێنەکەیان دۆزییـەوە لە ئیمارات، پۆلیسـی ئینتەرپول و ئیسـپانیا و ئیمـارات بە چەند فڕۆکەیەکی تایبـەت و شـەڕکەر خۆیـان ئامادەکـرد بۆ دەسـتگیرکردنی. لـەو کاتـەی شـاکرۆ لـە هوتێل دەردەچوو بۆ کۆنسێرتێک لە دوبەی، دەستگیریان کرد".

سـەرەتا حکومەتی ئیمـارات رازی نابێت شـاکرۆ تەسـلیمی حکومەتـی ئیسـپانیا بکاتەوە، بـەو پێیەی هەڵگـری وڵاتینامەی رووسـیا بـووە، بـەڵام پـاش هەوڵـە بەردەوامەکانی ئیسپانیا، حکومەتی ئیمارات شاکرۆی رادەستی پۆلیسی ئینتەرپوڵ کرد و ئەوانیش گواستیانەوە بۆ ئیسپانیا.

پارێزەرەکـەی شـاکرۆ دەڵێـت "شـاکرۆ لەلایـەن دادگایەکـی ئیسـپانیاوە دادگایـی کرا و سزای 8 سـاڵ زیندانیکردنی بەسەردا سـەپێنرا، مـاوەی 5 سـاڵ لـە ژوورێکـی تاکەکەسـی لـە ژێـر کامێـرای چاودێریـی زیندانەدا بوو".

### دادوەرێکی ئیسپانی تووشی شۆک دەکات

وەک پارێزەرەکـەی باسـی کرد، شـاکرۆ کەسێکی زۆر لێهاتووە و زۆر بە زوویی فێری زمان دەبێت و حەزیشی لە خوێندنەوەیە.

دەیڤـد گوتی "دادوەر سـەری سـوڕما لە زیرەکیـی شـاکرۆ، چونکـە تەنیا لـە چەند دانیشـتنێکی سـەرەتادا وەرگێڕی ئیسـپانی هەبـوو، دواتـر لـە زیندانـدا خـۆی فێـری زمانـی ئیسـپانی کردبوو، کاتێـک دادوەری لێکۆڵینەوە شـاکرۆی بینی بە ئیسپانییەکی پـاراو قسـە دەکات، سـەری سـوڕما لـە زیرەکیی شـاکرۆ کە چـۆن لەو ماوە کەمەدا فێری زمانی ئیسپانی بووە".

### "سەرسامە بە کتێبەکەی بارزانی"

دەیڤد، باسی خەسڵەتێکی دیکەی شاکرۆ دەکات و دەڵێـت "تامەزرۆی خوێندنەوەیە". لەوبـارەوە گوتـی "زۆر حـەزی لـە خوێندنەوەیە، بەتایبەت لە بوارەکانی مێژوو و سیاسـەت و ئایـن، هەر جارێک سـەردانم دەکرد داوای کتێبی تازەی لێدەکردم، چەند جارێک کتێبم بۆ برد، لەوانە لەسەر مێژووی کورد و شۆڕشـەکانی چەنـد پەرتووکێکم بۆ بـرد. زۆر سەرسـام بوو بـە پەرتووکەکەی بەڕێز مەسـعود بارزانی لەسـەر بزووتنەوەی رزگاریخـوازی کوردسـتان، ئـەو کتێبـە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی رووسی، هەروەها حـەزی لـەو پەرتووکانەش بوو کە لەسـەر ئاینی ئێزدی نووسراون".

### دادگای جۆرجیاش حوکمی دەدات

سـاڵی 2006 سـاڵێکی ناخـۆش بـوو بـۆ شـاکرۆ، لەلایـەک تـازە دادگایەکـی ئیسـپانیا سـزای 8 سـاڵ بەندکردنـی بـۆ دەرکردبـوو، لەلایەکـی دیکـەش دادگای شـاری تبلیسی دۆسـیەیەکی بۆ کردبووەوە و بەبێ ئامادەبوونی خۆی سـزای 18 سـاڵ زیندانیکردنی بۆ دەرکردبوو.

بـەڵام ئـەو حوکمـە وەک پارێزەرەکـەی دەڵێت مەرامی سیاسـی و شەخسی لەپشت بوو. لەو رووەوە دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان ئەوەیە گوایە باندەکانی شـاکرۆ سەربازێکی ئەمریکییان لە جۆرجیا کوشـتووە، سەرۆکی ئەوکاتـی جۆرجیـاش دۆسـتێکی نزیکـی ئەمریکییـەکان بـوو. بۆچوونێکیش پێیوایە کێشـەیەکی شەخسـی لـە نێوان شـاکرۆ و (میخایل ساکاشـڤیلی) سـەرۆکی پێشووی جۆرجیا هەبوو. دەگوتـرێ کچە ئەکتەرێکی بەناوبانگی جۆرجی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ شاکرۆ هەبووە، میخایل ساکاشڤیلیش شـەیدای ئەو ئەکتەرە بووە، بۆیە بەردەوام لـە بیانوویـەک دەگەڕا تـا کۆنەقینی خۆی لـێ دەربکات، هەر بۆیـەش کاتێ دەزانێ لە ئیسـپانیا زیندانی کراوە، لەڕێگای دادگای شـاری تبلیسـی 18 سـاڵ حوکم بەسـەر شاکرۆدا دەسەپێنێت.

پارێزەرەکەی شاکرۆ سەبارەت بەم دۆسیە گوتـی "کاتێـک میخایـل ساکاشـڤیلی زانی شاکرۆ دەستگیرکراوە و لە ئیسپانیا دادگایی دەکرێت، ویسـتی کۆنـە قینەکانی خۆی لە شـاکرۆ دەربکات. لە رێگای دادگای تبلیسی جۆرجیا بەتۆمەتی کوشتن و کاری نایاسایی دۆسیەیەکیان بۆ کردەوە، بەبێ ئامادەبوونی خۆی سـزای 18 ساڵ بەندکردنیان بەسەردا سەپاند".

گوتیشـی "لـە مانگی تەممـوزی 2010 حکومەتـی جۆرجیـا داوای لـە حکومەتـی ئیسـپانیا کـرد کـە دوای تەواوبوونـی حوکمەکەی لە زیندانی ئیسـپانیا، پێویستە شاکرۆ رادەسـتی حکومەتی جۆرجیا بکرێت و 18 سـاڵی دیکە لـە زیندانەکانی جۆرجیا بباتـە سـەر، بـەڵام پیـلان و خەونەکانـی میخایـل لەبارچـوون، دوای ئـەوەی لـە 2013/11/17 جۆرجییەکان سـەرۆکێکی تازەیان هەڵبژارد".

پارێزەرەکـەی شـاکرۆ گوتی "ئێمە دوای نەمانـی میخایـل ساکاشـڤیلی لـە پۆسـتی سـەرۆکایەتی کۆمـاری جۆرجیـا، دۆسـیەکەمان تەمیز کـردەوە، تانەمـان لـە بڕیارەکەی دادگا دا، کاتێکیـش کابینـەی نوێـی حکومەتـی جۆرجیـا دەسـتبەکاربوو، چاویـان بـە دۆسـیەکەی شـاکرۆدا خشـاندەوە و بۆیـان دەرکـەوت کـە بڕیـاری دادگا بڕیارێکـی شەخسی و سیاسی بووە، پاشان حکومەتی جۆرجیـا، حکومەتـی ئیسـپانیای لە بڕیاری دادگا ئاگادار کـردەوە و گوتیان ئەوان هیچ داوایەکیان لەسـەر شـاکرۆ نییە و دەتوانن ئازادی بکەن، ئیدی ئەمجارە هیچ پاسـاوێک بـۆ ئیسـپانیا نەمایـەوە تـا شـاکرۆ هـەر لەزیندانا بهێڵێتەوە".

### ئیسپانیا دوودڵ بوو لە ئازادکردنی

سـەرەڕای ئـەوەی حوکمەکـەی تـەواو کردبـوو، بـەڵام ئیسـپانیا دوودڵ بـوو لـە ئازادکردنی شـاکرۆ و چاوەڕێی هەڵوێسـتی رووسـیای دەکـرد لەبـارەی ئازادکردنـی. پارێزەرەکـەی دەڵێـت هەوڵێکـی زۆرماندا لەگـەڵ وەزارەتـی دادی رووسـیا و لایەنـە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، بۆ ئەوەی بێنە سەر خەت و رەزامەندی نیشان بدەن لەسەر ئازادکردنی و گەڕانەوەی بۆ رووسیا "دواجار رازی بوون". پارێزەرەکەی وا دەڵێت.

دەیڤـد دەڵێـت "لە مانگی 9ی ئەمسـاڵ لـە رێـگای وەزارەتـی دادی رووسـیاوە کارمـان لەسـەر ئەوە کـرد کـە حکومەتی ئیسـپانیا شـاکرۆ بنێرێتەوە بۆ رووسـیا و ئـەوان هیـچ رێگرنیـن لەگەڕانـەوەی، بۆیە رۆژی 2014/10/29 لـە فڕۆکەخانـەی مەدریدی ئیسپانیاوە بەڕێکەوتین و کاتژمێر 6:10 خولەکـی بەیانی گەیشـتینە فڕۆکەی نێودەوڵەتی دەمەدێدەڤە لە مۆسکۆ".

### پۆلیسی رووسیا چاوەڕێی دەکرد

کاتێک شاکرۆ گەڕایەوە رووسیا، پۆلیسی ئەو وڵاتە رێوشـوێنی تونـدی گرتبووە بەر. پارێزەرەکـەی گوتـی "حکومەتـی رووسـیا ئاگادار بوو لەکات و شـوێنی گەڕانەوەکەی، هەر بۆیە ئەو رۆژە ژمارەیەکی زۆری پۆلیس بـە جلی فەرمـی و مەدەنی لـە فڕۆکەخانە لە چاوەڕوانی شاکرۆدا بوون، خەڵک سەری سوڕمابوو لەم هەموو هێزە ئەمنییە".

دەیڤـد گوتیشـی "لـە کاتـی دەرچوونی شـاکرۆ لەکۆنترۆڵـی پاسـپۆرت، هێـزە ئەمنییەکە لێی هاتنە پێش و زۆر رێزیان لێگرت و پێیانگوت وەرە لەگەڵمان لە وەزارەتی ناوخۆ چایەک پێکەوە دەخۆینەوە. ئەویش بەپێکەنینەوە گوتی: ئاسـاییە و قبوڵـی کـرد، بـەڵام ئـەو هێـزە ئەمنییە شـاکرۆیان بـە تەنیـا بـرد و نزیکـەی کاژێرێـک لایـان مایـەوە، بەپێـی زانیاری ئێمە لەگەڵ خودی وەزیری ناوخۆ یەکدییـان بینیوە، پاشـانیش شـاکرۆ تەسـلیم بە خێزانەکەی کرا".

### "بە کارەساتی شنگال تێکچوو"

هەرچەندە کارەکانی شـاکرۆ لە دەرەوەی یاسـان و زۆر لـە کارەکانـی تاوانکاریـن و دوورن لە ئاکاری مرۆڤ، بەڵام پارێزەرەکەی دەڵێت شاکرۆ کەسێکی هێندە خۆپەرست و بێ هەسـت نییە و لەگەڵ ئـازاری گەلەکەی دەژیت.


دەیڤد گوتی "شـاکرۆ بەهۆی تەلەڤزیۆنی ژوورەکـەی، بـەردەوام ئـاگاداری رەوشـی کوردستان بووە، رووداوە دڵتەزێنەکانی ئەم دواییەی کوردسـتان، بە تایبەتی کارەساتی شـنگال کاری زۆری کـردە سـەر شـاکرۆ و زۆر پێـی تێکچوو". گوتیشـی "تەنانەت ئەو شەوەی لە ئیسپانیاوە دەگەڕاینەوە رووسیا، لـە فڕۆکە لە تەنیشـت ئـەو دانیشـتبووم، سـەرەڕای ئەوەی زۆر هیلاک بوو، پرسیاری بارودۆخـی شـنگال و کۆبانێـی لێکـردم، کاتـێ وێنـە و ڤیدیۆکانی سـەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانانم نیشاندا زۆر دڵخۆش بوو".

### شانازی بە کوردبوونی دەکات


دەگوترێـت شـاکرۆ یەکێکـە لەوانـەی بـەردەوام بەنهێنـی هـاوکاری لایەنـە سیاسـیەکانی کـوردی کـردووە، کەسـێکی نەتەوەپەرستیشـە. بـەڵام پارێزەرەکەی بێ ئاگایی خۆیی لەو بابەتە دەربڕی و گوتی "من ئاگاداری ئەوە نیم، بەڵام شـاکرۆ هەستیکی قووڵ و دڵسـۆزانەی هەیە بـۆ میللەتەکەی، مـن دڵنیام هـاوکاری ئـاوارە و لێقەوماوانی کوردستان دەکات، ئەو ناتوانێ راستەوخۆ و بەشێوەیەکی ئاشـکرا هاوکارییەکانی رەوانە بـکات، بـەڵام من دڵنیـام شـاکرۆ میللەتی خۆی قەت لەبیر ناکات، کەسێکە شانازی بە کوردبوون و نەتەوەکەی خۆیەوە دەکات".

### دەچێتە سەر گۆڕی دێد حەسەن

وەک پارێزەرەکەی گوتی، شـاکرۆ دوای گەیشتنەوەی بۆ رووسیا، تەنیا رۆژێک پشووی داوە و رۆژی دواتر سەردانی گـۆڕی هـاوڕێ و هاوپیشـەکەی خۆی دێـد حەسـەن، گـەورە مافیـای کـوردی کـردووە کە لە سـاڵی 2012 تیرۆر کـرا، ئەوکات شاکرۆ لە ئیسپانیا زیندانی بوو.






8:00 PM EBL
کاژێر 8:00
بە سپۆنسەری
NEW ESKAN
بەبۆنەی سەری ساڵی تازە، پرۆژەی نیو ئیسکان
ئۆفەرێکی نوێ پێشکەش دەکات بە قیستی مانگانەی
1500دۆلاری ئەمریکی پەلە بکەن بۆ کڕینی شوقەکان
1500
بۆ پەیوەندی و وەرگرتنی زانیاری:
07501429999
07501439999

RÛDAW

SIDAR
AGENCY




هەر کەسێک گرتەیەکی ڤیدیۆیی سەرنج ڕاکێشی هەیە
بۆ بڵاوکردنەوەی، بەرامبەر بە بڕێک پارە.

دەتوانن پەیوەندی بکەن بە:

agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com

+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

داشکاندنی جیهانی
8 ڕۆژ بۆ شوێن گرتن و پاشەکەوت کردنی تا

25%

چێژ وەرگرە لە گەشتە تایبەتەکانی هێڵی ئاسمانی قەتەری لەگەڵ داشکاندنە جیهانیەکەمان.
شوێن بگرە لە 3 بۆ 10ی نۆڤەمبەری 2014، وە گەشت بکە لە 6ی نۆڤەمبەری 2014 تا 15ی جوونی 2015.

بۆ زانیاری زیاتر و بەدەست هێنانی تیکتەکانت، تکایە سەردانی qatarairways.com/globalpromo بکە، پەیوەندی بکە بە 0770 495 0001 0750 902 9696
یان سەردانی نزیکترین بریکاری گەشتەکانت بکە.

هێڵی پێنج ئەستێرەی جیهانی

oneworld
QATAR AIRWAYS القطرية




جێگەکان دیاریکراون و ئەگەری بەردەست نەبوونیان هەیە. ڕۆژانی نەمانی داشکاندن جێبەجێ دەبێت.
تکایە پێداچوونەوە بکە بەسەر ڕەوش و مەرجەکانی تردا لەکاتی شوێن گرتن

رووداو
ژنان
ژمارە (333) دووشەممە 2014/11/10

## پیاوێک ژنەکەی دەخنکێنێت



**رووداو – کەرکووک**

پیاوێک ژنەکەی خۆی بە پەت دەخنکێنێت و پاشان تەرمەکەی فڕێدەدات. بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی رووداو) ڕۆژی 2014/11/6 هێزەکانی پۆلیسی کەرکووک تەرمی ئافرەتێکیان بە خنکاوی لە گەڕەکێکی ئەو شارە دۆزیوەتەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس ئەو ژنە کە ناوی مەنال خەلیلە، لەلایەن مێردەکەی کە ناوی (خ.ئا)یە بە پەت خنێکندراوە لە گەڕەکی حوزەیران لە باشووری ئەو شارە فڕێدراوە. بەڵام تاوەکو ئێستا بۆ پۆلیس ڕوون نەبووەتەوە ئەو ژنە لەسەرچی خنکێندراوە و پۆلیسی دەستی کردووە بە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە.

### نووسینگەیەک کوردە ئێزدییەکان لەدەست داعش ڕزگار دەکات

# "ئەمیرێکی داعش دەستی گرتم و ڕزگاری کردم"

## مەحموود ماردینی، ڕزگارکەری کوردە ئێزدییەکان: 17 کچی ئێزدیی دیکە لە ڕەققە هەڵاتوون و دەگەنەوە کوردستان

**هێمن عەبدوڵڵا**
**رووداو- دهۆک**

لەماوەی دوو مانگی رابردوودا 127 کوردی ئێزدیی رفێندراو لەدەست داعش بە ئۆپەراسیۆنی تایبەت رزگارکراون و گەیشتوونەتە دهۆک. لەو ژمارەیەش 26 کەسیان پیاون و 63 کەسیان کچن و 38 یشیان منداڵن. هەروەها 62 خێزانی موسڵمان و کورد بە شێوازی جیاتر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە گواستراونەتەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان، کە دەکاتە 397 کەس.

رزگارکەری ئەو کوردە رفێنراوانە دەڵێت 17 کچی کوردی ئێزدیی دیکەش لە شاری رەققە-ی پایتەختی خەلافەتەکەی داعش تونیویانە خۆیان بگەیەننە زۆنی دوور لە مەترسی و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەگەنەوە دهۆک. ئەو رزگارکەرانە دوو کوردی موسڵمانی خەڵکی شنگالن و حکومەتی کوردستان بە پارە هاوکارییان دەکات لەو کارەیاندا.

### نووسینگەی رزگارکردن

لەنێوجەرگەی شاری دهۆکدا دوو پیاوی شنگالیی موسڵمان شەو و ڕۆژ سەرقاڵی وەڵامدانەوەی تەلەفۆنن. ئەوان لەناو مۆڵێکدا نووسینگەیەکیان داناوە. نووسینگەیەک کە کاری بازرگانی ناکات و لەجیاتی ئەوەی پارە قازانج بکات ڕۆژ بە ڕۆژ خاوەنەکەی قەرزدارتر دەکات. سەیفەدین شنگالی و د. مەحموود ماردینی دەستیان داوەتە کارێکی جیاواز. ئەوان بە دەنگی بەرز وەڵامی تەلەفۆنەکانیان دەدەنەوە: "نەگەیشت؟ دە باشە، خۆ سبەی دەگات؟" ئەو کەسانەی لە تەلەفۆنەکەوە قسە دەکەن ئەو قاچاخچییانەن کە کچان و کوڕانی کوردی ئێزدیی رفێندراو دەگەیەننە ڕۆژئاوا یان باشووری کوردستان. لەبەرامبەریشدا نزیکەی 4 هەزار دۆلار وەردەگرن. بازرگانییەکی بەهەڕمێن بۆ قاچاخچییەکان وکارێکی خێرخوازانە بۆ سەیفەدین و مەحموود. چالاکیی بەردەوامیش بۆ (رێکخراوی سەیفۆ بۆ رزگارکردنی کوردانی ئێزدی)، کە مەحموود و سەیفەدین دروستیانکردووە.

سەیفەدین کادیرێکی باڵای پارتییە. کەسێکی دەوڵەمەندە و ئەو باڵەخانەیەی نووسینگەکەی تێدایە موڵکی خۆیەتی. د. مەحموود، پسپۆڕی مێژووی خەلافەتی عوسمانییە. ئەو یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەستەی ئەرشیڤی عوسمانییە لە حکومەتی تورکیا، بەڵام لەوەتەی شەڕی داعش روویداوە نەگەڕاوەتەوە ئیستەنبوڵ و خەریکی رزگارکردنی خەڵکە.

### چیرۆکی کچە یازدە ساڵەکە

لە نووسینگەکەدا ژمارەیەکی زۆر کچی رزگارکراو دانیشتوون. چیرۆکی هەریەکێکیان تەنیا لەوەدا لەوەی دیکەیان دەچێت کە رفێندراون و بوونەتە نێچیری ئەمیر و چەکدارانی داعش. ئەوان شەرمدەکەن لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن دەرکەون. تکا دەکەن وێنەیان نەگیرێت. بەزەحمەتیش چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە. هەرچەندە بابەشێخ خرتۆ، سەرۆکی جڤاتی رۆحانیی کوردانی ئێزدی، فتوای داوە کە ئەو کچانە گوناهیان نییە ئەگەر لەماوەی رفاندنەکەیاندا هەرچییەکیان بەسەرهاتبێت، بەڵام کچەکان لەڕووی دەروونییەوە ئازار دەچێژن و نایانەوێ کەس بیانناسێتەوە. یەکێک لەو کچانە ناوی دلڤینە. چاو و برۆیەکی گەورەی هەیە و بە کوردییەکی شنگالیی رەوان قسەدەکات. دلڤین ناوی خوازراویەتی. ئەو دوای ئەوەی دەکەوێتە دەست داعش، دەبردرێتە باڵەخانەیەکی سێ نهۆمی لەناو شاری مووسڵ. لەو باڵەخانەیەدا بە دەیان کچی کوردی ئێزدیی لێن. دلڤین باسی ئەو ڕۆژانە دەکات کە لەوێ دەربازی کردووە و دەڵێت: "ڕۆژانە یەک نانیان دەدایێ. هەندێک ڕۆژ هەر نانیشیان نەدەدایێ. هەندێکمان لەبرسان دەبووراینەوە، بەڵام لێمان تووڕە دەبوون و دەیانگوت درۆدەکەن". ڕۆژێک پیرە پیاوێکی حەفتا ساڵەی ریش درێژ دێت و لەنێو هەموو کچەکاندا دلڤین هەڵدەبژێرێت. لەگەڵ خۆیدا دەیباتە ماڵی خۆی. ئەو پیاوە ئەمیرێکی داعش بووە و ژنی نەبووە، بەڵام چوار کچی کوردی ئێزدیی دیکەشی لە ماڵەکەیدا داناوە: "پیاوێکی دڵڕەق و توند بوو. زۆر ئازاری دەداین. ڕۆژێکیان کچێکی تەمەن یازدە ساڵ بۆی گێڕامەوە کە شەوی پێشتر ئەو پیاوە دەستدرێژیی کردووەتە سەری. ئەمە زۆر ترساندمی. بیرم لەوە کردەوە خۆم بکوژم، بەڵام نەمدەتوانی، چونکە هیچ رێگەیەک بۆ خۆکوشتن نەبوو".

ژنە داعشەکان کێشەیان نەبوو

سارا، کە ناوی خوازراوی کچێکی دیکەی رزگارکراوە، باش لەبیریەتی کە چەکدارێکی داعش هاتووە و ئەوی کڕیوە و لەگەڵ خۆیدا بردوویەتیە ماڵەوە. چەکدارەکە خەڵکی مووسڵ بووە. ژنی هەبووە و منداڵیشی هەبوون. ژنی چەکدارەکە بە تووڕەییەوە بە سارای گوتووە: "ئێوە کافرن و مێردەکەم کارێکی باشی کرد کە تۆی هێنایەوە". سارا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بەردەوام دەبێت: "منداڵەکانی جوێنیان پێدەدام و سووکایەتییان پێدەکردم. هەر دەیانگوت تۆ ئێزدی و کافری. دایکیشیان دەستی نەدەگرتن و هیچی نەدەگوت". ڕۆژێک پیاوێک دێت و سارا لە چەکدارەکەی داعش دەکڕێتەوە. توومەز ئەو پیاوە رزگارکەرەکەی بووە و لەگەڵ مەحموود و سەیفەدین هەماهەنگیی هەبووە.

### ئەمیری رزگارکەر

نارین، کە ناوێکی خوازراوە، لە گوندێکی ناوچەی شنگال خراوەتە ماڵێکەوە و دەرگای لەسەر داخراوە. ئەو گوندە پێشتر کوردی ئێزدیی تێدا ژیاون و دانیشتووانی کۆمەڵکوژ کراون. نارین لەگەڵ سێ کچی دیکەدا لەو ماڵەدا بووە. بەردەوام خواردنی باشی دراوەتێ و زۆر خزمەتی کراوە: "ئەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین بارەگای دەزگای هەواڵگریی داعشی لێبوو. فەرماندە هەواڵگرییەکانی داعش لەوێ بوون و ئەوان دەهاتنە لامان. دانیشتووانی هیچ ماڵێک ئاگای لە ماڵەکەی تەنیشتی نەبوو". سارا بەردەوام دەبێت: "جارجارە دەهاتینە حەوشە. لەوێ خۆرمان دەدیت. فڕۆکەشمان بە ئاسمانەوە دەدیت. هیوامان دەخواست بۆمباران بکرێین و بمرین. لەبەر کەرامەتی خۆمان ئەو هیوایەمان دەخواست".

نارین چیرۆکی رزگاربوونەکەی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "شەوێک ئەمیرێکی داعش هات و لە خەوی هەڵستاندم. گوتی هەستە با بڕۆین، هاتووم رزگارت بکەم. زۆر ترسام و بڕوام نەدەکرد. بەڵام ئومێدێکی زۆر بچووکم هەبوو کە راست بکات. نەمهێشت هیچیەک لە کچەکان لەخەو هەڵستن و لە ماڵەکە دەرکەوتین". نارین دەڵێت ئەمیرەکەی داعش دەیتوانی تەنیا یەک کەس لەگەڵ خۆی بهێنێتە دەرەوە و بیانووی ئەوە بهێنێتەوە کە حەزی لەو کچە کردووە، "بۆیە نەمتوانی کچەکانی دیکە لەگەڵ خۆمدا رزگار بکەم".

نارین ئێستاش بڕوا ناکات چۆن ئەو ئەمیرەی داعش بە پارە رازی کراوە کە رزگاری بکات.

### کاڵبوونەوەی سنوور

د. مەحموود ماردینی چاوەڕوانی ئەوەیە لە ڕۆژانی داهاتوودا 17 کچی دیکە کە لەناو شاری رەققەی سووریاوە رایانکردووە، بگەنەوە کوردستان. دەربارەی دەستکەوتی خۆی و سەیفەدین شنگالی لەو کارەی دەیکەن، دەڵێت: "ئێمە ئێستا خاوەنی دڵی زۆرتر لە هەزار مرۆڤین. هیچ دەستکەوتێک لەوە گەورەتر نییە". ئەوان ڕۆژێک لە کەرکووکن و ڕۆژێک لە قامشلۆن و ڕۆژێکی دیکەش دەچنە سەر سنووری باکوور و باشووری کوردستان. د. مەحموود بە پێکەنینەوە دەڵێت: "کوردستانمان کردووەتە یەکپارچە. من بە بنەچە باکووریم، دەچمە ڕۆژئاوا و لەوێ کچە کوردێکی رفێندراوی باشووری رزگاردەکەم. لە کەیسی شنگالییەکاندا سنوورەکان هیچ مانایەکیان نەماوە".



**کچە کوردێکی رزگارکراو:** منداڵی داعشەکان جوێنیان پێدەداین و دەیانگوت "ئێوە کافرن"

(فۆتۆ: رووداو)

# فەوجە تاقانەکەی ژنان دەیەوێ بچێتە کۆبانی

**بەهرۆز فەرەیدوون**
**رووداو- سلێمانی**

تاقە فەوجەکەی ژنانی باشووری کوردستان دەڵێن چاوەڕێی بڕیاری بارزانی دەکەن بۆئەوەی بچن بۆ کۆبانی و شانبەشانی یەکینەکانی پاراستنی ژنان (ypj) شەڕ لە دژی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بکەن.

دروستکردنی هێزی پێشمەرگەی ژنان، لە سلێمانی لە ساڵی 1996 لەسەر داوای ژمارەیەک کادیری یەکێتی نیشمانی کوردستان بووە کە ئەوکات یاداشتێکیان داوەتە عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی. ئەویش رەزامەندی خۆی نیشانداوە و رەزامەندی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی وەرگرتووە بۆ پێکهاتنی ئەو هێزە.

ناهیدە ئەحمەد کە پلەی عەقیدی هەیە و فەرماندەی فەوجەکەیە، خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو فەوجەی ژنانە. کە بۆ هەندێک لە نزیکەکانی خۆی باسدەکرد لە رواڵەتدا سادە و ساکار بوو، بەڵام لە نێوەڕۆک و لێکدانەوە کۆمەڵایەتی و نەریتییەکەدا وەک شەڕکردن وابوو لەگەڵ مەحاڵ، دواتر لەگەڵ 16 ژنی دیکە بیرۆکەکەی لەنێو مێشکییەوە گواستەوە بۆ نێو بارەگایەکی سەربازی و سەرەتا ناویان نا هێزی ژنان.

عەقید ناهیدە ئەحمەد دەڵێت "دوای دامەزراندنی هێزەکە، سەرەتا توانیمان لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی دەست بکەین بە مەشق و راهێنان لەسەر چەکەکان و زانستی سەربازی و لەپاڵ ئەوەشدا خولی سیاسی و رۆشنبیریمان دەکردەوە".

ناهیدە گوتیشی "ئێمە کە چەکمان هەڵگرت زیاتر بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی بوو، هەروەها بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان بوو، ئێمە حکومەت و پەرلەمانمان هەبوو، دەمانویست ئەو دەستکەوتانەی حکومەتی هەرێم بەدەستیهێناون بیپارێزین".

ئێستا ئەوان پێیاندەگوترێ فەوجی 2ی ژنان و ناهیدە ئەحمەد فەرماندەی فەوجەکەیە کە سەر بە یەکەی 106 ی هێزەکانی 70یە. سەرەتا هەموو پێشمەرگەکانیان خەڵکی شاری سلێمانی بوون.

بەڵام ناهیدە دەڵێت "ئێستا پێکهاتەی فەوجەکەمان جیاوازە، لە خانەقینەوە تا قەندیل 500 پێشمەرگەمان هەیە و ژنانی هەموو ناوچەیەکمان لایە بەبێ جیاوازی، پێشمەرگەی شیعە و سوننەشمان هەیە".

سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی داعش ئەو هێزە ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆئەوەی شانبەشانی پێشمەرگە پیاوەکان شەڕی داعش بکەن، لەو پێناوەشدا شەهیدێکیان داوە، بەناوی موقەدەم رەنگین.

عەقید ناهیدە دەڵێت "مەشق و راهێنانمان لەسەر هەموو جۆرە چەکەکان کردووە، لەسەر چەکی سووک و قورس، بۆ نموونە دۆشکە، قەناس بەدەستمان هەیە، هەموو بەشەکانمان جیاکردووەتەوە". گوتیشی "پێش ئەوەی ئەم شەڕە دروستبێت پێشمەرگەکانمان بە 3 مانگ لە مەشق بوون، مامۆستاکان پیاو بوون و دوای خولەکە خۆیان هەڵسەنگاندیان بۆ ژنەکان کردووە و گوتوویانە ژنەکان لە زۆر ڕووەوە لە پیاوەکان باشترن".

راگەیاندنی ناوخۆ و بیانی زۆر زوومیان نەخستووەتە سەر ئەو فەوجەی ژنان، زیاتر پێشمەرگە پیاوەکان لە زوومی کامێراکانەوە دەرکەوتوون.

بەڵام عەقید ناهیدە دەڵێت ئەوان کەمتر لە پیاوەکانیان نەکردووە و یەکەم هێز بوون لە کاتی پرۆسەی ئازادیی عێراق چوونەتە نێو کەرکووک "ئێمە یەکەم هێزی کوردی بووین چووینە نێو کەرکووک، تەنانەت بریندارێشمان هەبوو".

ئەو هێزە لە شەڕی دژی داعش شەهیدێکی داوە، عەقید ناهیدە زۆر پەسنی ئەو ژنە شەهیدە دەدات و دەڵێت "نەقیب رەنگین ئەفسەرێکی لێهاتوو بوو، قەناس بەدەستێکی زۆر بەتوانا بوو، هاوەنباران کران و دوای برینداربوونی سەرەتا لە نەخۆشخانەی کەرکووک مایەوە، دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی، لە 10/11 شەهید بوو".

ساکار کەمال لەدایکبووی ساڵی 1992 یەکێکە لە پێشمەرگەکانی هێزی ژنان، ئەو خاوەنی سێ برا و تاقانەی دایک و باوکیەتی، ئەو ئێستا مەشقی چڕوپڕ دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش و دەشڵێت هیچ جیاوازییەک لەنێوان ژن و پیاودا نییە.

بەڵام ئەو کچە لەو شەڕ و شۆڕەدا خەمێکی گەورەی یەخەی گرتووە و دەڵێت "من دەبێت زۆر ئاگاداری خۆم بم، یەکەم لەبەر دڵی دایکم و دووەم لەبەر دڵی نیشتمانەکەم. لەبەر ئەوەی من تاقانەم هەموو جارێک دایکم و باوکم پێم دەڵێن تۆ لەجێی هەرسێ کوڕەکەی بۆ ئێمە، ئەگەر ڕۆژێک نەخۆش بکەوم خەفەت دەخۆن تا چاک دەبمەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە تاقانەم و زۆر دڵیان لامە، ئەگەری هەموو شتێکی خراپ لەئارادایە بەتایبەتی ئەگەر بڕۆینە بەرەکانی جەنگ، ئەوان ترسیان هەیە نەگەڕێمەوە".

### ئامادەن بچنە کۆبانی

شەڕی داعش سەلماندی ژنی کورد، هیچی لە پیاو کەمتر نییە، ئەوەتا لە ڕۆژئاوای کوردستان بە هەزاران ژن و کچی کورد چەکیان لە دژی داعش هەڵگرتووە. کەم میدیای جیهانی هەیە راپۆرتی لەبارەی ئازایەتی ژنانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بڵاونەکردبێتەوە.

بەپێی ئامارەکان لانیکەم 10 هەزار ژن و کچی شەڕڤان لە ڕۆژئاوای کوردستان بەرگری لە نیشتیمان دەکەن. واتا نزیکەی یەک لەسەر سێی ژمارەی گشتیی گەریلاکان پێکدەهێنن. هەندێک لەو ژنانە زانکۆیان تەواو کردووە و هەندێکیشیان وەزیفەیان جێهێشتووە و بوونەتە شەڕڤان.

فەرماندەی تاقە فەوجەکەی ژنان لە باشووری کوردستان خەون بەوە دەبینێت ڕۆژێک لەتەک ژنە شەڕڤانەکانی ڕۆژئاوای کوردستاندا شەڕبکەن.

عەقید ناهیدە دەڵێت "هێزی ژنان بەردەوام لەمەشق و راهێناندان. ئێمە هەمیشە لەدۆخی ئامادەباشیدایین و ئەگەر مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمان بکات، ئامادەکاری ئەوەشمان کردووە کە بچینە کۆبانێ و دژ بە چەکدارانی داعش بجەنگین".



## پیاوێک خۆی دەسووتێنێت



**رووداو- سلێمانی**

نیوەڕۆی رۆژی 2014/11/9 لە نزیک بەنزینخانەی هەڵۆێست لە شاری سلێمانی پیاوێکی تەمەن 56 ساڵان خۆی سووتاند. پیاوەکە ناوی (عەلادین مستەفا)یەو دوای رووداوەکە گەیێنراوەتە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی سلێمانی. سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوتی "هۆکاری خۆسووتاندنەکەی نەزانراوە". گوتیشی "پیاوەکە دانیشتووی شاری سلێمانییە، پۆلیسی لێکۆڵینەوە رەوانە کراوە بۆ لای، ئەگەر توانی قسە بکات، هۆکاری خۆسووتاندنەکەی دەزانرێ".

# لە هەولێر باندێکی چەکدار 900 هەزار دۆلار لە ماڵێکی عەرەب دەبەن



**ساڵح قادر**
**رووداو- هەولێر**

ژمارەیەک چەکدار بەناوی دەزگایەکی ئەمنییەوە بە رۆژی رووناک هەڵدەکوتنە سەر ماڵی عەرەبێکی نیشتەجێی یەکێک لە کۆمەڵگەکانی دەوروبەری هەولێر و بڕی 900 هەزار دۆلاری لێدەستێنن. چەکدارەکان کە چوار کەس بوون، تائێستا سێیان دەستگیر کراون و هەندێک لە پارەکەش بۆ خاوەنەکەی گەڕێنراوەتەوە.

ماوەیەکە زوو زوو پۆلیس هەواڵی گیرانی دزێک یان چەند دزێک بڵاودەکاتەوە، زۆر لەو دزانەش وەک پۆلیس باسی دەکات، لە ماوەیەکی کەمدا بەهۆی ئامێرە پێشکەوتووەکانی تەکنەلۆژیا و لەوانەش کامێرای چاودێری، دەدۆزێنەوە و دەستگیر دەکرێن.

### دزی لە پلەی چوارەمدایە

بەپێی ئەو پلە بەندییەی رائید کاروان عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بۆ تاوانەکانی دەکات، دزی لە دوای شەڕ، رووداوەکانی هاتوچۆ و فرت و فێڵ، لە پلەی چوارەم دێت لە ریزبەندی زۆرترین ئەو تاوانانەی لە کوردستان روودەدەن. بەبڕوای ئەو رائیدەی پۆلیس "قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان فێڵکردن و دزیکردنی زۆر کردووە".

### دزەکان گەنجن و هەژارن

رائید کاروان ئاماژەی بەوەدا کە زۆرترین حاڵەتی دزی لە نێو گەنجان روودەدات، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان-15 25 ساڵانە. گوتیشی "زۆربەیان نەدارن و دزی دەکەن". بەڵام نەیشاردەوە کەسانێکیش سەرەڕای ئەوەی کوڕە دەوڵەمەندن، بەڵام هەر دزی دەکەن "ئەوانە خوویان بەدزییەوە گرتووە و زۆربەی ئەوانە پێشینەیان هەیە و چەند جارێکیش دەستگیرکراون".

رائید کاروان نموونەی بە کوڕە دەوڵەمەندێک هێنایەوە و گوتی "کە دەستگیرمان کرد پێنج دزیی کردبوو، جامی ئۆتۆمبێلی دەشکاند و پارەی نێو ئۆتۆمبێلەکانی دەبرد، ئەو کەسە کێشەی پارەشی نەبوو، بەڵام وەکو خوویەک حەزی لە دزی بووە".

### هێشتا تۆڕن و نەبوونەتە مافیا

سواڵکەرەکان سەرەڕای ئەوەی پارەیەکیان بەبێ ئارەقە دەستدەکەوێت، بەڵام هەندێک لەوانە پەنا بۆ دزیکردن دەبەن، رائید کاروان گوتی لەو ماوەیەدا دوو باندیان لەو سواڵکەرانە دەستگیرکردووە کە لە پاڵ سواڵکردن دزیشیان کردووە "ئەوانە دەچوونە ماڵان، ئەگەر ماڵەکە کەسی لێنەبووایە، یان یەک کەس لە ماڵ بووایە دزییان لێدەکرد".

هیچ لەو تاوانە دزیانەی لە کوردستان روویانداوە، بە قسەی رائید کاروان نەگەیشتوونەتە ئاستی تاوانە مافیاییەکان، بەڵام گوتی "لەو ماوەیە تۆڕێکی گەورەی دزیمان ئاشکرا کردووە کە چەند کەسێکیان لێگیراوە و هەندێکیشیان ماون بگیرێن و دۆسیەکەیان لە ژێر لێکۆڵینەوەیە".

### کەمیان کوردن

بەبڕوای رائید کاروان هاتنی چەند شەپۆلێکی ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان، تاوانیشی زیادکردووە، بەتایبەتیش دزی. ناوبراو گوتی بەشێک لەوانەی لەسەر دزی دەستگیر دەکرێن عەرەبن.

هەروەها دەڵێت "من باسی شاری هەولێر دەکەم، ئەوانەی لەسەر دزی دەستگیر دەکرێن، بە دەگمەن خەڵکی هەولێرن، زیاتر ئەوانەن کە لە دەرەوەی هەولێرەوە هاتوون، ئەوانە هەندێکیان لە نێو هەولێر نیشتەجێن، هەشە بە سەفەر دێت، دزییەکە دەکات و دەگەڕێتەوە".

رائید کاروان دەڵێت هەندێک لەوانەی دزی دەکەن ئەو کرێکارە فلیپینی و ئەندۆنیسیانەن کە لە ماڵە بەرپرس و سەرمایەدارەکاندا ئیش دەکەن. ئەو گوتی "ماوەیەک پێش ئێستا 2 ژنی ئەندۆنیسی و یەکێکی فلیپینیمان دەستگیرکردووە کە دزییان لە خاوەن ماڵەکانیان کردووە، ئەوانە لەگەڵ خەڵکانێک لە دەرەوەی ماڵەکان هەماهەنگییان هەبووە، هەر جارێک بڕی 5000 دۆلاریان لەو ماڵانە دەردەهێنا و بۆیان دەربردن و ئەوانیش بۆیان حەواڵە دەکردن".

رائید کاروان هۆشداری دەداتە هاووڵاتیان و دەڵێت وا بە ئاسانی متمانە بەو کرێکارانە نەکەن و مامەڵەی دروستیشیان لەگەڵ بکەن، چونکە وەک خۆی دەڵێت کاتێک لە یەکێک لەو کرێکارانەی پرسیوە بۆچی دزیت لەو ماڵە کردووە، گوتوویەتی لەداخی خاوەن ماڵەکە، چونکە مامەڵەی توند بوو لەگەڵم.

### لە ئەڵمانیا فێری قاسە شکاندن بووە

سەبارەت بە جۆری دزییەکان، رائید کاروان گوتی "پێشتر خەڵک زیاتر لامپی سەتەلایت و بوتڵەغاز و ئامێری تەلەفزیۆن و سیدییان دەدزی، بەڵام ئێستا زیاتر زێڕ و پارە و دەمانچە و دەخیلەی منداڵان دەدزن".

بەهۆی باشبوونی گوزەرانی خەڵک، لەقبوونی متمانەی هاووڵاتیان بە بانکەکان، بازاڕی قاسەی پارە گەرمە، بەڵام قاسە ئاسنین و پتەوەکان نەبوونەتە رێگر لە بەردەم دزەکان.

رائید کاروان دەڵێت "ئێستا هەندێک لە دزەکان پارەکە بە قاسەوە دەبەن و هەندێکجاریش قاسەکە دەشکێنن". ئەو نموونەی بە باندێک هێنایەوە کە پارەی قاسەی ماڵانیان دزیوە و گوتی "یەکێک لەو دزانە پێشتر لە ئەڵمانیا لە کارگەیەکی دروستکردنی قاسە کاری کردووە، لەگەڵ چەند دزێک قاسەیەکیان دزیبوو، ئەو قاسەیان بردە ماڵەوە بزانن چۆن دەکرێتەوە، ئیدی دواتر هەر لە نێو ماڵەکان قاسەکانیان دەکردەوە و پارەکەیان دەدزی، ئەو کەسە لەو کارگەیەی ئیشی لێدەکرد فێربوو بوو چۆن قاسە دەشکێنرێت".

رائید کاروان پێیوایە چیدی قاسە جێی متمانە نییە، بەڵکو خەڵک دەبێت متمانەیان بە بانکەکان هەبێت و پارەیان ببەنە بانکەکان کە لەوێ پارێزراو دەبێت.

هەروەها باسی ئەو شوێنانەشی کرد کە زیاتر دزییان لێدەکرێت "زیاتر گەڕەکە نوێیەکان و کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون دزییان لێدەکرێت، چونکە چۆڵن خەڵکەکەی کەمتر لە دەرەوەن".

هەرچەندە بەدرێژایی مێژوو دز هەبوون و کۆتاییشی نایەت، بەڵام رائید کاروان پێیوایە بەشێک لە هۆکارەکانی زۆربوونی دزی پەیوەندی بە خودی هاووڵاتیانەوە هەیە. بۆ نموونە کە دەچنە دەرەوە زێڕ و پارە لە ماڵەوە جێدێڵن، یان متمانەیان بە بانک نییە پارە لە بانکەکان دابنێن، یان دەچنە دەرەوە هەر دەرگا داناخەن".

رائید کاروان ئاماژە بە چەند شتێکی سادە دەکات کە دزیکردن زەحمەت دەکەن، بۆ نموونە دروستکردنی کەتیبە بۆ دەرگا و پەنجەرەی خانوو، یان دانانی زەنگی ڤیدیۆیی و کامێرای چاودێری لە ماڵەکان، یان سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامانەی کە دەتوانیت لە رێگەی مۆبایلەوە کۆنترۆڵی ماڵەکەت بکەی، تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەش بیت.

### پۆلیس بە فەیسبووک دز دەگرێت

"بە 15 خولەک دزەکەمان دۆزییەوە". رائید کاروان باسی سوودی تەکنەلۆژیا دەکات و دەڵێت لەم رۆژانە توانیان بە ماوەیەکی کەم دزێک بدۆزنەوە کە کارتی مۆبایلی لە مارکێتەکان دەدزی. دوای ئەوەی لە رێگەی کامێرای چاودێرییەوە وێنەکەی گیراوە و دواتریش لە فەیسبووکی پۆلیس بڵاویان کردووەتەوە، لە ماوەی چارەکە سەعاتێکدا خەڵک دزەکەی ناسیوەتەوە و تەلەفۆنیان بۆ پۆلیس کردووە.

رائید کاروان گوتی ئەوان زۆرترین سوودیان لە تەکنەلۆژیا وەرگرتووە بۆ ئاشکراکردنی دزەکان، بە تایبەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک.

### گەورەترین دزی لە هەولێر

رائید کاروان باسی گەورەترین دزی کرد کە نزیکەی مانگێک دەبێت روویداوە و بۆ یەکەمجاریش بۆ (رووداو)ی ئاشکرا دەکات.

رائید کاروان گوتی "ئەو دزییە بەلای ئێمەوە جێی سەرسوڕمان بوو، چەند چەکدارێک بەناوی دەزگایەکی ئەمنی چوونەتە سەر ماڵی کەسێکی عەرەب لە یەکێک لە کۆمەڵگە نوێیەکانی نیشتەجێبوون لە دەوروبەری هەولێر. ئەو چەکدارانە بڕی 900 هەزار دۆلاریان لەو ماڵە عەرەبە بردووە".

باوەڕکردن بەو بابەتە بۆ پۆلیس کەمێک زەحمەت بووە، وەک رائید کاروان دەڵێت "چونکە کۆمەڵێک چەکدار بە رۆژی رووناک بەناوی دەزگایەکی ئەمنی بچنە سەرماڵێک، شتێکی گەورەیە".

رائید کاروان باسی چارەنووسی ئەو کەسانەی کرد کە ئەو دزییەیان کردووە و گوتی "ئەوانە تۆڕێکی چوار کەسین، خۆشبەختانە بە رێگەیەکی تایبەتی خۆمان و بە تایبەتی بە هەوڵی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، توانیمان سێ لەوانە دەستگیر بکەین و تەنیا یەکێکیان ماوە دەستگیر بکرێت". گوتیشی "ئەوانە هاووڵاتی ئاسایی نەبوون، بەڵام ناتوانین کار و پیشەیان ئاشکرا بکەین، چونکە لەژێر لێکۆڵینەوەدان".

سەبارەت بە چارەنووسی پارە دزراوەکەش رائید کاروان گوتی "بڕێک لە پارەکە بۆ خاوەنەکەی گەڕێندراوەتەوە، ئەو عەرەبە دەیگوت قەت باوەڕم نەدەکرد جارێکی دیکە چاوم بە پارەکەم بکەوێتەوە".



**رائیدی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر** *

## مێردەکەی تاقیدەکاتەوە

ئافرەتێک سکاڵای لەسەر مێرد و برای مێرد و خەسووی هەبوو، گوایە سەرزەنشتیان کردووە و دواتریش دەریانکردووە. کێشەی ئەو ئافرەتە وەک خۆی باسیکرد تەنیا لەسەر تەلەفۆنێک بووە.

ئەو ژنە گوتی "مێردەکەم بەردەوام بە بەرچاوی منەوە تەلەفۆن دەکات، کە لێی دەپرسم لەگەڵ کێ قسە دەکەی، پێم ناڵێت، کەچی من تەنیا یەکجار بە ئەنقەست تەلەفۆنم بۆ ماڵی باوکم کرد و پاشان چوومە حەمام و رەقەمەکەم رەش کردەوە، بۆ ئەوەم بوو لەوە تێبگات کاتێک تەلەفۆنی بۆ دێت و لێی دەپرسم کێیە، ئەویش وەڵامم ناداتەوە، هەست بە چ ئازارێک دەکەم".

ئەو تەلەفۆنە بەس بوو بۆ ئەوەی ئیدی مێردەکەی دڵی لێ پیس بکات و گوتی "کە ژمارەکەم رەش کردەوە یەکسەر بەربووە گیانم و لێیدام، پاشان کەسوکارەکەشی لێ ئاگاداركردمەوە، براکەی هات و گوتی دەبێ یەکسەر تەڵاقی بدەی، هەرچەندە گوتم تەلەفۆنم بۆ ماڵی باوکم کردووە، بەڵام ئەوان باوەڕیان پێنەکردم".

ژنە بارگەکەی لە کۆڵ دەنێت و دەچێتەوە ماڵی باوکی، لەوێ سەرلەبەری چیرۆکەکە بۆ ماڵی باوکی دەگێڕێتەوە، ئەوان گوتیان نابێت بچیتەوە لای مێردەکەت. تاوەکو خۆیان بەدواتدا دێن.

ئەو ژنە سکاڵای لەسەر مێردەکەی و برای مێردەکەی و خەسووەکەی هەبوو، بۆیە دادوەر بڕیاری دا کە بەپێی ماددە 7 لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

کاتێک مێردەکەی ئامادە بوو، گوتی من بەچاوی خۆم بینیم کەوا خێزانم تەلەفۆنی بۆ هات، چووە گەرماو و دەرگای لەسەر خۆی داخست، بەڵام ژمارەکەی رەشکردەوە و پێینەگوتم کێ بوو، منیش تەلەفۆنەکەم لێسەند و بینیم ژمارەکەی رەش کردبووەوە. پاشان شەقێکم لێدا.

کەسوکاری کوڕەکە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کێ تەلەفۆنی بۆ ژنەکە کردووە، دەچنە ماڵی باوکی و لەوێ بۆیان دەردەکەوێت کە راستە ئەو ژنە تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی مێردەکەی ئەو کارەی کردووە. لەوێش سەرزەنشتی پیاوەکە دەکەن و دەڵێن "لەسەر تەلەفۆنێک لە ژنەکەت داوە و تەڵاقی دەدەی، ئەوە دوو ساڵە لەلای تۆیە مەعقولە شارەزای ژنەکەت نەبوویت". ئەوانیش گوتیان "راست دەکەن ئێمە هەڵەمان کردووە، خێرابووین لە بڕیاردان".

ئەو سێ کەسە بە دەستەبەری رزگار کران، پاشان نێردران بۆ لێژنەی ئاشتەوایی، کاتێک قسە لەگەڵ کچە کرا یەکسەر گوتی من تەڵاقم ناوێ و مێردی خۆم خۆشدەوێ، بەس تەنیا دەمەوێ رێز لە حەزی منیش بگرێ، خۆش نییە کە تەلەفۆن دەکات وا ئازاری من دەدات، من بەو مەرجە دەگەڕێمەوە بۆ لای کە جارێکی دیکە ئەم کارە دووبارە نەکاتەوە.

مێردەکەشی گوتی من خێزانی خۆم خۆشدەوێت، دایکی و براکەشی گوتیان یەکەمجارە ئەم هەڵەیەی لێ ببینین، بەڵام لێژنەکە ئامۆژگاری کردن کە رێز لە یەکدی بگرن و جارێکی دیکە ئەم کێشەیە دووبارە نەبێتەوە. دواتر ئافرەتەکە بە مەرج گەڕایەوە لای هاوسەرەکەی.

بەپێی برگەی 13 لە مادەی 2ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، ریسواکردن، جنێودان، بە کەم تەماشا کردن، ئازاردان و گوشاری دەروونی لەسەر ژن بە توندوتیژی دادەنرێت، سزاکەشی زیندانیکردنە بە ماوەیەک کەمتر نەبێت لە 6 مانگ و زیاتر نەبێت لە 3 ساڵ، بە بژاردنیش کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە.

*** بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر**

# "پێشمەرگە پێویستی بە ڕۆبۆتە"

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی



بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لە سلێمانی، دەڵێت ئەمڕۆ هەموو کارمەندانی هەڵگرتنەوەی مین لە باشووری کوردستان "پێشمەرگەن و لەبەرەکانی پێشەوەی جەنگ ڕووبەڕووی داعش دەبنەوە"، بەڵام ئەوان چاوەڕێی یاسایەک دەکەن بیانکاتە خاوەنی هەمان ئەو ماف و ئیمتیازاتەی پێشمەرگە و فەرمانبەرانی دەوڵەت هەیانە.

لەوەتەی پێشمەرگە هاوکێشەکانی شەڕی گۆڕیوە و هێرشەکانی داعشی ڕاگرتووە، ئەرکی کارمەندانی مین هەڵگرتنەوە دژوارتر بووە. چونکە چەکدارانی داعش زیاتر لە ئامادەکاریی بۆ هێرشکردن، خۆیان بە شاردنەوەی چەندین جۆری تەقینەوە لەسەر ڕێگاوبانەکان و خانووی هاووڵاتیان و شوێنە گشتییەکانەوە سەرقاڵ دەکەن. چەند ڕۆژێک لەمەوبەریش 4 کارمەندی مینهەڵگرتنەوە گیانیان لەدەستدا و 2 ی دیکەش برینداربوون، کاتێک یەکێک لە بۆمبەکان پێیاندا تەقییەوە.

سەباح حەمەخان، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لە سلێمانی گوتی "ئەو کارمەندانەی لەبەرەکانی جەنگ شەهید دەکرێن، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی وەک شەهید مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و شەهیدانەیان بۆ دەبڕێتەوە، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە لە هەڵگرتنەوەی مین پێش شەڕی داعش شەهید بوون".

بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لە سلێمانی گوتیشی ئەمڕۆ بەهۆی شەڕی داعشەوە "خوێنی کارمەندانی مینهەڵگرتنەوە و پێشمەرگە تێکەڵ بووە". هەربۆیە داوا دەکات بەچاوی بایەخەوە سەیری داواکارییەکانیان بکرێت.

سەددام و حوسێن و سوپاکەی، لە بەهاری 2003دا کۆتاییان هات و بوونە بەشێک لە مێژوو، بەڵام تائێستاش زرمەی لەناکاو لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە دێ. مینەکان ژمارەیان بە 8 ملیۆن دەخەمڵێنرێ و تەنیا لە سنووری پارێزگای سلێمانی ڕووبەری 313 هەزار و 917 مەتر دووجا مینڕێژکراوە، بەڵام هاتنە پێشەوەی شەڕی چەکدارانی داعش، بەڕێوەبەرێتییەکانی کاروباری مینی ناچار کردووە بەرەو بەرەکانی جەنگ ڕوو وەربگێڕن.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی کاروباری مین لە سلێمانی، تاوەکو ئێستا 6 هەزار هاووڵاتی لە کوردستان بەهۆی تەقینەوەی مینەکانەوە گیانیان لەدەستداوە و 8 هەزار هاووڵاتیش کەمئەندام بوون کە 18 لەوانەی گیانیان لەدەستداوە کارمەندی مینهەڵگرەوە بوون و 70شیان لێ کەمئەندام بووە. هەروەها لە شەڕی داعشدا و لەو دوو مانگەی دواییدا 4 کارمەندی هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنی لەبەرەکانی جەنگدا شەهید بوون و 2ی دیکەش بریندار بوون.

هەر لەو ئامارەدا هاتووە کە لەو ڕووبەرەی مینڕێژکراوە تاوەکو ئێستا تەنیا 85 هەزار و 388 هەزار مەتر دووجا پاککراوەتەوە لە مین، 228 کێڵگەش بە مەبەستی پاککردنەوە دراوەتە تەندەر.

سەباح حەمەخان دەڵێ کێشەیەکیان هەیە "زۆربەی کارمەندانمان تاوەکو ئێستاش کارمەندی گرێبەستن و ماف و ئیمتیازاتەکانی فەرمانبەری حکومەتی نایانگرێتەوە و لەبەرەکانی جەنگیشدان". گوتیشی "لە خولی پێشووی پەرلەمان پرۆژە یاسایەکمان پێشکەشکرد بۆ ئەوەی گرێبەستەکانمان بۆ بکرێتە فەرمانبەر و وەک فەرمانبەرەکان، زەوی و پێشینەکان و مووچەیان پێبدرێ، بەڵام خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا و دواتر فەرامۆش کرا".

سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان کە بۆخۆی ماوەیەکە لە بەرەکانی جەنگە، شایەتی بۆ "گیانفیدایی" کارمەندانی مینهەڵگرتنەوە دەدات و دەڵێ "لەبەرچاوی خۆم دوو کارمەندی ئەوان کاتێک لەبەرەی جەنگی دژی داعش دابوون و خەریکی پووچەڵکردنەوەی تەقەمەنی بوون، پێیاندا تەقییەوە و گیانیان لەدەستدا".

ئاری هەرسین دەڵێ بەهۆی شەڕی داعشەوە پەرلەمان نەیتوانیوە ئەو یاسایە دەربکات "بێگومان لە ماوەی داهاتوودا ئەو یاسایە دەردەچێت و مافی خۆیانە وەک هەر فەرمانبەرێک ئیمتیازاتیان هەبێ".

ئێستا کارمەندانی مینهەڵگرتنەوە لەبەرەکانی جەنگەوە دەستیان بە ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە کردووە بۆ ئەوەی بتوانن تەقەمەنی و بۆمبە چێنراوەکان بەبێ زیان پووچەڵ بکەنەوە. ماوەیەک پێش ئێستاش تیمێکی پسپۆڕی بەریتانی بۆ هەمان مەبەست هاتنە سلێمانی.

عەمید زانا عەبدولکەریم، فەرماندەی خوێندنگای مەشقی سەربازی لە سلێمانی دەڵێ ژمارەیەک پێشمەرگە ڕاهێنراون تاوەکو شارەزاییەکی باشیان پێبدرێت و بتوانن ئەو بۆمبانە پووچەڵ بکەنەوە و زیانیان پێنەگات. هەروەها دەڵێ "خوێندنگاکەمان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە مەشقی پێشمەرگە، لە چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانێتییەی کە دژی داعش پێکهێنراوە، لە وەزارەتی پێشمەرگەوە بڕیاردراوە کە ئەم خولانە بکرێتەوە، پێموایە ئەزموونی زۆرباش لە بەریتانییەکان وەرگیراوە".

بەڵام گرفتێکی دیکە ئەوەیە داعش بەشێوازی هەمەجۆر و بەشێوەیەک کە هەروا بەئاسانی ناتوانی سەری لێدەربکەی، کەرەستەکانی تەقاندنەوە ئامادە دەکات.

سەباح حەمەخان، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لە سلێمانی دەڵێت "نازانین چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەین، چونکە ئەو شێوازە بۆمب و تەقینەوانە لە دەرەوەی شارەزایی ئێمەن".

هەروەها دەڵێ "پسپۆڕیمان کەمە، تاکە چارەسەر ئەوەیە ڕۆبۆتی عیملاق بهێنرێ، بۆ ئەوەی لەکاتی هێرشی پێشمەرگەدا ئەو ڕۆبۆتانە بەزوویی بۆمبەکان پووچەڵ بکەنەوە".

# نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر بەرەوڕووی کێشە دەبێتەوە

شارمێلا دێڤی
ڕووداو- هەولێر

کەمبوونەوەی بودجەی کوردستان، بەهۆی بڕینی لەلایەن بەغداوە، هەڕەشەیە بۆ سەر پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی خانووەکانی قەڵای هەولێر، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئاشکراکردنی شوێنەواری گرنگ لەژێر قەڵای هەولێر لەلایەن شوێنەوارناسانەوە.

لەکاتی کارکردن لە پرۆژەکە، دیوارێکی بەرگری کۆن دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەم و هەشتەمی سەردەمی ئاشوورییەکان. بەڵام شوێنەوارناسان و توێژەران هۆشداری دەدەن لەوەی هێشتا زووە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو مێژووە.

وەرزی سێیەمی کاری شوێنەوارناسان کە لە بەهار و پایزدا بەڕێوەچوو، بەرەو تەواوبوون دەچێ و ئەمە لەکاتێکدایە کە بەهۆی نەبوونی بودجەی پێویستەوە نازانرێ کاری پرۆژەکە بەردەوام دەبێت لە ساڵی داهاتوودا یان نا.

دارا یاقوب، سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "لە پاش هەفتەی داهاتوو پارەمان نامێنێ و پاش ئەوە نازانین چی ڕوودەدات. زۆر بە خێرایی کار دەکەم لەو پێناوەدا، بەڵام ناتوانم ڕەزامەندی لەسەر کاری نوێ بدەم ئەگەر پارە نەبێت".

لە مانگی حوزەیراندا پاش هەوڵێکی زۆر قەڵای هەولێر خرایە لیستی شوێنەوارە جیهانیەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ. هەفتەی ڕابردووش لە ڕێوڕەسمێکدا بە فەرمی ڕاگەیەنرا. هەندێک لە شوێنەوارناسان لەو بڕوایەدان کە هەندێک لە شوێنەکانی نیشتەجێبوون لە قەڵاکە کە زیاتر لە 30 مەتر بەرزبوونەتەوە، ڕەنگە مێژووەکەی 6000 ساڵ کۆن بێت.

ڕێکخراوی یونسکۆ بە کۆمسیۆنی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵای گوتووە کە دەبێت ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردن و پارێزگاریی لە قەڵا باشتر بکەن و ئەو مۆزەخانە نیشتمانیەی بڕیارە بکرێتەوە لە قەڵا دووربخرێتەوە، یان دیزاینە مۆدێرنەکەی بگۆڕن و لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانە ڕاپۆرت لەسەر گۆڕانکارییەکان بنێرن بۆ یونسکۆ.

چەند پێشکەوتنێک لە نۆژەنکردنەوەی قەڵاکە ڕوویداوە، وەک چاککردنەوەی چەند خانوویەکی سەردەمی عوسمانی لەسەر قەڵا. چێژێکی تایبەت دەدەن بە گەشتیاران لە کاتێکدا بەپێ بەنێو کۆڵانە تەسکەکاندا دەڕۆن کە دەورەدراوە بەو خانووە قەشەنگانە.

بەڵام نۆژەنکردنەوەی هەندێک لە خانووەکان ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بووەتەوە لەوەی کە ئەو نوێکردنەوەیە خەسڵەتی کۆنی خانووەکانی گۆڕیوە. بۆ نموونە لەبری دار، ئاسن بەکارهێنراوە بۆ ڕاگرتنی خانووەکان. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات لەڕێگەی قەڵای هەولێرەوە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕوو لە کوردستان بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش پلانی داناوە بۆ کردنەوەی چەندین هۆتێلی گەشتیاری و مۆڵ و کافتریا، لەگەڵ حەوت شوێنی تەرخانکراو بۆ لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسی. سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر گوتی "تەواوبوونی ئەو پرۆژانە ڕەنگە 20 ساڵ بخایەنێ".

بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کەمیی بودجە بووەتەوە بەهۆی بڕینی بودجەکەی لەلایەن بەغداوە، ئەمەش وایکردووە کاری پرۆژە شوێنەوارناسییەکان لە دەیان شوێنی شوێنەوارناسی بوەستێ.

زۆر لە دامەزراوە ئەکادیمییە ڕۆژئاواییەکان ناردنی پسپۆڕانیان ڕاگرتووە، ئەوەش لە پاش پێشڕەوییەکانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە مانگی حوزەیراندا بەرەو کوردستان. حکومەتەکانی ڕۆژئاوا هۆشدارییان داوە بە هاووڵاتیانیان کە گەشت بۆ هەرێمی کوردستان نەکەن، تەنیا لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێت، ئەمەش وادەکات دڵنیایی گەشتکردن بۆ ئەو دامەزراوانە بەڕێژەیەکی بەرچاو زیاد بکات.

پرۆژە شوێنەوارییەکە لەلایەن هیچ پەیمانگایەکی ئەکادیمی دیاریکراو سەرپەرشتی ناکرێت، وەک پرۆژە شوێنەوارییەکانی دیکەی جیهان. لەبری ئەوە ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی دەنێردرێت بۆ مەشقکردن بە ستافی کوردی بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتیەکانی شوێنەوارناسی. ئەم پرۆگرامەش ڕووبەڕووی کەموکوڕی بووەتەوە بەهۆی نەبوونی بودجەوە.

دارا یاقوبی گوتی "300 خانووی سەر قەڵا نۆژەندەکرێنەوە کە دەبێت هەموو پێداویستییەکانی وەک ئاو و کارەباو هێڵی پەیوەندی لەژێر زەوییەوە بۆ دابین بکرێت".



گوتیشی "ئەمە بەشێک نییە لە پرۆژەی شوێنەوارناسی، بەڵکو بەشێکە لە نوێکردنەوەی قەڵا". بەڵام "بەشێوەیەکی گشتی کارەکان زۆر خاو بووە، بەهۆی کێشەی بودجەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، ئێستا بودجەمان سفرە".

دکتۆر ماری شێپەرسن کە شوێنەوارناسێکی بەریتانیە و وەک ڕاوێژکار بۆ قەڵای هەولێر کاردەکات، نیگەرانە لە چۆنیەتی پارێزگاریکردنی ئەو دیواری بەرگرییەی تازە ئاشکرا کراوە کە قووڵییەکەی 5 مەتر دەبێت لە باکووری قەڵا.

دکتۆر ماری کاری بۆ دروستکردنی چەند کەناڵێک کردووە بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی باراناو لە وەرزی زستاندا "ئەوەی لە تواناماندا بێت دەیکەین بۆ گۆڕینی ڕێچکەی باراناو تا دیوارەکە ناجێگیرتر نەبێت لە وەرزی زستاندا". گوتیشی "شوێنەوارێکی زۆر باشە بۆ کارکردن، بەڵام بارانەکەی ئەم دواییە زەرەری لێداوە".


ماری تازە پلانی دیواری بەرگرییەکەی تەواوکردووە کە تێیدا لانیکەم پێنج چین نیشان دەدات بە پاشماوەکانی سەردەمی عوسمانی و چاخی ناوەند و لەگەڵ چینێک لە سووتو کە ئاماژەیە بۆ کاولکاری لە یەکێک لە سەردەمەکاندا.

لەبەشی خوارەوەی دیوارەکە خشتی قوڕی سوورنەکراو هەیە کە ڕەنگە مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان.

"وابڕیارە شارەزایەکی خشت و بەرد لە بەریتانیاوە بێت بۆ شیکارکردنی ئەو بەشە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە بگات و لە پەیوەندیداین لەگەڵی بۆ دیاریکردنی کاتی سەردانەکەی" ماری وایگوت.

# مار و دووپشک لە ڕانیە 1200 کەسیان ڕەوانەی نەخۆشخانە کردووە

عومەر چاوشین
ڕووداو- ڕاپەڕین





ئەمساڵ بەهۆی مار و دووپشکەوە چەندین کەس لە دەڤەری ڕانیە ڕەوانەی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی ناوچەکە کراون. هاووڵاتیان دەڵێن ئەمساڵ وەکو ساڵانی ڕابردوو هەڵمەتی ڕشاندنی لە ناوبردنی مار و مێروو نەکراوە، بۆیە پێوەدانی مار و دووپشک بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو زۆر زیادی کردووە.

فەیزوڵڵا عوسمان، دانیشتووی ناحیەی خدرانی دەڤەری بیتوێن دەڵێت مانگی ڕابردوو مارێک بە نەسرینی خوشکییەوە داوە و بەوهۆیەشەوە پێنج ڕۆژ لە نەخۆشخانە ماوەتەوە، تاوەکو کاریگەری ژەهری مارەکە بە چارەسەر لە جەستەی دەرهێنراوە.

فەیزوڵڵا ئەمساڵ وەکو ساڵانی ڕابردوو هیچ تیمێکی ڕشاندنی دەرمانی قڕکردنی مار و مێرووی نەبینیوە. ئەو دەڵێت "ساڵان مار و دووپشک زۆر بوون، بەڵام دەرمان ڕشاندنیش زۆر بوو، بەڵام ئەمساڵ مار و دووپشک کەمە، بەڵام لەبەرئەوەی دەرمانی قڕکەر نەڕشێنراوە بۆیە ئەمساڵ زیانیان زۆرتر بوو".

تەها محەممەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین ڕایگەیاند، لە ماوەی 10 مانگی ڕابردوودا 1198 کەس بەهۆی پێوەدانی مار و دووپشکەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان کراون، کە 1042 ڕووداوی پێوەدانی دووپشک هەبووە و 156کەسیش ماری پێوەی داون. گوتیشی "ئەمساڵ منداڵێک بەهۆی پێوەدانی مار لە ناحیەی بنگرد مردووە".

سەبارەت بە ڕشاندنی شوێنە ئاوەدانەکانیش گوتی "ئەمساڵ لەسەر داوای هاووڵاتیان زیاتر لە 150 شوێنمان ڕشاندووە دژی مار و دووپشک". هەروەها گوتی کە هەڵمەتی ڕشاندن لە وەرزی هاوین دەستپێدەکات و تاوەکو سەری ساڵ بەردەوام دەبێت.

بەڵام ئەو هەڵمەتەی تەها باسی دەکات، نەبووە هۆی لەناوبردنی دووپشکەکانی ماڵی غازی حەمەدەمین. ئەو هاووڵاتییە کە دانیشتووی گەڕەکی قولەی قەزای ڕانیەیە، گوتی "ماوەیەکی کەمە ماڵەکەم گواستووەتەوە، تاوەکو ئێستا 6 دووپشکم لە نێو خانووەکەدا کوشتووە، بەڵام دواجار یەکێک لە دووپشکەکان دای بەخێزانەکەمەوە و بە پەلە گەیاندمە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە".

ئەو هاووڵاتییە گلەیی لە حکومەت دەکات و دەڵێت "تاوەکو ئێستا سێ خانووم گۆڕیوە، هیچ تیمێکی تەندروستیم نەدیتوە ماڵ و کۆڵانەکان بڕشێنێت لە دژی مار و مێروو". گوتیشی "جاران تەنیا لە خانووە گڵەکاندا دووپشک و مار هەبوون، بەڵام ئێستا لە خانووی دوو نهۆم و سێ نهۆمی کۆنکریتیشدا هەیە، بۆیە هاووڵاتیان ناتوانن خۆیان بپارێزن لە پێوەدانی دووپشک و مار بە تایبەت ژنان، چونکە بەردەوام خەریکی کاری ناو ماڵن".

رووداو
هەمەجۆر
ژمارە (333)  دووشەممە  2014/11/10

## شانۆی هەولێر راوەستا




**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆیی هەولێر لەبەر نەبوونی پارە پرۆژەکانی وەستاند

هیوا سوعاد، بەڕێوەبەری شانۆی هەولێر لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێستا چەندین پرۆژەی گەورەمان وەستاوە بەهۆی نەبوونی بودجە، ئەمەش زیانێکی دیکە لە شانۆ دەدات لە کوردستان و هێندەی دیکە رووبەڕووی قەیرانی دەکاتەوە".

بەڕێوەبەری شانۆی هەولێر باسی ئەو پرۆژانەی کرد کە بەنیاز بوون ئەمساڵ پێشکەشی بکەن، بەڵام بەهۆی بێ پارەیی رایانگرتووە، ئەوانیش (شانۆی نێودەوڵەتی و وەرزی شانۆی هاوبەش). سوعاد گلەیی لە کەرتی تایبەت دەکات و دەڵێت تەنیا سپۆنسەری گۆرانی دەکەن و شانۆ و سینەمایان بەلاوە گرنگ نییە.

## تۆش وەکو میکائیلی



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- سلێمانی**

هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستان میکائیل سەرقاڵی کلیپکردنی بەرهەمێکی نوێیە بەناوی "تۆش وەکو منی" کە بە نیازە بەم نزیکانە بڵاوی بکاتەوە.

بڕیار فەتاح دەرهێنەری کلیپەکە بە (رووداو)ی گوت "کارەکانی کلیپی گۆرانی (تۆش وەکو منی) کۆتایی هاتووە و بە یەکێک لە بەرهەمە بە پێزەکانی میکائیل دادەنرێت کە لە چەند رۆژی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە".

ئەم بەرهەمە لە تێکستی ئەحمەد محەممەدی شاعیرە و لە ئاوازی چیا مەدەنیە، بڕیار فەتاحیش کاری دەرهێنان و وێنەگرتنی بۆ کلیپەکە کردووە.

## حەمەڕەئوف لە خەمی نیشتماندایە



**رووداو- کەرکووک**

هونەرمەند حەمە رەئوف کەرکووکی دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمی "پێشمەرگەی گەل"، کۆتایی بە کاری وێنەگرتنی بەرهەمی "خەمی نیشتیمان" هێنا.

کەرکووکی لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "بەرهەمی پێشمەرگەی گەل پێشوازییەکی زۆری لێکرا، ئەوەش هانیدام بۆئەوەی بەرهەمێکی جوانتر بۆ نیشتیمان تۆمار بکەم".

کەرکووکی باس لە ناوەڕۆکی بەرهەمە تازەکەی دەکات و دەڵێ "خەمی نیشتیمان ناوی بەرهەمە تازەکەمە و ئەم بەرهەمەش لە ئاوازی خۆمە و لەلایەن ئەحمەد محەممەدی شاعیر تێکستی بۆ نووسراوە و عومەر عەبدوڵڵا کاری موزیک و بڕیار فەتاحیش کاری دەرهێنانی بۆ کردووە".

## یادگار کۆچی کوردان دەڵێتەوە



**رووداو – هەولێر**

گۆرانی کۆچی کوردان کە بەبۆنەی کۆڕەوی ملیۆنیی گەلی کورد لە بەهاری 1991 لەلایەن هونەرمەند عەدنان کەریمەوە گوتراوە، لەلایەن کچێکی رۆژئاوای کوردستان بە شێوازێکی تازە دەگوترێتەوە.

هونەرمەند ئاریۆس کە کارە تەکنیکییەکانی بۆ ئەم بەرهەمە کردووە، دەڵێ "گۆرانی کۆچی کوردان بەشێوازێکی مۆدێرن لەڕووی تەکنیکی موزیکەوە بە دەنگی خاتوو یادگار محەممەد کە کچێکی رۆژئاوای کوردستانە گوتراوەتەوە و لە چەند رۆژی داهاتووشدا بە کلیپ بڵاودەبێتەوە".

ئاریۆس گوتیشی کە کاری کلیپی ئەم بەرهەمە کۆتایی هاتووە و لەلایەن ستایل کۆمپانی کاری بۆ کراوە.

## زارین گۆرانی بۆ یەکڕیزی دەڵێت



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژ زارین ئانجۆ کە خەڵکی باکووری کوردستانە، لە چەند رۆژی رابردوودا کۆتایی بە کارەکانی تۆمارکردنی گۆرانییەک بەناوی (یەکڕیزی) هێنا و لە چەند رۆژی داهاتووشدا بڵاوی دەکاتەوە.

زارین لەبارەی بەرهەمەکەی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو گۆرانییەم بە هاوبەشی لەگەڵ محەممەد کازم، ئەلارە و ئەحمەد محەممەد تۆمارکردووە، گۆرانییەکەش بەناوی یەکڕیزییە و بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوودا بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاوی بکەینەوە".

ئەم گۆرانییە لە تێکست و ئاوازی وشیار عەبدوڵڵایە، لەلایەن جێگر ئاکرەیی کاری موزیکی بۆ کراوە و دلێر دلاوەریش کاری کلیپی بۆ دەکات.

## سەمای شەزا ورووژێنەر نییە



**رووداو- ئاژانسەکان**

کچە گۆرانیبێژی عێراقی شەزا حەسوون رەتیکردەوە کە بە مەبەستی ورووژاندن لە کلیپەکانیدا سەما بکات.

شەزا حەسوون لە چەند دیمەنێکی دوایین کلیپیدا سەمایەکی ورووژێنەر دەکات، بۆیە لەلایەن رۆژنامە و ماڵپەڕە عەرەبییەکانەوە رەخنەباران کراو بە گۆرانیبێژێکی ورووژێنەری "بێ رەوشت" وەسفیان کرد، بەڵام شەزا ئەو تۆمەتانەی رەتکردەوە و گوتی "هەوڵمداوە لە کلیپەکانمدا شتێکی نوێ پێشکەش بکەم، هیچ مەبەستێکی دیکەم نەبووە".

شەزا گوتیشی "هەر لەبەر قسەی خەڵک چەند دیمەنێکی ناو کلیپەکەم سڕیوەتەوە، وەک رێزێک بۆ خۆم و خەڵک و بینەر، چونکە کلیپەکەم سەماکردنی زۆری تێدابوو".

## ئەمیر حەسەن شارچێتی ناکات



**رووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژ ئەمیر حەسەن، کۆتایی بەکارەکانی ئەلبوومەکەی هێنا و ناوی لە ئەلبوومەکەشی ناوە "سلێمانی". بەڵام رەتیکردەوە شارچێتی کردبێت و دەڵێت "گۆرانی بۆ هەولێریش دەڵێم".

ئەمیر حەسەن، لەبارەی ئەلبوومەکەی بە (رووداو)ی گوت "دەمێکە کارەکانی ئەلبوومە نوێیەکەم تەواو کردووە کە لە 8 تراک پێکهاتووە، ئەلبوومەکەشم ناو ناوە سلێمانی، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئێستای کوردستان بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەم دواخستووە".

هەر یەک لە کۆمپانیای میران و قەیوان گرووپ سپۆنسەری ئەم ئەلبوومەیان کردووە.

سەبارەت بە ناوی ئەلبوومەکە ئەمیر دەڵێت "دوای ئەوەی گۆرانییەکم بەناوی سلێمانی تۆمار کرد و بینیم خەڵکێکی زۆر گوێی لێدەگرێت، ئەلبوومەکەم ناونا سلێمانی، بەڵام ئەگەر تێکستێکی گونجاو هەبێت بۆ دهۆک و هەولێریش گۆرانی دەڵێم، چونکە من شارچێتی ناکەم و خزمەتی کوردستان دەکەم".

## کاپوور دژی جیهادی نیکاحە



**رووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی سینەمای هیندی کارینا کاپوور دژی جیهادی نیکاحە و پێیوایە تەنیا خۆشەویستی دەتوانێت ژیانێکی بەختەوەر دروست بکات.

رۆژنامەی bollywoodlife لەزاری کارینا کاپوور بڵاوی کردەوە کە ئەو بەتەواوی دژی لەخشتەبردنی ژنانە بەناوی جیهادی ئیسلامی.

کەمینەی موسڵمان لە هیندستان ژمارەیان لەسەرووی 100 ملیۆن کەسە. بەڵام موسڵمانەکانی هیندستان بەوە ناسراون کە خۆیان لە رێکخراوە تیرۆریستەکانی وەکو ئەلقاعیدە و داعش بەدوور دەگرن و رۆڵێکی ئەوتۆیان لە جیهادی نێودەوڵەتیدا نییە.

کارینا هۆشداری دا کە ئەوەی پێیدەڵێن جیهادی نیکاح شیرازەی کۆمەڵایەتی تێکدەدات.

## بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
پرۆژەکانت باشن و پێویستە دڵنیا بیتەوە کە بەتوانای خۆت دەتوانی ئەنجامیان بدەی. لە ئایندەیەکی نزیکدا زۆر رووداوی دڵخۆشکەر روودەدەن. مەرج نییە هەموو ئاواتەکان لەیەک کاتدا بەدی بێن. پەیوەندیەکانتان بە کۆمەڵ و چواردەورەوە بەهێزتر دەبێت.

**گا**
چالاکییەکانتان لەهەردوو لایەنی جەستەیی و فکرییەوە بەهێز دەبێت. بەهۆی زۆریی کارەکان کەمتر دەپەرژێنە سەر ئەڤینداری. ئەو کارانەی تا ئێستا بەئەنجام نەگەیشتوون فرسەتی ئەنجامدانیان دێتە پێشەوە. دیدارەکانتان زۆر دەبن و هەندێکیشیان بەو شێوەیە دەبن کە ئێوە دەیخوازن.

**جمک**
لە کارکردندا کەمتەرخەمی مەنوێنە لەگەڵ ئەو هاوکارانەی بەرژەوەندییەک بەیەکتانەوە دەبەستێتەوە. پەیوەندییەکی سۆزداری کۆن نوێ دەبێتەوە. دەتوانن متمانە بەئەندامانی خێزان بکەن بۆ بەدیهێنانی ئاواتێکی پەیوەندیدار بە سۆزداری.

**قرژاڵ**
باری تەندروستیتان بەجێگیری دەمێنێتەوە و فرسەتێکی باشە بۆ ئەوانەش کە دەخوازن چارەسەری نەخۆشییەک بکەن. سەرجەم بەربەستەکانی کارکردن تێکدەشکێن و چەند دەرگایەکی نوێ دەکرێنەوە. لەماڵدا هەست بە ئاسوودەیی زیاتر دەکەن.

**شێر**
خۆتان لە راڕایی بەدوور بگرن. کاتێکی باشە بۆئەوەی ماندووبوونی ئەم ماوەیەی رابردوو دەربکەن و بە بیر و چالاکییەکی نوێوە ئەو کارانە بکەن کە لەپێشتانن. دیداری کەسانی پلەبەرز دەکەن کە دەتوانن هاوکاریتان بکەن. پێویستە کارە کەڵەکەبووەکانی ئەم ماوەیە رایی بکەن.

**گوڵەگەنم**
رەنگە ترسێکت هەبێت لە ئەنجامی کارەکان، بەڵام دڵسۆزیی کەسەکانی چواردەورت خەمەکانت دەڕەوێننەوە. باری سۆزداری پەیوەستە بەمیزاجی بەرامبەرەکەتەوە. پرۆژەکانت فرەجۆرن و کارکردن تێیاندا ئاسانە. ئەو کارانەی تا ئێستا بەئەنجام نەگەیشتوون فرسەتی ئەنجامدانیان دێتە پێشێ.

**تەرازوو**
لەگەڵ خۆشەویستەکەت زیاتر هەوڵی خۆگونجان بدە. ئەم هەفتەیە هەواڵەکان دڵخۆشت دەکەن. پارەیەکی زۆر سەرف دەکەن، بۆیە دەبێ ئاگادار بن کە نەتانخاتە ژێر گوشارێکی زۆر.

**دووپشک**
لەگەڵ هاوڕێیەکی دێرین دەست بە پرۆژەیەکی نوێ دەکەن. گفتوگۆی زۆر لەسەر بابەتێکی سادە بۆ کەسایەتیت باش نییە. هەست بەماندووبوونی جەستەیی و دەروونی دەکەیت، بەڵام پێویستە سەرجەم کارەکانت رێک بخەیتەوە بەتایبەت باری دارایی.

**کەوان**
لەکاتی هەنگاوناندا هەندێک بەربەستی بچووک لە خۆتان گەورە مەکەن، کۆنترۆڵی ترس و رەشبینیەکانتان بکەن. دەتوانی بۆ سەرجەم هەنگاوەکان پشت بە بەخت ببەستی. لەئەنجامدانی ئەو کارانە سڵ مەکەرەوە کە بڕیارت لەسەری داون.

**کارژۆڵە**
لەڕووی کارکردنەوە پێویستە خۆت لە جەنجاڵی رزگار بکەیت، لەپاشان دەتوانی کاروبارە ئاڵۆزبووەکان چاک بکەیتەوە. بیرکردنەوەی زۆر ئارامی دەروونت تێکدەدات، وا باشە تەنها بە گەشبینی بیر بکەیتەوە. دیدارەکانتان زۆر دەبن و هەندێکیشیان بۆ ئێوە زۆر گرنگ و بەسوود دەبن.

**سەتڵ**
پێشکەوتنی پەیوەندییەکانت بەندە بەو متمانەیەی بە بەرامبەرەکەتی دەدەی. لە کارکردندا گیانی هاوکاری دروستبکەیت لەململانێ باشترە. بۆ دەستپێکردنی کارە گرنگەکان کاتی باش و گونجاو هەڵبژێرە. چالاکییەکانتان لەهەردوو لایەنی جەستەیی و فکرییەوە بەهێز دەبێت.

**نەهەنگ**
بیرۆکەیەکی نوێ دەرگایەکی کارکردنت بۆ دەکاتەوە. مەترسە لە دەربڕینی هەستەکانت. وا مەزانە تەنها لە دوورەوە یان بەبینینێک توانیوتە لەکەسێک تێبگەیت. بەهۆی پەیوەندییەکانی ئەم ماوەیە خەڵکانێکی زۆر دەناسن.

هەڵاتن بۆ بەهەشت

# ڕێی ئەوروپا بە تەرمی سوورییەکان ڕاخراوە



**ڕووداو- العربی الجدید**

دایکی نوور و منداڵەکانی لە باڵەخانەیەکدان لە شاری ئەسکەندرییەی میسر کە پڕیەتی لە پەنابەری نایاسایی سووریی دەستبەسەرکراو. ئەو ژنە و منداڵەکانی هەوڵیانداوە بە ڕێگەی قاچاخ بەرەو ئەوروپا کۆچ بکەن، بەڵام دەستگیرکراون.

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا دایکی نوور و دەستە خوشکەکانی جەختیانکردەوە کە جارێکی دیکە لە ڕێگەی دەریاوە هەوڵی کۆچکردن بەرەو ئەوروپا دەدەن، دایکی نوور دەڵێت لە میسر بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، گوشارێکی زۆری دەروونی و ئابوورییان لەسەرە، بۆیە دەیانەوێت بە هەر نرخێک بێت بگەنە ئەوروپا.

لە نێو سەنتەری لاوانی ئەنفوشی کە یانەیەکی میللییە لە شاری ئەسکەندەریە، دایکی نوور گوتی بەهۆی تەنگژەی دارایی کە ماوەی چەند مانگێکە میسری گرتووەتەوە، بڕیاری داوە میسر جێبهێڵێ.

تەنانەت ئەگەر ئیحتیمالی دەرچوونیان 50%ش بێت، ئەو دەڵێت "ژیان بەم جۆرە ناچێتە سەر، منداڵەکانم کاتێکی زۆر سەختیان لەکاتی کۆچکردنمان لەنێو دەریا بردووەتە سەر، بەڵام هیچ شتێک لەو بڕیارە ساردمان ناکاتەوەو جاری دووەم و سێیەمیش هەوڵی بۆ دەدەین".

دایکی نوور باس لەو کێشانە دەکات کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە: "ڕەوشی ئابووری لە میسر زۆر سەختە، پیاوەکەم ماوەی دوو مانگ دووکانێکی خواردەمەنی سووری کردەوە، بەڵام مایەپووچ بوو، قوتابخانەی منداڵان بڕە پارەیەکی زۆری دەوێ، زۆربەی میسرییەکانیش مامەڵەیان لە بەرامبەر ئێمەدا گۆڕاوە".

دایکی نوور باسی گەشتەکەی دەکات و دەڵێت: "هاوسەرەکەم لە قاهیرە لەگەڵ قاچاخچییەکی میسری ڕێککەوت کە بە بەلەم لە ڕێگەی دەریاوە بەرەو ئەوروپا بڕۆین بۆ هەر نەفەرێکیش 2300 دۆلارمان داوە، بەڵام منداڵەکان بەخۆڕایی بوون".

کاتێک دایکی نوور و مێرد و منداڵەکانی لەگەڵ 27 کەسی دیکە لە 10ی ئەیلولی ڕابردوو سواری بەلەمێک دەبن و لە سنووری ئاوی میسر دووردەکەونەوە، دایکی نوور هەناسەیەکی دێتەوە بەر و پێیوایە ئەمە سەرەتای کۆتایی نەهامەتیەکانیەتی لە میسر، بەڵام قاچاخچییە میسرییەکە زۆر چاوچنۆک دەبێت و بۆ بارکردنی ژمارەیەکی دیکە دووبارە دەگەڕێتەوە نێو ئاوی میسر و لەوێ بە هەموو سەرنشینەکانەوە کە ژمارەیان نزیکەی 200 کەس بووە، لە 17ی ئەیلول لەلایەن پاسەوانانی کەناری دەریا دەستگیر دەکرێن و لە نێو سەنتەری لاوانی ئەنفوشی دەستبەسەر دەکرێن.

دایکی ئیبراهیمیش لەگەڵ دایکی نوور لە هەمان باڵەخانەیە، بەڵام حاڵی ئەو زۆر لە حاڵی دایکی نوور خراپترە. ئەو سوورییە و شووی بە کەسێکی میسری کردووە، هەموو خێزانەکەی لەسەر پشتی بەلەمەکە دەستگیرکراون. خۆی و مێردی و کوڕێکی سێ ساڵان و کچێکی تەمەن 18 مانگانەی لەگەڵ سوورییەکان دەستگیرکراون، بەڵام لەبەر ئەوەی مێردەکەی میسرییە لەگەڵ منداڵەکانی ئازادکراون، ئەویش چاوەڕێیە بۆ سووریا یان لوبنان یان تورکیا دیپۆرتبکرێتەوە.

## ئامارەکان چی دەڵێن؟

بەپێی نوێترین ئاماری نووسینگەی کۆمیسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە قاهیرە، لە کۆی 24 هەزار پەنابەری نایاسایی لە ساڵی 2013 کە لە وڵاتەکانیان هەڵاتوون، نزیکەی 12 هەزار پەنابەریان خەڵکی سووریا و لیبیان و لە ڕێگەی دەریاوە خۆیان گەیاندووەتە ئیتاڵیاو ناوەکانیان لەم وڵاتە تۆمارکردووە، هەر بەپێی داتاکانی کۆمسیۆنی پەنابەران لەسەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا لە کۆی 2473 کۆچبەری نایاسایی، نزیکەی 1052 پەنابەری سووری لە میسر دەستگیرکراون کە هەوڵیانداوە لەڕێگەی دەریاوە بەرەو ئەوروپا کۆچبکەن.

## قاچاخچی و کۆچبەران چۆن ڕێکدەکەون؟

بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوومان لە قاوەخانەیەکی نێو مۆڵێکی ئەمریکی کرد لە شاری شەشی ئۆکتۆبەر کە پڕبوو لە پەنابەری سووری، هەموو سوورییەکانیش ئەو قاوەخانەیە دەزانن، لەو قاوەخانەیەدا توانیمان ئامادەی ڕێککەوتنێکی نێوان خێزانێکی سووریی و قاچاخچییەک بین.

سەمیر و هاوسەرەکەی بە دەنگێکی بەرز گوتیان "میسر بەجێدێڵین" ئێمەش بەشێوەیەکی نهێنی تەواوی ڕێککەوتنەکەمان تۆمارکرد، ئەو ژن و مێردە زۆر بێزاربوون، چونکە قاچاخچییەکە داوای لێکردبوون ئارام بگرن.

خێزانی سەمیر بە قاچاخچییەکەی گوت هەر کە گەیشتنە ئیتاڵیا بیر لەوە دەکەنەوە بەرەو ئەڵمانیا بەڕێبکەون بۆ ئەوەی لە ئیتاڵیا پەنجەمۆریان پێنەکرێت، چونکە ئەگەر لە ئیتاڵیا پەنجەمۆر بکەن ئەوە لە سوێد وەکو پەنابەر وەرناگیرێن، لەکاتێکدا سوید باشترین وڵاتە بۆ پەنابەرە سووری و فەلەستینییەکان، قاچاخچییەکە هەوڵیدا موشتەرییەکانی دڵنیابکاتەوەو زوو قسەکانی پێبڕی و گوتی "قسەکردن لە شوێنی قەرەباڵغ مەترسیدارە".

## دەرگای بەرەکەت بۆ قاچاخچی

لە ڕێگەی سەرچاوەکانمانەوە لە نێو پەنابەرانی سووری لە قاهیرە گەیشتینە لای باوکی عەمر کە بەبڕوای پەنابەران باشترین قاچاخچییە، باوکی عەمر ڕەتیکردەوە ڕووبەڕوو چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بکات، بەڵام ڕازی بوو لە ڕێگەی فەیسبووکەوە قسە بکات.

ئەو گوتی دوای ڕووداوەکانی 30ی حوزەیران لە میسر، گوشاری زۆر خرایە سەر سووری و فەلەستینیەکان، بەهۆی ئەوەوە دەرگایەکی بەرەکەت بەڕووی ئەودا کراوەتەوە.

باوکی عەمر هەروەها دەڵێت، ئەو لە پرۆسەی بەقاچاخبردنی پەنابەراندا بەرەو ئەوروپا پێوەری تایبەتی خۆی هەیە، لەوانە لە ماوەی وەرزی زستان هیچ گەشتێک ناکات، چونکە شەپۆلەکان بەشێوەیەک بەرزدەبنەوە کە بەلەمی بچووک بەرگەی ناگرێت، ئەمەش ئەگەری نقومبوونی بەلەمەکان زیاتر دەکات".

باوکی عەمر هەروەها دەڵێت "قاچاخچییەکانی میسر بۆ هەر نەفەرێک 2 هەزار دۆلاریان دەستدەکەوێ، نێوەندگیرو قاچاخچی و خاوەن بەلەم لە نێوان خۆیان دابەشی دەکەن، بڕێک لەو پارەیەش وەکو بەرتیل دەدرێتە فەرمانبەرانی بەندەرەکان، لە کاتی دەستگیرکردنیشیان پارەکە دەفەوتێ".

لە بارەی ئەو گەرەنتیانەی بە کۆچبەرەکان دەدرێت، باوکی عەمر دەڵێت "هیچ گەرەنتییەک نییە، ناوبانگی من گەورەترین گەرەنتیە، قاچاخچی قۆڵبڕیش لە نێو سوورییەکان ڕەزیل دەکرێت".

## فەیسبووک شارەزایی دەگوازێتەوە

ژمارەیەک گەنجی سووری قسەکانی باوکی عەمریان پشتڕاستکردەوە، لەوانەش محەممەد و باوکی عەلی کە بڕیاریانداوە تاوەکو کۆتایی مانگی زستان لە میسر بمێننەوە بۆ ئەوەی خێزانەکەیان لە نێو دەریا تووشی کارەسات نەبن.

چانسی باوکی عەلی لە هەندێک کەس باشترە، چونکە پارەی هەیە و ئێستا لە زانکۆ دەخوێنێ، سەرەڕای ئەمەش بەهۆی خراپیی باری ئەمنی و کۆمەڵایەتی لە میسر دەیەوێت لەڕێگەی نایاساییەوە بەرەو ئەوروپا کۆچبکات.

محەممەد بۆ دۆزینەوەی باشترین قاچاخچی پشت بە فەیسبووک دەبەستێ کە لەڕێگەیەوە بەرەو بەهەشت (ئەوروپا) کۆچ دەکات، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو وڵاتەی دیاری نەکردووە کە بەنیازە ڕووی تێبکات، بەهۆی کێشەی پەنجەمۆریشەوە ئیتاڵیا بە شوێنێکی باش نازانێت.

ئێستا محەممەد بەراورد لە نێوان سوێد و ئەڵمانیا دەکات و دەڵێت "لەگەڵ گەیشتنت سوید شوێنی حەوانەوەت بۆ دابین دەکات، بەتایبەتی بۆ خێزان، فێری زمانت دەکات، بەڵام هەر کەسێک وەکو پەنابەر لە ئیتاڵیا پەنجەمۆری کردبێت وەریناگرێت، هەروەها کاتێک پەنابەر لەڕێگەی داوەتنامەی فەرمییەوە کەسێکی نزیکی خۆی داوادەکات، ماوەی 11 مانگ دەخایەنێت، هاوکات ئەڵمانیا پەنجەمۆری پەنابەری ئیتاڵیای بەلاوە گرنگ نییە، ڕێکارەکانی وەرگرتنی خێزانەکان بەخێرایی جێبەجێ دەکات، بەڵام مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەمیشەییت ناداتێ".

# تاران.. 35 ساڵ دوای قەیرانی بارمتە ئەمریکییەکان




**هارڤی مۆریس**
**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو 35 ساڵ بەسەر هێرشی گرووپێک خوێندکاری ئێرانی بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران تێپەڕی. ئەوان قەیرانێکیان بۆ کارمەندانی ئەو باڵیۆزخانەیە دروستکرد کە تاوەکو ئێستاش برینەکانی سارێژ نەبووە.

قەیرانی ڕفاندنی 444 ڕۆژەی دیپلۆماتە ئەمریکییەکان لە تاران کە دواجار لە سەرەتای ساڵی 1981دا کۆتایی هات و 52 ئەمریکییە دەستبەسەرکراوەکە ئازادکران، دەستپێکی ساڵانێکی پڕ لە گێرەوکێشە بوو.

لە مانگی دوای کۆنترۆڵکردنی باڵیۆزخانەکە، سوپای یەکێتی سۆڤیەت هێرشیان بردە سەر ئەفغانستان. هێشتا کێشەی قەیرانی ڕفاندنەکە کۆتایی نەهاتبوو کە جەنگ لەنێوان ئێران و عێراق هەڵگیرسا.

ئەمریکا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ڕزگارکردنی ڕفێنراوەکان، بەڵام هەوڵەکە بە شکستێکی ئابڕووبەرانە کۆتایی هات. ناتوانایی ئەمریکا لەمەڕ ئازادکردنی ڕفێنراوەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای پەکخست و سەرۆکایەتی جیمی کارتەری لاواز کرد.

هەروەها چیرۆکی ڕۆژانەی بارودۆخی ڕفێنراوەکان تەرکیزی خەڵکی لەسەر مژارەکانی دیکە نەهێشت، یەکێک لەو مژارانەی دیکە کە لە سێبەری تەرکیزی سەر بارودۆخی ڕفێنراوەکاندا ون بوو، مەسەلەی هەڵمەتی سوپای ئێران بوو بۆ ئەوەی کۆتایی بە شۆڕشی کوردی ڕۆژهەڵات بهێنێ. لە چەند مانگی سەرەتای شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا، ژینگەی ئێران بە ترس پڕ ببوو، ئەو شۆڕشەی ساڵی 1979 کە لەسەر دەستی ئایەتوڵڵایەکی شیعە هەڵگیرسا، ئامانجی ئەوە بوو دەسەڵات بەتەواوەتی بۆ خۆی و دۆستەکانی پاوان بکات. ئەو ئایەتوڵڵایە گرووپە ئیتنیەکانی ئێران و لەسەرووی هەموشیانەوە کوردی وەکو مەترسییەک دەبینی.

ڕفاندنی کارمەندانی باڵیۆزخانەکەی ئەمریکا دوای ئەوە سەریهەڵدا کە حکومەتی ئەمریکا ڕازی بوو ڕێگە بە شای ئێران بدات بچێتە وڵاتەکەی بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی. ئەو هەنگاوەی ئەمریکا لای ئێرانییەکان وا لێکدرایەوە کە ڕاگەیاندنی دوژمنایەتییە بەرامبەر شۆڕشی ئیسلامیی ئێران. دواتر یەکێک لە داوا سەرەکییەکانی خوێندکارەکان ئەوە بوو شا ڕادەستی ئێران بکرێتەوە.

ڕفێنەرەکان پشتگیری تەواوی سەرکردەی شۆڕشەکە، ئایەتوڵڵا خومەینی و ئاخوندە باڵادەستەکانیان هەبوو. ئەم ڕاستییە هەندێک کاتی ویست تا دواجار واشنتن بۆی دەرکەوت دروستە.

گەمارۆی سەر باڵیۆزخانەکە وەکو دەستکەلایەک لەلایەن دەسەڵاتی ئاینیی ئێرانەوە بەکارهێنرا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی نائاینیی حکومەتی پێشووتر کۆتایی بێت و سێکۆلاریستەکان دووربخاتەوە و هەروەها ڕێگە بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ خۆش بکات و پرۆسەی ڕاوەدوونانی دوژمنە ناوخۆییەکان دەستپێبکات.

هەر لە کاتی کۆنترۆڵکردنی باڵیۆزخانەکەوە کە لە ڕۆژی 1980/11/4دا بوو، ڕژێمی ئێران کەوتبووە ململانێ لەگەڵ کەمینەی کوردی وڵاتەکە. ناسەقامگیری ڕووی لە ناوچە عەرەبنشین و بەلوچی و ئازەرییەکانیش کرد.

کورد لەناوبردنی شای ئێرانیان وەکو هەلێک دەبینی بۆ ئەوەی لە کۆمارە نوێیەکەی ئێراندا مافی ئۆتۆنۆمی بۆخۆیان مسۆگەر بکەن، بەڵام داواکاری کورد بۆ ئۆتۆنۆمی و مافەکانیان وای کرد کە چاوی ڕژێم بچێتە سەر کورد. لەو کاتەدا کورد داوای سەربەخۆییان نەدەکرد. ئەو داواکاریانەی کورد وای کرد کە ڕژێمی ئێران وەکو دەستێک بۆ لە ناوبردنی کۆماری ئیسلامی لە کورد بڕوانێت.

هەر لە مانگی ئاداری 1979دا کوردی ئێران کە زۆرینەیان سوننەن لە دژی دەرکردنیان لە ڕژێمی شیعی کۆنترۆڵکراوی ئێرانی وەستانەوە. خومەینی ڕێگەی نەدا عەبدولڕەحمان قاسملۆ نوێنەرایەتی کورد بکات لە ئەنجوومەنی شارەزایاندا کە بڕیاربوو ڕەشنووسی دەستوور بنووسێتەوە. 10 ساڵ دواتر قاسملۆ لە ڤییەنا تیرۆر کرا، بکوژانی قاسملۆش بەکرێگیراوی ئێرانی بوون.

لە کاتێکدا کە چەند سەرکردەیەکی کورد هەوڵیاندا جێگەیەک بۆ کورد لە کۆماری ئیسلامیدا بکەنەوە، هەندێکی دیکە لە سەرکردە کوردەکان بە تایبەتی ئەوانەی کە سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون، بڕیاریان دا دەست بە خەباتی چەکداری بکەن.

شۆڕشی کورد لە شارۆچکەی پاوەوە دەستپێکرد. شۆڕشەکە بە دەستبەسەرداگرتنی بنکەی پۆلیس و سوپا لەلایەن خەڵکەوە دەستپێکرد.

وەڵامی ڕژێم بێ بەزەییانە بوو. خومەینی فەتوای جیهادی لە دژی کورد دا و سەرکردەکانی کوردی بە دوژمنی دەوڵەت ناوبرد. تاران فڕۆکەی جەنگی و تانک و تۆپهاوێژی ناردە ناوچەکە بۆ ئەوەی شەڕی کورد بکەن.

لە مانگی ئاب و سەرەتاکانی ئەو مانگەی کە قەیرانی ڕفاندنی کارمەندانی باڵیۆزخانەکەی تێدا بوو، ڕژێمی ئێران هەڵمەتێکی لەناوبردنی بەرگریی کوردی دەستپێکرد و سەرەتا هێرشی بردە سەر ئەو ناوچانەی کە کوردی تێدا بەهێزبوون لەوانە سەقز و مەهاباد.

بەڵام سەرەڕای سەدان کوژراو لە گۆڕەپانی جەنگدا و سەدان لە سێدارەدان- لەلایەن حوجەتولئیسلام سادق خاڵخاڵییەوە بڕیاری لەسێدارەدانەکان دەردەچوون، خاڵخاڵی بە دادوەری لە سێدارەدان ناوی دەرکردبوو- سەرەڕای هەموو ئەمانە، شەڕڤانانی کورد تا هاوینی 1980 بەرگرییان لە ناوچەکانی خۆیان کرد.

لە مانگی سێپتێمبەر کە هێشتا کێشەی باڵیۆزخانەکەی تاران چارەسەر نەکرابوو، کوردستانی ئێران بووە سنووری نێوان شەڕی دوو وڵات (ئێران-عێراق) ئەوەش دوای هێرشی سوپای عێراق. شۆڕشی لاوازی کورد تاوەکو کۆتاییەکانی ساڵی 1983 بەردەوامی هەبوو.

چەند مانگێک لە دوای ڕفاندنەکە، شەوێک جۆن لیمبەرت، دیپلۆماتکار و شارەزای بواری کوردستان کە یەکێک بوو لە 52 ڕفێنراوەکە، لە جێگەی نووستنەکەی ڕادەکێشرێتە دەرەوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت.

ئەمجارە، لیمبەرت لەلایەن حوسێن شێخولئیسلامەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرا. شێخولئیسلام یەکێک بوو لە سەرکردەکانی خوێندکاران و پێیوابوو کە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لانەی سیخوڕیکردنە.

ئەو دەیویست دەربارەی پەیوەندییەکانی لیمبەرت زانیاری وەربگرێ. هەروەکو نووسەر مارک باودن دەگێڕێتەوە، شێخولئیسلام بە لیمبەرت دەڵێت "دەربارەی بەکرێگیراوەکانت لە کوردستان قسەم بۆ بکە".

لیمبەرت ئاگاداری شۆڕشەکەی کوردستان بوو، مەزەندەی ئەوەی دەکرد کە خوێندکارەکان پێیانوایە ئەو بەکرێگیراوی لە کوردستان هەیە و دەستی لە شۆڕشی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە. لیمبەرت هیچ پەیوەندییەکی لەو شێوەیەی نەبوو. بە گوتەی خۆی بێت، حەوت ساڵ دەبوو کە کوردستانی نەبینیبوو. بەڵام شێخولئیسلام کە دواتر بوو بە باڵیۆزی ئێران لە سووریا، بڕوای بە وتەکانی لیمبەرت نەبوو.

"دەزانی ئێمە لێرە چی لە سیخوڕ دەکەین؟" شێخولئسلام بە لیمبەرت دەڵێت "گوللەبارانیان دەکەین".

# ڕێنماییەکانی سەر دەرمـــان ناکەنە کوردی



**ژیان سابیر**
**رووداو- سلێمانی**

بەرپرسێکی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت تاوەکو ئێستا چەند جارێک قسەیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی دروستکردنی دەرمان کردووە بۆئەوەی زمانی کوردی بۆ ڕێبەری دەرمانەکانیان زیاد بکەن، بەڵام ئەوان بەپاساوی ئەوەی کە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان زۆر نین، ئەو داوایە جێبەجێ ناکەن.

هەموو ئەو دەرمانانەی دروستدەکرێن لەلایەن کۆمپانیاکان، ڕێنماییەکیان لەگەڵدایە بۆ نەخۆشەکە کە زانیاری تێدایە سەبارەت بە دەرمانەکە و چۆنیەتی بەکارهێنانی. بەڵام کاتێک ئەو دەرمانانە دێنە هەرێمی کوردستان، ئەو ڕێنماییە هەر بە زمانی بیانییە. بەبڕوای پسپۆڕانی تەندروستیش، دەبێت ئەو ڕێنماییە بکرێتە کوردی تاوەکو بەکارهێنانی لەلایەن نەخۆشەکانەوە نەبێتە گرفت و نەخۆشەکان بە دڵنیاییەکی زیاترەوە بەکاری بێنن.

ئیبراهیم تۆفیق، پسپۆڕی کارگێڕی تەندروستی دەڵێت "ئەو ڕێنماییەی لەگەڵ دەرمانەکەدایە ئەگەر بکرێتە کوردی، نەک کارێکی باشە بەڵکو کارێکی پیرۆزە. ڕێژەی خوێندەواریش لە هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی بەرزە و دەتوانرێت بەشێوەیەکی باش سوودی لێ ببینرێ، چونکە ئەگەر ڕێنماییەکە بە زمانی کوردی بێت دەزانێت چۆن بەکاری بهێنێت و ئایا گونجاوە بۆ ئەو نەخۆشە یاخود نا".

ئەو پسپۆڕە گوتیشی "بوونی زانیاری دەربارەی دەرمان بەگشتی بەسوودە، بەڵام هەندێکجار نەخۆشەکە زیاد لە پێویست ترسی بۆ دروست دەبێت سەبارەت بەو زیانە لاوەکییانەی ڕەنگە لەکاتی بەکارهێنانی دەرمانەکە تووشی ببن و ڕەنگە لە بەکارهێنانی دەرمانەکە راوەستن".

کەمیی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەبێتە گرفت بۆ هەندێک لە کۆمپانیاکانی دروستکردنی دەرمان بۆ ئەوەی ئەو ڕێنماییە بکرێتە کوردی. چونکە کۆمپانیاکان بەدوای بازاڕی گەورەی ساغکردنەوەی دەرماندا دەگەڕێن.

د.گۆران ڕۆژبەیانی، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان لە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت "هەوڵی جدیمان داوە و گفتوگۆمان لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی دەرمان کردووە لە چەند وڵاتێکی جیاواز تاوەکو زمانی کوردی بۆ ئەو ڕێنماییە زیاد بکرێت، بەڵام ئەو کۆمپانیایانە کەمیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانیان کردووەتە گرفت و دەڵێن ناکرێت بۆ ژمارەیەکی کەمی خەڵک کە نزیکەی 5 ملیۆن کەسە، دیزاینی سەر دەرمانەکان بگۆڕدرێت، بەڵام لە داهاتوویەکی نزیکدا هەڵدەدەین ئەو ڕێنماییە بکەینە کوردی".

کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا، کە کارگەیەکی خۆماڵییە، تاکە کۆمپانیایە کە ڕێنمایی دەرمانەکانی بە زمانی کوردی نووسیوە. ئەمەش کارئاسانییەکی زۆری بۆ نەخۆشەکان کردووە.

دکتۆر ئیبراهیم دەربارەی ئەو زانیارییانەی پێویستە بە کوردی لە ڕێنماییەکەدا هەبن، بە (رووداو)ی گوت "ئەوەی گرنگە بکرێت بە زمانی کوردی لەسەر ئەو ڕێبەرییە ناوی دەرمانەکە و بۆچی بەکاردەهێنرێت لە کاتی بەکارهێنان ئاگاداری چی بێت. گرنگتر لەمانە کارلێکی ئەو دەرمانە لەگەڵ دەرمانێکی دیکە، چونکە دەبێت نەخۆش ئاگاداربێت لەوەی هەندێک لە دەرمانەکان نابێت لەگەڵ یەکدی بەکاربهێنرێن".

دەرمانەکان لە وڵاتانی دیکەوە زیاتر ئاراستەی عێراق دەکرێن و وەک د.گۆران ڕۆژبەیانی دەڵێت "زمانی عەرەبی زمانی سەرەکییە لە عێراق و تائێستا هەرێمی کوردستان سەر بە عێراقە، بۆیە ئەو ڕێبەریە تەنیا زمانی عەرەبی تێدایە".

ئەوەش لەکاتێکدایە ژمارەی عەرەبیزانەکان لە کوردستان ساڵ لەدوای ساڵ کەمتر دەبنەوە.

# ئایا بۆتۆکس و فیلەر و لەیزەر مەترسیدارن؟



**رووداو- فۆکس نیوز**

توێژینەوەیەکی نوێ لە ئەمریکاوە دڵنیاییەکی زیاتر دەداتە ئەوانەی بە ڕێگای بۆتۆکس و فیلەر و لەیزەر جوانکاری دەکەن. بەپێی توێژینەوەیەک کە ئەنجامەکەی لە جۆرناڵی زانستی (JAMA Dermatology) بڵاوبووەتەوە، کاریگەرییە نەخوازراوەکانی ئەو سێ ڕێگایەی جوانکاری بریتین لە ڕووداوی سادەی وەک ڕووشانی پێست و دروستبوونی گرێی بچووک و گۆڕانی ڕەنگ کە تەنیا لە 1%ی حاڵەتەکاندا ڕوودەدەن.

دکتۆر موراد عالم، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست لە زانکۆی نۆرس وێستێرن لە ویلایەتی ئیلینۆی لە ئەمریکا دەڵێت "ئێمە زۆر سەرسام بووین بەوەی کاریگەرییە نەخوازراوەکانی ئەو ڕێگایانەی جوانکاری هێندە کەم بوون".

د.مایکڵ ئێدوارد سەرۆکی پزیشکانی جوانکاری ئەمریکا دەڵێت توێژینەوەکە تەنیا لەسەر ئەو حاڵەتانە بووە کە پزیشکی پێست بەدەستی خۆی بۆتۆکس و فیلەر و لەیزەری ئەنجامداوە، بۆیە لەو سەنتەرانەی جوانکاری کە کارمەندی ڕاهێنراو (نەک پزیشکی پێست) پرۆسەکان ئەنجامدەدەن، پێدەچێ کاریگەرییە نەخوازراوەکان زیاتر بن.

هەروەها توێژینەوەکان تەنیا بۆ تۆمارکردنی حاڵەتە نەخوازراوەکان تۆمارکراون وەک ڕووشان و سووربوونەوە و هەڵاوسان و گرێ دروستکردن، بەڵام لە نەخۆشەکانیان نەپرسیوە ئاخۆ لە ڕوخسارە نوێیەکانیان ڕازین یان نا. بۆیە ناکرێت وا تێبگەی ئەو ڕێگایانەی جوانکاری ئەو ڕوخسارەت پێ دەبەخشن کە خەونی پێوە دەبینی.

بۆتۆکس بۆ لابردنی چرچی پێست بەکاردێت، ئەویش بە ئیفلیجکردنی ئەو ماسولکە بچووکانەی بە گرژبوونیان ئەو چرچییە دروست دەکەن. فیلەریش بۆ هەڵاوساندنی ئەو شوێنانەی پێستە کە بەهۆی چوونە تەمەن یان زۆر بەرکەوتنی هەتاوەوە چاڵ بوون. هەرچی لەیزەریشە زیاتر بۆ لابردنی موو، لابردنی تاتۆ و خاڵ و هەمانکات توندکردنەوەی پێست بەکاردێت.

بە پێچەوانەی نەشتەرگەریی جوانکاریی پێستەوە، لەم سێ ڕێگایەدا پێویست بە خەواندن ناکات و دوای تەنیا ڕۆژێکیش ژیانی ڕۆژانەی خۆیان وەک جاران دەستپێدەکەنەوە.

پێشتر توێژینەوەی بچووک لەسەر ئەم ڕێگایانەی جوانکاری ئەنجامدرابوون، بەڵام ئەم توێژینەوە نوێیە کە هەفتەی ڕابردوو ئەنجامەکەی بڵاوکرایەوە، توێژینەوەیەکی گەورەیە و تێیدا داتاکان لە 23 پزیشکی پسپۆڕ وەرگیراون کە داوایان لێکراوە بۆ ماوەی ساڵێک زانیاری ورد لەسەر ئەو جوانکارییانە تۆمار بکەن کە لای ئەوان ئەنجامدراون، ژمارەی پرۆسە ئەنجامدراوەکان 20399 پرۆسەی جوانکاری بووە.

بەگشتی 1 لە 416ی حاڵەتەکان تووشی ڕووداوی سادەی نەخوازراوی وەک ڕووشانی پێست، ئاوسان و گرێکردنی پێست هاتوون. ئەوانەی بۆتۆکسیان بۆ ئەنجامدراوە تەنیا 1 لە 3333 یان تووشی حاڵەتی نەخوازراو بوون، ئەوانەشی فیلەریان بۆکراوە 1 لە 135 کەسیان تووشی باری نەخوازراوی وەک گرێکردن و زۆر تەختبوونی پێست بوون.

د.موراد دەڵێت ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە وادەکات خەڵکی زیاتر ڕوو بکەنە بۆتۆکس و لەیزەر و فیلەر، نەوەک نەشتەرگەری جوانکاری کە تێیدا بەشێک لە پێست دەبڕدرێت و بەشەکەی دی دەکشێنرێت تا چرچەکانی پێستەکە بسڕدرێنەوە.

**هۆشداری:**

د.موراد عالەم دەڵێت توێژینەوەکەی ئێمە لەسەر ئەو حاڵەتانە بووە کە پزیشکانی پسپۆڕی پێست ئەنجامیان داون.

لە سەنتەرەکانی جوانکاریدا هەندێک جار کەسانێک ئەو کارانە دەکەن کە پزیشک نین، بەڵکو تەنیا خولی ڕاهێنانیان لەسەر پرۆسەکان بینیوە.

د.ئێدواردز دەڵێت تا ئێستا لەو حاڵەتانەمان نەکۆڵیوەتەوە کە کەسانی غەیرە پزیشک دەیکەن و لەو بارانەدا دوور نییە کاریگەری نەخوازراوی گەورە بکەونەوە.

# زەردوویی منداڵ چۆن چارەسەر دەکەین؟

**د.گۆران محەممەد عەلی***

زەردوویی منداڵ یەکێکە لە حاڵەتە بڵاوەکان، بەجۆرێک 55-60%ی منداڵانی تازەبوو تووشی دەبن.

ئەم حاڵەتە بە زەردبوونی پێست و سپێنەی چاودا دەناسرێتەوە، ئەویش لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی ماددەی بیلیروبین، کە لە کەسێکی ئاساییدا بڕەکەی لە خوێندا 0.2-1.2% دەبێت، بەڵام لە تووشبووانی زەردووییدا ئاستەکەی زۆر بەرز دەبێتەوە.

لە منداڵانی تازەبوودا زەردوویی دوو جۆرە:

1 ـ زەردوویی ئاسایی (فەسلەجی): کە دوای 24-36 کاژێر لە لەدایکبوون ڕوودەدات.

2 ـ زەردوویی نەخۆشیی (پاسۆلۆجی): کە لە 24 کاژێری یەکەمی لەدایکبووندا دەردەکەوێ.

زەردوویی فەسلەجی بەهۆی ئەوەوە ڕوودەدات کە منداڵ لە سکی دایکیدا ڕێژەیەکی زۆر خوێنی هەیە، بەڵام دوای لەدایکبوون پێویستی بەو بڕە زۆرەی خوێن نامێنێت و هەندێک لە خڕۆکە سوورەکان تێکدەشکێنێت. یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەو تێکشکاندنی خوێنە زیادەیە ماددەی بیلیروبینە و بەهۆی پێنەگەیشتوویی جگەری منداڵەوە بە خێرایی ناکرێتە دەرەوەی لەش، بەوەش زەردوویی پەیدا دەبێت.

بەڵام لە زەردوویی پاسۆلۆجیدا سەرەڕای ئەو میکانیزمەی لە زەردوویی فەسلەجیدا هەیە، بەچەند ڕێگایەکی دی خوێن شی دەبێتەوە، وەکو جیاوازی گرووپی خوێنی منداڵ و دایکی، کە وادەکات بەهۆی دژەتەنەکانەوە خڕۆکە سوورەکانی خوێن شی ببنەوە و ئاستی زەردوویی زۆر بەرز ببێتەوە.

دەبێت لەژێر ڕێنمایی پزیشکدا ماوە ماوە پشکنینی ئاستی ماددەی بیلیروبین بۆ منداڵەکە بکرێت و ئەویش دوای لێکدانەوەی چەند فاکتەرێکی وەک (ماوەی نێوان لەدایکبوونی منداڵەکە و سەرهەڵدانی زەردوویی، کێشی منداڵەکە، حاڵەتی تەندروستی گشتی منداڵەکە و جۆری ماددەی زەردوویییەکە) بڕیار دەدات کە ئاخۆ پێویست بە چارەسەر دەکات یان نا.

چارەسەرەکەش سەرەتا بەوە دەبێت منداڵەکە لەژێر چاودێری پزیشکدا دەدرێتە بەر ڕووناکییەکی تایبەت (فۆتۆسێراپی)، کە بەهۆی تیشکەکانییەوە هانی جەستەی منداڵەکە دەدات بە خێرایی ماددەی بیلیروبینی زیادە فڕێ بداتە دەرەوە. ئەگەر ئەم ڕێگا سەرەتاییە کاریگەریی پێویستی نەبوو زەردووییەکە هەر لە بەرزبوونەوەدا بوو، ئەوکات پزیشک بڕیاری گۆڕینی خوێنی منداڵەکە دەدات.

باشترە منداڵانی تووشبووی زەردوویی بڕێکی باشی شیری دایک یان شیری قوتویان پێبدرێت، تا تووشی وشکبوونەوە نەبن، چونکە وشکبوونەوە نەخۆشییەکەیان سەختتر دەکات.

لە کوردەواریدا هەندێک ڕێوشوێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زەردوویی بەکاردێن کە هەڵەن، نەک سوودیان نییە بەڵکو زیان بە کۆرپە دەگەیەنن و زەردووییەکەش خراپتر دەکەن. لە نموونەی ئەوانەش: پێدانی شەکراو (قەنداخ)، هەنگوین یان دۆشاوی خورما.

یان دەڵێن سەرما بۆ زەردوویی باشە و گەرم داپۆشین خراپە، ئەوەش بە هەمانشێوە بۆچوونێکی هەڵەیە و هیچ بنەمایەکی دروستی نییە.

ئێستا لە دەرمانگەکاندا تۆزێک دەفرۆشن کە ماددەی گلوکۆزە و گوایە بۆ زەردوویی باشە، ئەوەش هەڵەیە و بەکارهێنانی ئەو هاراوەیە سوودی نییە.

***هەڵگری بڕوانامەی بۆرد**
**(دکتۆرا) لە نەخۆشییەکانی منداڵان**



# 5 ڕێگا بۆ ڕێگرتن لە شێرپەنجەی مەمک

**رووداو- تەلەگراف**

شێرپەنجەی مەمک هەم هۆکاری بۆماوەیی هەیە و هەم کارتێکەرییە ژینگەییەکان و ستایلی ژیانیش ئەگەری تووشبوون بەو نەخۆشییە زیاد دەکەن. زۆر گرنگە ئافرەتان هۆشیار بن و لەکاتی هەستکردن بە هەر گرێیەک لە مەمکیاندا سەردانی پزیشک بکەن.

ئەم پێنج ڕێگایە ئەگەری تووشبوونت کەمدەکەنەوە:

**1- وەرزشکردن:**

توێژینەوەیەکی نوێ لە زانکۆی ئۆکسفۆردەوە دەڵێت ئەگەر ڕۆژانە 15 خولەک وەرزش بکەیت، ئەگەری تووشبوونت بە شێرپەنجەی مەمک بە ڕێژەی 20% کەمدەکاتەوە.

**2 ـ شیردانی سروشتی:**

توێژینەوەیەکی ناوەندی توێژینەوەی شێرپەنجەی جیهانی دەڵێت دوای توێژینەوە لەسەر 380 هەزار ئافرەت، دەرکەوتووە شیردانی سروشتی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک بە ڕێژەی 10% و ئەگەری مردن بە نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕی خوێن بە ڕێژەی 17% کەمدەکاتەوە. بۆیە هانی ژنانی داوە لانیکەم تاوەکو تەمەنی 6 مانگی تەنیا شیری خۆیان بدەنە کۆرپەکانیان.

**3 ـ ئەلکهول سنووردار بکە:**

توێژینەوەیەکی زانکۆی بۆستن لە ئەمریکا دەڵێت ئەلکهول هۆکاری 15%ی حاڵەتەکانی مردنە بە شێرپەنجەی مەمک. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەلکهولی وەک یەکێک لەو ماددانە پۆلێن کردووە کە ئەگەری تووشکردن بە شێرپەنجە زۆر زیاد دەکەن.

**4 ـ چەوری کەم بخۆ:**

توێژینەوەیەکی ئەمساڵ دەڵێت ئەوانەی چەوری لە ژەمەکانیاندا زۆرە، ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی مەمک بەبڕی 20% زیاد دەکات، ئەگەر ڕاددەی چەوری خۆراکیشیان بە ڕادەیەکی ئێجگار زۆر لە ئاسایی زیاتر بێت، ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی مەمک بە ڕاددەی 28% زیاد دەکات.

**5 ـ چاودێری کێشت بکە:**

توێژینەوەکی زانکۆی لەندەن دەڵێت ئەو ژنانەی هەموو 10 ساڵێک کەمەریان گەورەتر و گەورەتر دەبێت، کە دەگەنە تەمەنی نائومێدی ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجە بە ڕاددەی 33% زیاد دەکات.

# گۆڕانەكانی داهاتووی نرخی نەوت و تەحەداكانی بەردەم ئۆپێك

عومەر ئەحمەد
رووداو- هەولێر

لە سێ مانگی یەكەمی ساڵی 2015دا خواست لەسەر نەوتی خاو وەك ساڵانی رابردوو دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت، لەبەرئەوەش ئەگەری هەیە نرخی نەوتی خاو بەردەوام بێت لە دابەزین.

ئەو هۆكارانەی كە كاریگەری لەسەر نرخی نەوت دادەنێن، دابەش دەبن بەسەر دوو دەستەی سەرەكی و لاوەكی، ئەوە لەكاتێكدایە وەها دۆخێك بۆ كاڵاكانی دیكە لە ئارادا نییەو بەهۆی نەبوونی نادڵنیایی لە بازاڕی نەوتدا، نرخەكانی نەوت تووشی گۆڕانكاریی چاوەڕواننەكراو دەبن.

## هۆكارەكان

هۆكارە سەرەكییەكان بەگشتی رەوشی خواست و دابینكاری، گۆڕانكارییە وەرزییەكان، تێكچوونی دامەزراوە نەوتییەكان و كەشوهەوا و كەمبوونەوەی خواستی كارگەكانی پێترۆكیمیا و رەوشی پاڵوگەكان و گەشەی ئابووری و پیشەسازیی وڵاتان لەخۆدەگرێت. هۆكارە لاوەكییەكانیش رۆڵی ناوەندە داراییەكان و كاردانەوە سیاسییەكان و رەوشی بازاڕەكانی بۆرسە و نرخەكانی بەرهەمە نەوتییەكان و شەڕ و مانگرتنەكان لەخۆدەگرێت.



## خواست

بەپێی داتاكانی IEA ، لە سێ مانگی سێیەمی 2013دا خواستی جیهانی لەسەر نەوتی خاو 92.5 ملیۆن بەرمیل بووە، لەكاتێكدا دابینكاری 91.71 ملیۆن بەرمیل بووە، لەبەرئەوەش دابینكاریی نەوت كورتهێنانی 790 هەزار بەرمیلی هەبووە و ئەوەش بووەتە هۆكاری جێگیر مانەوەی نرخی نەوت لە نزیكەی 110 دۆلاردا.

لەم نێوەندەدا هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە هۆكاری سەرەكی دابەزینی نرخی نەوت، ئەندامانی ئۆپێكن و بەرهەمهێنان و دابینكاریی زۆری نەوت لەلایەن ئەندامانی ئەو رێكخراوەیە دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوتی بەدوادا هاتووە، لەبەرئەوەشە پێدەچێ ئۆپێك پێویستی بە دروستكردنی باڵانس بێت لە نێوان خواست و دابینكاریی نەوتی خاو، ئەگەر نیازی وایە نرخی نەوت لەوە زیاتر بەرز نەبێتەوە.

بەپێی داتاكانی IEA، لە سێ مانگی یەكەمی 2012 بەدواوە تا سێ مانگی سێیەمی 2014 ، خواست بۆ نەوتی خاو لە جیهاندا 3.55 ملیۆن بەرمیل زیادی كردووەو بەرزبووەتەوە بۆ 92.98 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێكدا. لەبەرامبەردا، دابینكاریی جیهانیی نەوتی خاو بەرێژەی 2.42 ملیۆن بەرمیل بەرزبووەتەوە بۆ 93.22 ملیۆن بەرمیل. بەو پێیەش رۆژانە 240 هەزار بەرمیل نەوت زیاد لە پێویست لەبازاڕدا بووە، ئەوەش نرخەكانی نەوتی شكاندووە.

## دابینكاری

هەر بەپێی داتاكانی IEA ، ئاستی هەناردەكاری نەوتی خاوی ئۆپێك لەو ماوەیەدا رۆژانە 860 هەزار بەرمیل كەمیكردووە كە بە زۆری لەبەر دابەزینی هەناردەكاری نەوتی ئێران بووە، بەهۆی گەمارۆ ئابوورییەكان. هەرچەندە وڵاتانی نائەندام لە ئۆپێك لەو ماوەیەدا رۆژانە 3.28 ملیۆن بەرمیلیان بە دابینكاری جیهانی نەوت زیادكردووە و ئاستی دابینكاریی خۆیان بەرزكردووەتەوە بۆ 62.77 ملیۆن بەرمیل.

بەپێی ئەو داتایانەی كە خرانەڕوو، دەردەكەوێت وڵاتانی نائەندام لە ئۆپێك نەتەنیا توانیویانە كورتهێنانی دابینكاریی نەوت قەرەبوو بكەنەوە، تەنانەت توانیویانە هۆكاری سەرەكی بن بۆ بەرزكردنەوەی دابینكاریی جیهانیی نەوت بە رێژەی 240 هەزار بەرمیل. سەرەڕای ئەوەش بەبڕوای زۆربەی ئەندامانی ئۆپێك، دابەزینی نرخی نەوت ناتوانێت چیدی بەردەوام بێت، لەبەرئەوەش پێیانوایە دانیشتنی بەپەلەی ئۆپێك لەسەر ئەو بابەتە پێویست ناكات.

بەپێی پێشبینییەكانیIEA لەسەر بەرزبوونەوەی خواست بۆ نەوتی خاو بۆ 93.51 ملیۆن بەرمیل لە سێ مانگی كۆتایی 2014 و هەروەها بەرزبوونەوەی دابینكاری بۆ رۆژانە 93.22 ملیۆن بەرمیل، دەردەكەوێت كە بازاڕی نەوت لەو ماوەیەدا رووبەڕووی كورتهێنانی رۆژانە 290 هەزار بەرمیل نەوت دەبێتەوە.

لەبەر ئەوەشە دەكرێ بگوترێت تەنانەت ئەگەر ئەندامانی ئۆپێك ئاستی بەرهەمهێنانی خۆیان كەمنەكەنەوە، ئەگەر داتاكانی IEA راست دەركەون، دەبێت نرخەكانی نەوت لەو ماوەیەدا جێگیربن و زیاتر دانەبەزێت.

بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت كە وەك رێچكەی ساڵانی رابردوو، خواست بۆ نەوتی خاو بە شێوازێكی وەرزی گۆڕانی بەسەردا دێت و وەك چۆن ئاماژەی پێكرا، لە سێ مانگی یەكەمی 2015 دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت، لەبەرئەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاكتەرە، چاوەڕوان دەكرێت نرخی نەوت لە دەستپێكی 2015 وە جێگیر نەبێت، ئەگەر ئەندامانی ئۆپێك چارەیەك بۆ دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی خۆیان نەدۆزنەوە.

بەپێی داتاكانی IEA ، خواست بۆ نەوتی خاو لە سێ مانگی یەكەمی 2015 دا دادەبەزێت بۆ رۆژانە 96.56 ملیۆن دۆلار، ئەگەر دابینكاریی نەوتی جیهان هەر لەسەر 93.22 بەردەوام بێت، بازاڕی نەوت 660 هەزار بەرمیل نەوتی زیادەی تێدا دەبێت، لەبەرئەوەشە ئەگەری دابەزینی نرخی نەوت لە سێ مانگی یەكەمی ساڵی داهاتوودا زۆرە، ئەگەر ئۆپێك بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی كەمنەكاتەوە.

## دارمانی نرخی نەوت..

# پەیامێك بۆ نەیارانی ئەمریكا

د.هاوڕێ مەنسووربەگ

ماوەیەكە نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهان دابەزینێكی ترسناكی بەخۆیەوە بینیوە، بە جۆرێك كە ئابووریناسانی تووشی شۆك كردووە. پرسیارە گرنگەكان ئەمانەن: ئایا ئەو دابەزینە بەندە بە پێوەرە زانستییە ئابوورییە جیهانییەكان؟ یان دەستی لۆبی و وڵاتە زلهێزەكانی لەپشتە و كردنەوەی دەرگایەكی دیكەی ئەو جەنگە "نیمچە" جیهانییە گەورەیەیە كە ئێستا بەرپا بووەو ئەمریكا یەكێكە لە جەمسەرەكانی؟ یانیش كاردانەوەی حكومەتی (ریاز)ە بەرامبەر ئەو پیلانە ئیقلیمیەی كە سعودیەی كردووەتە ئامانج؟.

ئێستا مرۆڤایەتی بە ساتەوەختێكی مێژووییدا تێدەپەڕێت، لەلایەك گرگرتنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رێگای تەوژمێكی بێ وێنەی توندڕەویی ئاینی كە هەتا ئەمڕۆش كەس نازانێ سەرەداوەكانی لە كوێوە سەرچاوەیان گرتووە. لەلایەكی دیكەش شكاندنی شكۆی رۆژئاوا لەلایەن رووسیا لە رێگەی داگیركردنی بەشێكی خاكی ئۆكراینا و راستەوخۆ مەترسی خستنە سەر ئەوروپای هاوپەیمانی واشنتن.

لاوازكردنی وڵاتانی دەوڵەمەند بە نەوت و گاز و شكاندنی شكۆیان لە رێگای دابەزاندنی نرخی نەوت و كورتهێنانی بودجە، نابێت بە تەنیا لە روانگەی ئابووریی بەرتەسكەوە سەیر بكرێت و پێویستە بخرێتە كۆنتێكست و چوارچێوەی ئەو تێكهەڵچوونانەی كە ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە و راستەوخۆ هەڕەشە لە سەقامگیری و ئاسایشی جیهان دەكات.

ئەمریكا دەمێكە لە پرۆسەیەكی تواناسازیی ستراتیجیدایە، بۆ ئەوەی لە وڵاتێكی پشتبەستوو بە نەوتی وڵاتانی ناسەقامگیر و زۆر جاریش نەیار، ببێتە وڵاتێكی پشتبەخۆبەستوو لە دابینكردنی وزەی پێویست بۆ ئابوورییە زەبەلاحەكەی. ساڵانێكی زۆرە زەویناس و ئەندازیارەكانی نەوت لە ئەمریكا چاویان بڕیوەتە جۆرێك لە نەوتی قەتیسماو لەناو جۆرە بەردێكی لیتەیی كە بە ئۆیڵ شەیڵ "oil shale" ناسراوە. ئەمریكیەكان ماوەیەكە سەركەوتنیان بەدەستهێناوە و تەكنەلۆجیایەكی پێشكەوتوویان داهێنا كە نەوت لەناوoil shale بهێننە دەرێ و هەنگاوێكی گرینگ بەرەو دەستەبەركردنی ئاسایشی وزەی خۆیان بهاوێژن. نەوتی بەرهەمهاتوو لە oil shale ئێستا هەڕەشە لە وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت لە جیهان دەكات كە رەنگبێت لە ئایندەیەكی نزیكدا ئەمریكا وەك گەورەترین كڕیاری نەوتی خاو لە دەست بچێت. سیناریۆی هەرە خراپیش بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت ئەوەیە كە بۆی هەیە ئەمریكا لە كڕیارەوە ببێتە فرۆشیار و لە هاوردەكارەوە ببێتە هەناردەكاری نەوت. كۆی بەرهەمی خۆماڵیی ئەمریكی لەم چەند مانگەی داهاتوودا بازدانێكی جۆریی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێك ئێستا لە 9 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێكدا نزیك بووەتەوە. لە ماوەی 24 ساڵی رابردوودا ئەمریكا رەوشی لەو جۆرەی بەخۆیەوە نەدیوەو گوتەبێژی كۆشكی سپی خێرا بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند كە دیدو روئیای سەرۆك ئۆباما لەمەڕ سیاسەتی وزە خەریكە بەرجەستە دەبێت.

دەمێكە جیهان دەبووایە هەستی بە هاتنە بازاڕی نەوتی بەرهەمهاتوو لە "ئۆیڵ شەیڵ" بكردایە و كاریگەریەكانیشی ببینێت لەسەر نرخی نەوت لە جیهاندا، بەڵام لەدەستدانی رێژەیەكی بەرچاو لە نەوتی هەندێك وڵاتی گرنگی وەك لیبیا و یەمەن و عێراق و سووریا بەهۆی شەڕوشۆڕ و ناسەقامگیرییەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وایكرد كە ئاماژەكانی هاتنە مەیدانی ئۆیڵ شەیڵ كەمێك دوابكەوێت.

ئێستا باردۆخەكە كەمێك روون بووەتەوە، داعش لە عێراق دەركەوت كە ناگاتە كێڵگە نەوتییەكانی باشوور و هەروەها كوردستان و تا رادەیەكی زۆر ناوچە ناكۆكی لەسەرەكانیش رزگاركراون و دوور كەوتوونەتەوە لە ژێر ركێفی توندڕەوەكان. لیبیا دەستی كردەوە بە هەناردەكردنی نەوت لە مانگی سێپتێمبەر، چاودێران كەمێك سەرسام بوون بەوەی لیبیا لە رۆژێكدا نزیكەی 810 هەزار بەرمیل نەوتی خزاندە ناو بازاڕە جیهانییەكان. سەرباری هاتنەوە مەیدانی عێراق و لیبیا و نەوتی ئۆیل شەیڵی ئەمریكی، ئەوروپا و چینیش بۆ ئەمساڵ گەشە ئابووریەكەیان بەرەو كزی چوو، كە بەهۆیەوە خواست لەسەر نەوت رووی لە كەمی كرد. سەرجەم ئەمانە بوونە هۆكاری دابەزینی نرخی نەوت لە جیهاندا، بە جۆرێك كە رەنگبێت مرۆڤایەتی چووبێتە قۆناغێكی نوێی مامەڵە و كارلێككردن لەگەڵ ئەم كاڵا ستراتیجیەی جیهان.

ئەگەر هۆكاری دابەزینی نرخی نەوت بەشێكی لە دەرەوەی كۆنترۆڵی ئەمریكادا بێت، ئەوا بەشەكەی دیكەی بە پلان و ویست و خواستی ئەمریكایە بە هاوكاریی سعودیە. مەرامیش رەنگبێت لێدانی هەندێك نەیاری سەرسەختی ئەمریكا بن كە ماوەیەكە بە تەواوی لە خۆیان دەرچوون و هێڵە سوورەكانی واشنتنیان بەزاندووە.

فەرموو لەبری هەڵسەنگاندنی سیاسی و لێكدانەوە ئەكادیمیەكان، با ژمارەكان بدوێن و بزانین كێن ئەوانەی زەرەرمەند و ماڵوێرانن و رەنگبێت بە دارمانی بەهای نەوتی خاو لە بازاڕە جیهانییەكان دووچاری هەرەسیش ببنەوە.

ئێران بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگەی بەڵێنەكانی خۆی بگرێت و خزمەتگوزارییەكان پێشكەش بكات و مەكینە سەربازییە زەبەلاحەكەی لە هاڕین بەردەوام بێت، پێویستی بەوەیە كە بەرمیلێك نەوت نرخەكەی 130 دۆلار بێت. هەربۆیە وەزیری نەوتی ئێرانی "بیژەن زەنگەنە" نیگەرانیەكانی ئێران ناشارێتەوە و لە نوێترین لێدوانیدا بە توورەییەوە دەڵێت: "وڵاتانی ئۆپێك پێویستە سنوورێك بۆ زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوت دابنێن و نرخی نەوت بگەڕێتەوە شوێنی خۆی".

سعودیە نەك هەر نیازی نییە بەرهەمهێنانی نەوت كەم بكاتەوە، بگرە لە مانۆڤەرێكی مێژوویی سەیردا، وڵاتانی ئۆپێك و چاودێرانی سەرسام كرد بەوەی بە نرخێكی هەرزانتر لە بازاڕی جیهان، نەوت پێشكەش بە كڕیار و كۆمپانیا ئەمریكیەكان بكات. ئێستا سەرجەم كۆمپانیا و ئەو دەزگایانەی كە لە ئەمریكا نەوت هاوردە دەكەن، دەتوانن بە نرخێكی داشكاو نەوتی خاوی سعودی بكڕن!. پادشای سعودیەش هەڵە كوشندەكەی شای ئێران هەرگیز دووبارە ناكاتەوە كە رووبەڕووی ئەمریكا وەستایەوە و قاچێكی كورسی شاهەنشاییەكەی لەسەر بەرزیی نرخی نەوت شكاند.

رووسیا كە كەمێك حاڵی لە ئێران باشترە، بەرنامەی دارشتووە بۆ سێ ساڵی داهاتوو كە گەشەیەكی بەرچاو لە بواری ئابووری بكات و بەتایبەتی لە بواری سەربازی سەرمایەگوزارییەكی مەزن بكات، بۆ هێنانەدی خەونی چەسپاندنی هەیمەنەتی سەربازی لە ئۆكرانیا، بۆ سێ ساڵی داهاتوو كە چاوەڕوان دەكرێت پڕ بێت لە رووبەڕووبوونەوە، مۆسكۆ پێویستی بەوە هەیە كە نرخی هەر بەرمیلێكی نەوت بەلای كەمی 100 دۆلار بێت. لە یەكەم كاردانەوەی سەرنجڕاكێشدا، وەزیری ئابووریی رووسی راشكاوانە رایگەیاند، وەزارەتەكەی بە لەبەرچاوگرتنی نرخی شەرمنی نەوت كە لە خوار 80 دۆلارە، ناتوانێت بەرنامەی سەرۆك پوتین جێبەجێ بكات، كە دەخوازێت بایی ملیاران دۆلار گۆڕانكاری بكات لە ئاست و تواناو قەبارەی لەشكری رووسی بۆ رووبەڕوو بوونەوەی قەیرانەكان.

عێراقیش ئێستا هاواری لێهەستاوە و باس لە كورتهێنانی بودجە و قەیرانی دارایی دەكات، زەنگی مەترسی لە بەغداوە بۆ وەزارەت و پارێزگاكان و تەنانەت بۆ هەرێمی كوردستانیش لێدراوە كە چاوەڕوانی پارەی زۆر و زەوەند نەبن لە حكومەتی فیدراڵ. بودجەی عێراق هەمیشە لەسەر ئەوە بنیات دەنرێت كە بەرمیلێكی نەوت زۆر لەسەرووی 100 دۆلارەوە بێت. عێراقێك 95% ی داهاتی پشت بە نەوت دەبەستێت و دامودەزگاكانی تێوەگلاون لە گەندەڵی، تۆ بڵێی حاڵی چۆن بێت كاتێت نرخی نەوت بەو شێوەیە دادەڕمێت؟ تۆ بڵێی سعودیە و ئەمریكا تۆڵە لە عێراقیش نەكەنەوەو وانەیەكی كەمەرشكێن نەدەنە بەغدا بەهۆی هەوڵدان بۆ دروستكردنی ئیمپراتۆریەتی ناسراو بە هیلالی شیعی كە لوبنان و سووریا و عێراق و ئێران و یەمەن دەگرێتە خۆی؟

ئەمریكا و سعودیە گەمەیەكی زۆر مەترسیدار و ستراتیجی دەكەن لەم رۆژانەدا. بەشی زۆری وڵاتانی جیهان بەهۆی داشكانی نرخی نەوت و وزە دەبووژێنەوە. ئەمریكا (باكوور و باشوور)، ئەوروپا، ئاسیا و ئەفریقیا، كۆی بەرهەمی خۆماڵییان كە بە GDP ناسراوە بەرز دەبێتەوە، ئەوەی زەرەرمەندە لە هاتنەخوارەوەی نرخی نەوت ئەو وڵاتانەن كە نەیاری ئەمریكان و ئێستا بە پێچەوانەی تەوژمی ئەمریكی مەلە دەكەن. سعودیە بە بەردێك دوو چۆلەكەی گەورە دەكوژێت: یەكەم، چارەنووسی سیاسی و ئابووریی خۆی خستووەتە دەست ئەمریكا دژ بە هەر ئەگەرێكی پریشك بەركەوتنی تەوژمی نائارامی كە داعش و ئەوانی لە پشت داعشن هێناویانەتە كایە. دووەم، تۆڵە لەو كۆمپانیایانە دەكاتەوە كە هەڕەشە لە سعودیە دەكەن و لەرێگای تەكنەلۆجیای بەرهەمهێنانی نەوتی قەتیسماو لەناو بەردەكانی شەیڵ ئۆیڵ، پێگەی ئابووریی سعودیە لاواز دەكەن. هەرزانكردنی نەوتی خاوی كواڵێتی بەرزی كێڵگەی غەواری سعودی بۆ ئەمریكا، خاوەن كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆیەڵ شەیڵ مایە پووچ دەكات، چونكە بۆ ئەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئۆیەڵ شەیڵ بەردەوام بێت و داهات پەیدا بكات، پێویستە نرخی هەر بەرمیلێك لە 80 دۆلار كەمتر نەبێت.

بۆ كوردستانیش، دارمانی نرخی نەوت لە جیهاندا، زەنگێكی دیكەی وشیاركردنەوەیە كە نەوت دەكرێت هۆكارێك بێت، پێگەیەك بێت بۆ دروستكردنی دەوڵەتی ئایندەی كوردی، بەڵام تا بووژاندنەوە سەرجەم سێكتەرەكان نەگرێتەوە و سەرچاوەكانی داهات هەمەلایەن نەكرێن، هەرێمی كوردستان هەمیشە دەڵەمە و لەرزۆك دەبێت لە ئاست گۆڕانكاری و پێشهاتەكان. نەوت گرنگە، بڕبڕەی پشتی ئابوورییە، بەڵام مەخابن، جێگای متمانە نییە.





ئەڤین عومەر ئەحمەد

# پەیامی حۆریەکانی کۆبانی

ماوەی زیاتر لە مانگێکە لە شاری کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستان جەنگێکی سەخت لە نێوان شەڕڤانان و خەڵکی کۆبانی دژ بە هێزەکانی داعش لەئارادایە کە هەوڵ دەدەن ئەو شارە داگیربکەن. ئەوەی سەرنجی هەموو کورد و جیهانیشی ڕاکێشاوە لەم شەڕەدا، ئافرەتانی کۆبانێن کە شەڕێکی دلێرانە دەکەن و لەوەش سەرنجڕاکێشتر تەمەنی کچەکانە کە زۆربەیان زۆر گەنجن. ئەم نەبەردییە پەیامێکی زۆری لەخۆیدا هەڵگرتووە، ئەم پەیامانەش تەنیا بۆ (داعش)یەکان نین، بەڵکو بۆ کورد خۆی و بۆ جیهانیشە:

## پەیامی یەکەم بۆ داعش:

ئەم پەیامە بۆ هەموو داگیرکەرێکیشە کە بە چاوی چڵێسی و زەوتکارییەوە دەڕوانێتە خاک و سەروەت و سامانی کوردستان.

میللەتی کورد هەرگیز جارێکی دیکە بە داگیرکەر ڕازی نابێت و تەنانەت ئەم نەوەیەی کە پاش ڕاپەڕینی 1991ی باشووری کوردستان پەروەردە بوونە، بە هیچ شێوەیەک بە کەمتر لەم ئازادی و دیموکراتییەی کە هەیانە ڕازی نابن.

ژنانی کۆبانی پێیاندەڵێن کە ڕاستە ئێوە زۆر نامەردانە کچانی ئێزیدیی ئێمەتان وەکو (سەبایە) برد، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە لەبارتر بووایە، ئەو ئافرەتانەی شنگالیش بە هەمان شێوەو بەهەمان مەردی دەستیان دەدایە چەک و شەرەفی خۆیان دەپاراست.

## پەیامی دووەم بۆ عێراق و وڵاتانی دراوسێ:

هەزاران ساڵە ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە، مرۆڤی کورد وەکو هاونیشتمانی پلە دوو تەماشا دەکەن و تەنانەت هەندێ جار وەکو هاونیشتمانیش مامەڵەیان لەگەڵ نەکردووە و لە زۆربەی پۆست و پلە و پایە و تەنانەت وەزیفە هەستیارەکانیش بێبەش کراون و لە دەستوور و یاساکانیشیاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە.

مرۆڤی کورد کە نەیتوانیوە ئەم مامەڵەیە قەبوڵ بکات، دەستی داوەتە داکۆکی لە مافی خۆی. پاش ڕووداوەکانی کۆبانی دەبێ بۆچوونی ئەوانیش گۆڕانی بەسەردا بێت کاتێک دەبینن ئافرەتەکانی ئەم میللەتە وەکو پیاوەکانیان بەرگری دەکەن و بۆ ئازادی دەجەنگن.

## پەیامی سێیەم بۆ هەموو جیهان:

لە ئەورووپا کاتێک کە ئافرەتێک دەکوژرێ، گومانلێکراوی یەکەم کوردە. وا تێگەیشتوون کە کورد لەسەر بچووکترین کێشە کچەکانی خۆیان دەکوژن، ئەمە زۆر مەدلول هەڵدەگرێ، وەکو (دواکەوتوویی دابونەریت، یاخیبوونی ئافرەتی کورد لە دابونەریتی کۆمەڵگەکەی، لاوازیی کەسایەتی ئافرەتی کورد، شکستهێنانی زۆربەی بەهاکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری).

لە ڕاستیدا هەندێک لەمانەش بێ بنەما نین، بەڵام ئێستا و پاش ڕووداوەکانی کۆبانی ڕوویەکی دیکەی کۆمەڵگەی کوردی بۆ جیهان دەرکەوت.

ئەو بەستەزمانەی کە هەموو هەڵەکانی کۆمەڵگەی پێدا هەڵدەواسن شێر دەرچوو، شێرێکی دلێر و چاونەترس، ئەمان تێگەیشتنی ئەورووپییەکانیان بەرامبەر ئافرەتی کورد گۆڕی و لە میدیاکاندا بە سەرسوڕمانەوە دەڕواننە قارەمانێتییان، سەلماندیان کە ئەو مرۆڤە لاواز و بێ کەسایەتییە نین وەک ئەوانەی لە ئەورووپاوە لەخشتە دەبرێن و بۆ جیهادی نیکاح ڕەوانەی سووریا دەکرێن تاوەکو بە ویست و ئارەزووی خۆیان ببنە کۆیلەی سپی و پەپوولەکانی شەوی تیرۆریستان.

ئەم نێوبانگە بەرزەی ئافرەتانی کورد سەرنجی هەموو جیهان و تەنانەت دیزاینەر و فاشیۆنەکانی جیهانیشی ڕاکێشاوە، وا دەبینین مارکەی (H&M)ی سویدی دیزاینی ئەمساڵیان جلی شەڕڤانانی ژنە و خواستێکی زۆریشی لەسەرە.

## پەیامی چوارەم بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری:


ئەم پەیامە گرنگترینیانە، تاوەکو ئێستا ئافرەتی کورد لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە داوای مافی خۆی دەکرد، هەرچەندە ئەم داواکردن و کۆڵنەدانە کارێکی زۆر گرنگ بووە و جێگای ئەوەیە کە هەموو ئافرەتێکی کورد بەشانازییەوە لێی بڕوانن، بەڵام بەرگریی ئافرەتان لە کۆبانی وەرچەرخانێکی گرنگە لە بزاڤی ئافرەتاندا، زۆر شتیان بە کردەوە سەلماند، گرنگترینیان خەباتکردنی چەکداری و شەهیدبوونە لەپێناوی پاراستنی کوردستان، ڕاستە مێژووی کورد پڕە لە شۆڕە ژن کە زۆر نەبەردانە خەباتیان کردووە و چاونەترسانە ڕووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە، بەڵام جیاوازیی ئەمجارە هەڵگرتنی ئەرکی پاراستن و بەرگریکردن و دەرکەوتنیانە وەکو هێزێکی ڕێکخراو.

تەنانەت بەرپرسی سەربازیی شەڕەکانی کۆبانی ئافرەتێکە بەناوی (نالین عەفرینی). ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی هاوچەرخدا کە ئافرەت بەرپرسیارێتی بەرەیەکی لەوجۆرەی جەنگ بگرێتە ئەستۆ، بۆیە کۆمەڵگەی کوردی دەبێ تێڕوانینی بۆ ئافرەتی کورد بەتەواوی بگۆڕێ، چونکە ئەو شەڕڤانەی لە کۆبانی بەرگری دەکات خوشکەکەی لە باشوور دەسووتێنرێ و دەکوژرێ بە ناوی پاراستنی نامووس و شەرەفەوە. دەبێت ئەوە بزانرێت کە ژنانی کورد لە باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵاتیش بە هەمان شێوە دەتوانن ببنە قارەمان و بەرگری لە شەرەف و کەرامەتی خۆیان و کوردستان بکەن.

ئەمە زەنگێکە بۆ ئەوانەی کە پاش شکستی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بە کوشتنی خوشک و کچانیان خۆیان دەکرنەوە، هەروەها بە کۆمەڵگای کوردی و جیهانیش دەڵێت ئەوە ئێمەی ئافرەتی کوردین کە بە چەلەنگی و قارەمانێتیمان سەرنجی جیهانمان ڕاکێشاوە، بوونی ئێمە بە کەم مەزانن لە نێو کۆمەڵگەدا.

ڕاستە هەموو بەیەک چاو تەماشای ئافرەت ناکەن، بەڵام ئەمجارە توانای نەبەردی کچی کورد سنوورەکانی بەزاند، دەبێت پەرلەمانی کوردستانیش جارێکی دیکە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزان و یاسای باری کەسیدا بچێتەوە و بەشێوازێکی بوێرانەتر هەمواریان بکاتەوە کە لە ئاستی بوێری و ئازایەتی و شەرەفپارێزی و گیان فیدایی ئافرەتی کورددا بێت و لە ئاستی بەرزیی حۆرییەکانی کۆبانێدا بێت.

*مامۆستای زانکۆ



فەیسەڵ جەلول

# پرۆڤەی پێداچوونەوە بە سایکس پیکۆ

ئەوەی لە کۆبانی ڕوودەدات گەورەترە لە جەنگی داگیرکردنی شارێکی ستراتیژی، بگرە بە کێشانەوەی کۆمەڵێک هێڵ و پێگە دەچێ کە لە مەودای دووردا چارەنووسی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی جیهانی عەرەبی و لە مەودای نزیکیشدا چارەنووسی عێراق و سووریا دیاری دەکات. لەهەموو حاڵەتەکانیشدا ئەمە دەستبردنێکی ئاشکرایە بۆ سنوورەکانی سایکس –پیکۆ.

ئەم لێکدانەوەیە دوای ئەوە شێوەی گرت کە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر لەناکاو شەڕێک لە کۆبانی هەڵگیرسا. لەو دەمەدا دەگوترا داعش دەیەوێ پێگەیەکی ستراتیژیی بێلایەن کە هاوپەیمانی هیچ لایەنێکی شەڕ نییە، لەناوببات و بە کۆنترۆڵکردنی ئەوێ بەرەی پشتەوەی خۆی بپارێزێ و ناوچەی دەسەڵاتی خۆیشی لەسەر سنووری تورکیا– سووریا فراوانتر بکات، ئەوەش بۆ دابینکردنی پشتیوانیی لۆجستیک و هەروەها خۆتەرخانکردنی بەشێوەیەکی ئاسانتر بۆ شەڕ لە بەرەی کلاسیکی لەگەڵ سوپای سووریا، سەرباری لەناوبردنی پێگەی نەیار و ڕکابەرە دراوسێکانی تاوەکو ببێتە تاکە لایەنی سەرەکی لە جەنگی دژ بە دەوڵەتی سووریادا، وەک چۆن ئێستا تاکە لایەنە لەجەنگی دژ بە دەوڵەتی عێراقدا.

ئەگەر قەبارەی ئامادەسازی و قەبارەی ئامرازە داراییەکان کە لەم جەنگەی داعشدا لە عێراق و سووریا بەکاردێن گەورەبن و بگەنە ئاستی بودجەی دەوڵەتان، ئەوا ئەو پلانەی بەدوایدا دێت لەئاستی ئەم ئامرازانەیە و هێندەی پێداویستییەکانیەتی، ئەوەش بە ئامانجی یەکخستنی هەردوو دڵی عێراق و سووریا و دامەزراندنی دەوڵەتێک کە بتوانێ بەهەموو ئاراستەکاندا خۆی فراوان بکات و چاو بە کۆی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی جیهانی عەرەبیدا بگێڕێتەوە و ببێتە جەمسەرێکی مایەی هەڕەشە بۆ دراوسێ عەرەبەکانی جگە لە تورکیا کە وادیارە چیدی وەک مەترسییەک مامەڵە لەگەڵ داعش ناکات، بۆیەشە ناچێتە ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەوە کە لەدژی پێکهاتووە و شەڕی لەگەڵ ناکات.

پەرەسەندنی نوێ لەم جەنگە بچوککراوەیەدا هاتنەسەرهێڵی پێشمەرگە و پێشێلکردنی سنووری سایکس پیکۆیە بە ڕەزامەندی و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا. بەمانایەکی دیکە هەرێمی کوردستانی عێراق هێز ڕەوانە دەکات بۆ پاراستنی کوردی سووریا لە کۆبانی، ئەمەش لەگەڵ ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ تێکناکاتەوە. ئەم هێزە بۆ شەڕکردن لەدژی لایەنێک چووە کە ئەویش لای خۆیەوە هەمان ڕێککەوتننامەی نێوداری پێشێل کردووە و بە پێشڕەوییەکانی لە سنووری وڵاتانی دیکەدا هەڕەشەی بێڕێزیی پێدەکات.

لە یەکەمین بەرئەنجامدا و بەتایبەتی لەم خاڵەدا، ئێمە لەبەردەم لایەنێکی توندڕۆی تیرۆریستی بکوژداین کە بڕیاری داوە لەنێو هەریەک لەعێراق و سووریادا دەوڵەتێک ئاوا بکات. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەمە، کورد کە خەون بە دامەزراندنی کوردستانی گەورەوە دەبینن و یەکێکن لە قوربانییە سەرەکییەکانی نەخشەکێشانەوەی ناوچەکە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، پێویستیان بە هاوپشتییەکی سنووربڕ هەبوو.

لەئێستاوە ڕوون دیارە کە لێرە بەدواوە ئاراستەی جەنگی کورد– داعش بەرەو هێنانەئارای دیفاکتۆیەکی نوێ ملدەنێ. دیفاکتۆیەک کە سنوورەکانی تەنیا بەهۆی جەنگەوە جێگیر دەبن یان نامێنن.

لەوانەشە بەشداریکردنی زۆرینەی هێزە سەرەکییەکانی ئەم جیهانە لەم جەنگەدا و بەئاستی جیاواز، گرەوێکی لەخۆیدا هەڵگرتبێ دوورتر لە ئامانجی ڕاستەوخۆی ئەم شەڕە بڕوات و گرەوبێت لەسەر کێشانەوەی نەخشەی ناوچەکە و سەپاندنی سنووری نوێ لەسەری.

ڕەنگە هەندێ پێیانوابێ ئەم مەزەندەیە واقیعی نییە و شەڕی ئێستای کۆبانی لەوە تێناپەڕێ کە شەڕێکی لاوەکی و لۆکاڵە. ڕەنگە بڵێن دەکرێ ڕێ لە کورد و داعش بگیرێ ئەگەر نیەتی ئەوە هەبێت و حساباتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش لەو ڕووەوە ناکۆک نەبێ. بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئەو نیەتە هەیە؟ ئایا حساباتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەم جەنگەدا چوونیەکن؟

وادیارە نیازی ڕاگرتنی ئەم شەڕە بەهێز نییە، بەتایبەتی لەلایەنی داعش و تورکیاوە. تورکەکان لەچەند مانگی ڕابردوودا چاوپۆشییان لە داعش کردووەو ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە بەنهێنی هاوکاریشیان کردبن. تەنانەت گومانێکی بەهێز هەیە کە ستراتیژی داعش لەسەر حساباتی پۆزەتیڤی تورکیا دانرابێ. ئەوەشی کە جێی داخە، زۆر بەڵگە هەن ئەم گومانە بەهێزتر دەکەن. یەکەمیان ئەوەیە کە داعش تاوەکو ئێستا هەرچی بارمتە و دیلێکی بەردەست کەوتبێ کوشتوونی، کەچی تورکەکانی ئازاد کرد. تائێستا دەستی بۆ مەزارگەی سلێمان شا نەبردووە. لەڕێی پەلاماردانی نەیارەکانیەوە خزمەتگوزارییەکی باش پێشکەشی تورکیا دەکات. لە بەرامبەردا سوود لە هاوکاری لۆجستیکی تورکیا وەردەگرێ و ستراتیژی خۆی لانیکەم لەسەر بێلایەنییە پۆزەتیڤەکەیان بنیات دەنێ. جگە لەمانەش داعش هاوکارێکی باشی تورکیایە لەوەی کارتێکی زۆری لەدەستدا بێت لە ململانێی سووریادا تاوەکو دانوستاندنی لەسەر بکات، بۆنموونە لە ڕێککەوتنی ئەم دواییەیدا لەگەڵ کوردی عێراق سەبارەت بە چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانی کە گەرەنتیەک بوو بۆئەوەی نەک هەر شارەکە داگیر نەکرێ و نەبێتە سیمبولێکی تراژیدی لەوێنەی سربرینیتچای بۆسنی، بەڵکو گەرەنتی ئەوەش کە کوردەکانی لایەنگری PKK تاکە سوودمەندی ئەو سەرکەوتنە نەبن.

حەز و نیازی ڕاگرتنی جەنگ لەلایەنی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە بەهێز نییە کە پێیوایە لەناوبردنی داعش بە قازانجی ڕژێمی سووریا تەواو دەبێ، هەربۆیە جەنگی ئاسمانی لەدژی داعش بەجۆرێک ڕێکخستووە کە لە عێراق زۆر چڕوپڕ و بەهێز بێت و خزمەتی دەسەڵاتدارانی عێراق بکات، بەڵام لە سووریا سنووردارە و تەنیا بە ئەندازەی ئەوەیە کە ڕێی بەرفراوانبوون و تۆمارکردنی سەرکەوتنی گەورە و خێرا لەو ڕێکخراوە بگرێ. بە واتایەکی دیکە، وادیارە دەستووەردانی سەربازیی ئەمریکا لە سووریا تاکتیکی و سنووردار بێت و تەنیا بۆ ڕاگرتنی ململانێکە بێت لە ئاستێکی دیاریکراودا بەجۆرێک کە ڕژێمی سووریا نەتوانێ هاوکێشەکە سەرەوبن بکات.

لەلایەنی سووریاوە، حکومەتی دیمەشق بە ئامرازەکانی بەردەستی وبە هاوپەیمانێتیەکانی لە دۆخێکدا نییە کە بتوانێ سنوورێک بۆ داعش و دەستە خۆشەکانی دابنێ، بۆیە ئەوەی لەبەردەمیدا دەمێنێتەوە تەنیا جەنگی ماندووکردنە کە وردە وردە خۆی و هاوپەیمانەکانی بەرەو لاوازبوون دەبات.

هەموو ئەمانە پێماندەڵێن کە ئامانجە گەورەکەی جەنگی کۆبانی سنوورەکانی سایکس پیکۆیە، ئەوە سەبارەت بە جەنگی مووسڵ و ئەنباریش هەر ڕاستە.

لەلایەک، هەندێ دەیانەوێ دەوڵەتێکی ئیسلامیی سنووربڕ لەناوجەرگەی هەریەک لە عێراق و سووریادا پێکبێنن، لە بەرامبەریشدا ئەوانە هەن کە دەیانەوێ لانیکەم لە هەردوو کوردستانی عێراق و سووریا دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێکبێنن بەهیوای پێکەوە لکاندنی بەشەکانی دیکەش لە بارودۆخ و جەنگی دیکەدا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جەنگەکە لەسەر کەلاکی سایکس پیکۆ بە ڕێککەوتنێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ڕادەوەستێ، یان ئەوەتا بەردەوام دەبێ تاوەکو سنوورەکانی ئەو ڕێککەوتنە بەهۆی درێژەکێشانی جەنگەوە بەتەواوی کاڵ دەبێتەوەو نامێنێ. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا جێدەستی سێر سایکس و مسیۆ پیکۆ ماوەی یەک سەدەی تەواو بڕەکات، ئەوەش زەمەنێکی کورت نییە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (الخلیج)



هارڤی مۆریس

# پێشمەرگە مێژوو دەنووسێتەوە

چوونی هێزێکی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەشداریکردن لە پاراستنی کۆبانی، تەنیا چارەنووسی ئەو شارە بچووکەی سەر سنووری سووریا دیاری ناکات کە تا ئەم دواییە چارەنووسی لە مەترسیدا بوو.

بەرگریی زیاتر لە شەش هەفتەی شەڕڤانانی کۆبانی کە لەودیوی سنوورەوە لەلایەن تیمی کامێراکانەوە جیهانی لێ ئاگادار دەکرایەوە، وای لە هێزە نێودەوڵەتییەکان کرد چیدی دەستەوسان نەبن و هەنگاو بنێن.

بۆ کورد و هێزە کوردییەکان، ئەم شەڕە گرنگیەکی گەورەتری هەیە. ئەم شەڕە لاپەڕەیەکی تایبەتی لە مێژووی کورددا دەنەخشێنێ، تێیدا کوردی پارچە جیاوازەکانی کوردستان کە بەهۆی سنووری نێودەوڵەتییەوە لە یەکتر جیاکراونەتەوە، پێکەوە شەڕی دوژمنێکی هاوبەش دەکەن لە بەرەیەکی پان–کوردیدا.

ئەمجارە، جگە لە ناڕەزایی تورکیا، کورد پشتگیرییەکی بەرفراوانی خەڵک و نێوەندە سیاسییەکانی جیهانی هەیە.

گرنگیی ڕاستەقینەی کۆبانی لە گوتاری کوردیدا دەکەوێتە سەر ئەنجامی شەڕەکە. ئێستا هیوای کوردی هەموو شوێنێک لەسەر هێز و توانای پێشمەرگە هەڵچنراوە کە ئایا دەتوانێ شەڕەکە لە بەرژەوەندیی کورد و بە زیانی جیهادییەکانی داعش بشکێنێتەوە.

کۆبانی 2014، دەبێتە ناوێک لە مێژووی هاوچەرخی کورددا و لە ڕیزی سەرکەوتن و تراژیدیاکانی دیکەی کورد جێدەگرێت. ناوی کۆبانی شانبەشانی کۆماری مهاباد لە 1946، ڕاپەڕینی 1991 و کیمیابارانی 1988ی هەڵەبجە کە تێیدا دڕندەیی ڕژێمەکەی سەدام بۆ هەموو لایەک دەرکەوت، تەنانەت بۆ ئەو لایەنانەش کە دەیانویست ڕوویان لە تاوانەکانی سەدام وەرگێڕن، جێگەی خۆی دەگرێت.

بەو تەرکیزە جیهانییەوە کە کوردستان و کورد پێشتر هەرگیز بەمشێوەیەی ئێستا سەنتەری تەرکیزی جیهانی نەبوون، ئێستا پێشمەرگە لە چاوی ڕای نێودەوڵەتیدا لە هێزێکی ناڕێکخراوی چیاییەوە، گۆڕاوە بۆ هێزێکی نیزامیی شەڕکەری بەتوانا.

ئەوانەی لە نزیکەوە چاودێریی ئەم هەرێمە دەکەن، هەر لە 2003وە ئەو ڕاستیەیان هەستپێکرد کاتێک کە بینییان هێزی پێشمەرگە هێڵی بەرگریی باکووریان لە دژی سەدام پاراست، دوای ئەوەی کە تورکیا ڕازی نەبوو بەشداری لە هاوپەیمانییەکەی ئەمریکا لە دژی عێراق بکات.

هەر لەوکاتەوە هێزی پێشمەرگە بە بێدەنگی سنووری کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەپارێزێ، ئێستا ئەو سنوورە کەوتووەتە نێوان پێشمەرگە و داعش. پێشمەرگە توانیویەتی هەرێمی کوردستان لەو ئاژاوە و ناسەقامگیریەی کە عێراقی پێدا تێپەڕ دەبێت بپارێزێت.

لە چەند مانگی ڕابردوودا ناوی پێشمەرگە وەکو پێناسەی هێزێکی دڵسۆز و لەخۆبوردوو هاتووە کە لە توانایدایە پاشەکشە بە داعش بکات.

لە شەڕی کۆبانی پێشمەرگە ڕۆڵێکی بەرچاوی پێدراوە. ئێستا پێشمەرگە تەنیا پارێزگاری لە سنوورەکانی خۆی ناکات، بەڵکو لە سنوورەکان تێپەڕیوە بۆ ئەوەی هاوکاری برا کوردەکانی بکات لە سووریا.

بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، هێزە کوردییەکان ئیدی چ هێزە چەکدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت یان هێزە ئایدیۆلۆژییەکانی ڕۆژئاوا وەکو تەنیا هێزی جێی متمانە دەبینرێن لە گۆڕەپانی جەنگدا بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی جیهادییەکان ببنەوە.

هێزی مۆدێرنی پێشمەرگە، بەرهەمی کەلتووری جەنگە زۆرەکانی کوردە کە مێژووەکەی بۆ چەندین سەدە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. بەڵام تراژیدیای کورد ئەوەیە کە کورد چەندین جار شەڕی یەکدییان کردووە بۆ خزمەتی بێگانە.

هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تاوەکو سەردەمی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، کەسایەتی ئەفسانەیی کورد وەکو سمکۆی شکاک و شێخ مەحمود بەرزنجی دەرکەوتوون و شەڕیان بۆ دۆزی کورد کردووە، لەم دیو و ئەودیوی ئەو سنوورانەوە کە کوردستانی پێ پارچە پارچەکراوە.

ئەمە وای لە هێزە کوردییەکان کردووە ڕووبەڕووی هێزە کۆڵۆنیاڵیەکان بەتایبەت ڕووسیا و بەریتانیا ببنەوە کە دەیانویست کورد بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن. هەروەها ڕووبەڕووی ئەو ڕژێمانە ببنەوە کە کوردیان چەوساندووەتەوە.

لەم خەباتانەدا، شەڕڤانی چیایی کورد شەڕیان بۆ دۆزێکی خێڵەکی و مەزهەبی کردووە وەک لە شەڕێک بۆ دۆزی نەتەوەیی خۆیان.

لە دوای دامەزراندنی کۆماری مهابادەوە لە ساڵی 1946، پێشمەرگە بۆ یەکەمجار وەکو هێزێکی نیشتیمانی دەرکەوت. بەڵام ئەوە تەنیا ساڵێکی خایاند و ئێران جارێکی دیکە دەسەڵاتی بەسەر ناوچە کوردییەکاندا سەپاندەوە و کۆتایی بەو ئەزموونە نەتەوەییە هێنا و قازی محەممەدی دامەزرێنەری کۆمارەکەی بە تۆمەتی خیانەت لە سێدارە دا.

لەماوەی کورتی ژیانیدا، کۆماری مهاباد کە بە هاوکاری یەکێتی سۆڤیەت لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا دامەزرا، پشتی بە سوپایەک دەبەست کە لە کوردی عێراق بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی پێکهاتبوو.

ئەزموونی بارزانی لە کۆماری مهاباد لە باکگراوندی زنجیرەیەک شۆڕشی دژ بە ڕژێمی بەغدا بۆ مافی کورد سەرچاوەی گرتبوو. بەڵام شۆڕشەکەی بارزانی لە 1975 کۆتایی هات، دوای ئەوەی کە ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل پشتگیری خۆیان بۆ شۆڕشەکە لە دژی ڕژێمی بەغدا ڕاگرت.

ئێستا پێشمەرگە هێزێکی چەکداری ڕێکخراوە و لەلایەن هێزی هاوپەیمانەکانی وەکو ئەمریکاوە بە سوپایەکی خاوەن شەرعیەت لەقەڵەم دەدرێت.

ئەو سوپایە ئێستا شەڕ بۆ پاراستنی خاکی کورد دەکات لە سووریا و یەکەم هێزی "بیانی"یە کە لە گۆڕەپانی شەڕی سووریادا بەشداری دەکات و پارێزگاری لە کۆبانی دەکات.

ویلیام ئیگلتن، دیپلۆماتکارێکی ئەمریکی و مێژوونووسی مهاباد لە ساڵی 1963 نووسیویەتی "دەتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێت لە داهاتوودا، وەکو لە ڕابردووەوە بۆمان دەرکەوت، هەندێک کات کورد لە چیا دوورەدەستەکانیان و دۆڵە دوورەپەرێزەکانیادا لەبیر دەکرێن و پشتگوێ دەخرێن، بەڵام دواتر جۆشی خۆڕاگری و لە خۆبووردەیی، هەندێک لەو کاراکتەرانەی کە لە مهاباد لە 1946 بینیمان و هەندێکی دیکە کە لە مەهاباد نەبینراون، جارێکی دیکە دەردەکەونەوە".

هەروەکو لە مهاباد، لە کۆبانیش هەمان جۆش و خرۆش وای لە هەموو کورد کردووە کە پشتگیری لە خەباتەکەیان بکەن.

پێشمەرگەکانیان خەریکن ئەم شەڕە لە لاپەڕەکانی مێژووی کورددا تۆمار بکەن.



گۆران محەممەد

# ئەنجوومەنی بەژن و باڵا

ئەگەر هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان ماڵی سەتان هەزار کەسی کاول کردبێ، دەیان کچی بە کەنیزەک بردبێ، منداڵی سەرگەردان کردبێ. خۆ بازاڕی هەندێکیشی گەرم کردووە، بێئیشی وەئیش خستووە.

دەسەڵاتێکم لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبووایە، ئەو کۆفیشۆپەی پێی دەڵێن ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان، دادەخست و بارەگاکەیم دەکردە لانەی ئاوارە و بەو پارەیەی لەبری هیچ بۆ خانمانی ئەنجوومەنەکە ڕژاوە، دابیم دەکرد. ئاخر ئەوەی ئەو ئەنجوومەنە ئاگای لێنەبێ و کاری بۆنەکردبێ، خانمانن. ئەها، با، با شتێکیان کردووە، لە بری ژنان و ئافرەتان، دەستەواژەیەکی دیکەشیان زیاد کرد، ئاخر بەر لەوانیش ئەوانەی نەیاندەویست پارە بە قوتابیان و خوێندکاران پەیدا بکەن، فێرکاریان بەکاردەهێنا.

ڕاستییەکەی ئەوان تەنیا خۆیان خانم خانم دانیشتوون، ئاخر خانم ژنێکە پاڵی داوەتەوە و خزمەت دەکرێ، گاڵتەپێکردنە بە کچێکی سەبیکراوی بێ نان و ئاوی باوک و مێرد و برا کوژراو بڵێی خانم.

ئەمە ئەنجوومەنی بەژن و باڵای ئێوەی خانمە، نەک ئەنجوومەنی لێقەوماویی ژنی کورد. خوا کرێمی (لاپراێ) تان بۆ بهێڵێ ئێوەی بە خانمی ڕاگرتووە، چش لە پێستی لەبەرهەتاو هەڵقرچاو و لەبەر سەرما شەقار شەقاربووی ژنانی ئێزدی، ئاخر کە دەیان خێزانی ئێزدی، کچەکانیان لەم شێخی عەرەب و لەو بازرگانی مرۆڤ بکڕنەوە و ئێوە ئاگاتان لێنەبێ، ئەوە ئێوە لەباشترین دۆخدا ئەنجوومەنی باڵای خەوتووانن نەک خانمان.

هیچ ژنێکی کورد ناناسم لە هۆتێلی پێنج ئەستێرەدا لێیقەومابێ، ئەوە خێرە دایمە لەوێن؟ چەندتان دوو شەوان لە کەمپێکی ئاوارەکاندا ماونەتەوە؟ چەند دکتۆرتان بردوونەتە لای ئەو ژنانەی داعش ڕێژنەهەتکی کردوون؟ چەند بنکەی چارەسەری دەروونیتان بۆ ئاواکردوون؟ شێڵتەرێکتان ئاوا کردووە بۆ ئەو منداڵانەی نزیکەی هیچ کەسێکیان نەماون؟ ئاخر ئەو کارانە لەبەر هەتاو و لەناو قوڕولیتەدا دەکرێن، ئێوەی خانم کە لەسەر دانیشتنی کورسی بێزار دەبن، شایەنی نەرمە مەساژن.

ئەمە ئەنجوومەنی باڵای گەشت و سەیرانە، ئاخر لە چوار چالاکیدا، سێیان لەم وڵات و لەو وڵاتن، ئاخر لەتاو سەمینار، فریای کۆنفرانس ناکەون، ئەی ئەوە نییە لەبەر میتینگ، کۆبوونەوەتان پێناکرێ؟

خانمانی هێژای خۆشترین ئەنجوومەنی دونیا، ئێوە شارەزای ئەڵماس و ئاڵتوون و بۆن و کرێم و جانتا و پێڵاوەکانی شانێڵ و دیۆر و لوی ڤیتۆن و کریستیان لاڤۆتینن، ئاخر تو زاتی خوا چیتان لە ڕشک و ئەسپێ و بۆن عارەقەی بنهەنگڵی نێو کەمپ داوە، لە کەمپان گەڕێن، کۆمپانیا دانێن، کۆفیشۆپەکەتان یەک شتی کەمە، شۆڕوومێکی کۆزمۆتیک.

---



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# گرێکوێرەی ئاشتی

دەرکەوتن و پێشڕەوییەکانی داعش، وەک گەردەلوولێک ناوچەکەی تێکوپێک داوە. هێشتا گەردەلوولەکە هەر بەردەوامە و لەگەڵ خۆی زۆر شت ڕادەماڵێت و لەناو دەبات، دیاریش نییە کەی دەوەستێ تا بزانرێ قەبارەی زەرەر و زیانەکانی چی بوونە. یەکێک لەو پرۆسانەیش کە دەرکەوتنی داعش تووشی تەگەرەیەکی گەورەی کردووە، پرۆسەی ئاشتییە لە تورکیا. ئەم پرۆسەیە و بەئەنجامگەیشتنی، ستراتیژیترین هەنگاوێکە کە لەم دەیەی دواییدا نراوە. چونکە چارەسەری پرسی کورد لە باکوور، مانای چارەسەربوونی گەورەترین پرسە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین. ئەگەر بە شێوەی ڕەسمی ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەستراربێتەوە بە چارەسەری کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، ئەوا ئیتر دوای بە دەوڵەتبوونی فەلەستین و دەرکەوتنی کورد وەکو کاراکتەرێکی بەهێز لە ڕووی ژمارەوە، پرسی کورد لە ئەولەویەتدایە.

لەگەڵ دانپێدانانی دەوڵەتی تورک بەوەی کە لە تورکیا کێشەیەک بە ناوی کێشەی کورد (ئەگەرچی دەوڵەتی تورک حەزناکات وەکو کێشە بیناسێنێ و خۆی لەو پێناسەیە بەدوور دەگرێت) هەبووە و هەیە و پێویستە چارەسەر بکرێت، سەرەتایەکی دڵخۆشکەر و ئومێدێکی گەورە دروست بوو. ئەم سەرەتایە دەستی تورکەکانی واڵا کرد بۆئەوەی سەخاوەتمەندانەتر لەگەڵ باشووری کوردستاندا مامەڵە بکەن و تەنانەت گەیشتە ئاستی هاوبەشییەکی ئابووریی پتەو. ئەو جۆری مامەڵەیەی نێوان تورکیا و کوردستانی باشوور، ئەگەر پێشکەوتن و بووژانەوەی ئابووریی خێرای بۆ کورد دەستەبەر کردبێت، لە هەمانکاتدا ئەزموونێکی دەروونیی باش بوو بۆ تورک کە بتوانن بەسەر گرێ دەروونییە مێژووییەکانیاندا زاڵ بن. بە واتایەکی دیکە ئیسپاتی ئەوەی کرد کە سەرباری سنوورەکان، ئاسیمیلاسیۆن و ئینکار، کێشەی کورد لە هەر چوار پارچە تێکهەڵکێشی یەکترییە. نموونەی هەرە بەرجەستەی ئەوەش لە گەمارۆدانی کۆبانێ بەدیارکەوت و تورکیای ناچار کرد دان بەو ڕاستییەدا بنێت کە تورکی قوبرس و پێگەکەیان چەند بۆ ئەوان گرنگ بێت، کوردیش هەمان حەساسیەتیان بۆ کۆبانی هەیە.

بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو پێکهەڵشاخان و پێکدادانانە، وایکردووە کە لەسەر بنەمای ڕیزبەندی و تێڕوانینی لایەنەکان، لەسەر ئاستی ناوچەیی، هەست بکرێت کە پرۆسەی ئاشتی لە باکوور گەیشتووەتە بنبەست. تۆمەتبارکردنی تورکیا بە پشتیوانیی لە داعش و لێدوانی بەرپرسانی تورک لە سەرەتای گەمارۆی کۆبانێ، پرۆسەی ئاشتییی وەستاند. تا ڕادەیەک کە دەوڵەتی تورک سەرباری ئەوەی دەڵێ گفتوگۆکانی میت لەگەڵ ئۆجەلاندا بەردەوامییان هەیە، بەڵام بە ئاشکراش بێمنەتی خۆی ڕادەگەیەنێ و دەڵێ کە مانەوەیان وەکو دەوڵەت لە گرەوی پرۆسەی ئاشتیدا نییە! ئەگەرچی ئەوە لێدوانێکی ناڕاستە و تازە نە دەوڵەتی تورک و نە بارودۆخی ناوچەکە ڕێ بە پاشگەزبوونەوە لە پرۆسەی ئاشتی نادەن، لێ تورکیا چیتر ناتوانێ بە پێناسەی جیاواز بۆ کێشەکە و چاوەڕوانیی لە ڕادە بەدەری، بتوانێ ئارامی و سەقامگیری دەستەبەر بکات. حکومەتی ئێستای تورکیا ناتوانێ لەو هەموو بەرەیەدا شەڕ بکات و دەبێ لانیکەم پشتیوانیی کوردی هەبێ بۆ هەر هەنگاوێک کە دەیەوێ لە داهاتووی ناوچەکەدا بینێت. تورکیا دەبێ ئەوە بزانێت کە بە ڕیفۆرمی یاسایی و پێدانی ئازادیی تاکەکەسی کێشەکە چارەسەر نابێت. ئازادی تاکەکەسی لە قۆناغی پەڕینەوەی ڕژێمەکان لە تۆتالیتارییەوە بۆ دیمۆکراسی گرنگە، بەڵام دیمۆکراسی کاتێک کامڵ دەبێ کە ئازادیی گرووهی دەستەبەر بێت.

بۆ دەربازبوونی تورکیا لەو قەیرانەی ئێستای، چارەسەر ئەوە نییە هەر ڕۆژە یاسایەک بۆ زەبت و ڕەبتی زیاتر لە پەرلەمان تێپەڕێنن، چونکە ئەوە ڕۆژ بە ڕۆژ تورکیای نوێ لە کۆنەکەی نزیکتر دەکاتەوە. ئێستا حیزبی حاکم کە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی لە دەستدایە، دەبێ بە خێرایی چاو بە پێناسەی خۆی بۆ ئاشتی لە تورکیادا بخشێنێتەوە، چونکە ئاشتی لە تورکیا شتێکی دابڕاو نییە لە واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوین. بۆیە کاتێک داوا لە پەکەکە دەکەن لەم قۆناغەدا چەک دابنێت، دەبێ هاوتای ئەوەیان لە ناو تورکیادا بە یاسا و مافەکان دابین کردبێت کە پەکەکە پێویستی بە چەک نەبێت، ئەوە خۆدزینەوەیە لە ئاشتی و چارەسەری کە پێتوابێ خەڵک سی ساڵە بەخۆڕایی چەکیان هەڵگرتووە.

---



د. هیوا حاجی

## ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان..

# خەڵک ئینجا خاک

پێدەچێ لەو ماوەیەدا، هەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەمیش بۆ حکومەتی عێراق، کاری هەرە لەپێش بریتی بێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی داعش. تا بەر لە بڕینی بودجەی هەرێم و مەترسی داعش، ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان وەک گەرمترین پرس لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا سەیر دەکرا. تەنانەت لە هەندێ باردا، ناکۆکیی هەولێر و بەغدا گەیشتە ئاستی هێزکۆکردنەوە لە بەرامبەر یەکتر و ئەگەری سەرهەڵدانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیش هاتە پێش. ئێستا کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بەهۆی ئەو دوو فاکتەری سەرەکییەوە هەندێک پاشەکشەی کردووە.

ئەگەری سەرهەڵدانەوەی کێشەی ئەو ناوچانە لە دوای ڕەوینەوەی هەڕەشەی داعش بێ هێز نییە. بێ دوودڵی، دەسەڵاتدارانی بەغدا ئەگەر بۆیان بگونجێ، بەکەڵک وەرگرتن لە هەموو ئیمکانات و پەیوەندییەکی ناوخۆیی و دەرەکی، ئەو بابەتە دەژێننەوە. ئەم وێنەیەی ئێستای ئەو ناوچانە زۆر بەدڵی بەغدا نییە. باڵادەستیی پێشمەرگە لەو شوێنانەدا دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێش نییە بۆ بەشێکی زۆری نوخبەی سیاسیی عەرەب. لە ڕاستیشدا حکومەتی عێراق هەرگیز دڵتەنگیی خۆی لە دۆخی ئێستا نەشاردووەتەوە. هەر لە سەرەتای تێکشکانی سوپای عێراقی و جێگرتنەوەیان لەلایەن پێشمەرگەوە، بەرپرسانی عێراقی بە ڕاشکاوی دەڵێن کە دوای ڕەوینەوەی مەترسیی داعش، دەبێ پیشمەرگە لەو ناوچانە بکشێتەوە. پێیان دەکرێ ئەم ئارەزووە بەدیبێنن یان نا، ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

ئەوەی دەمانەوێ لەم وتارەدا بیڵێین ئەوەیە کە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بە کەرکووکیشەوە، بەر لەوەی پرسیارێکی مێژوویی یان بابەتێکی جوگرافی بێت، مەسەلەیەکە بەشێوەیەکی بنەڕەتی تایبەتە بەو خەڵکەی ئێستا لەو ناوچانەدا دەژین. پێناچێ پەنابردن بۆ بەڵگەی مێژوویی یان دۆزینەوەی ئاماژەی جوگرافی زۆر سوودبەخش بێت لە دیاریکردنی ناسنامەی ئەو ناوچانە لە ئایندەدا. خۆ دەستووری عێراقیش- کە کوردیش بە جۆش و زۆرینەیەکی گەورەوە دەنگی پێداوە- هەر شتێکی وادەڵێ. دەستوور بە ڕوونی ئیشارەتی بە گشتپرسی داوە (ئەگەر بڕیاربێت ڕۆژێک ئەنجامبدرێ) وەک میکانیزمێک بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە. لێرەشدا، کە دەڵێی گشتپرسی مەبەست لێی ڕای خەڵکە لەسەر ئەم بابەتە. لە گشتپرسیدا، لە کۆچکردووانی دوو سەدە پێش ئێستا یان لە کتێب و نەخشە مێژووییەکان ناپرسرێت کە بۆ نموونە، کەرکووک بەشێکە لە کوردستان یان نا؟ بە هەمان شێوە بەرد و دار و ڕووبار و بیرە نەوتەکانیش پرسیاری لەم چەشنەیان لێناکرێ. بۆیە ئایندەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان پرسیارێکە بۆ خەڵکی ئەم ناوچانە و تێڕوانینی ئەم خەڵکە بۆ ئایندەی ناوچەکانیان.

تا ئەو شوێنەی ئێمە ئاگاداربین، بەشێکی بەرچاو لە توێژەر و ڕۆشنبیر و سیاسییەکانی کورد لە لێکدانەوەکانیاندا مەیلێکی زۆر نیشاندەدەن بۆ بەڵگە مێژوویی و جوگرافییەکان وەک میتۆدێک بۆ سەلماندنی ناسنامەی کوردستانیی ئەو ناوچانە. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر نوخبەی تورکمان و تا ڕادەیەکی کەمیش بەسەر نوخبەی عەرەبیدا جێبەجێ دەبێ. ڕەنگە ئەم هەوڵانە بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوە و داتا لەسەر ئەم ناوچانە بەسوودبێت. بەڵام، سووڕانەوەی بەردەوام لەو بازنەیەدا گرنگییەکی پراگماتی ئەوتۆی نابێ بۆ دیاریکردنی ئایندەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. مێژوو هەرچییەک بڵێ و جوگرافیاش هەرچۆنێک خۆی نیشانبدات، مەسەلەیەکە و ئەو ڕاستییەش کە ئێستا لە کەرکووک لەو ناوچانە کێ دەژی و چییان دەوێ، مەسەلەیەکی دیکە.

بۆ کورد گرنگە تێڕوانینی پێکهاتەکانی دیکەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان سەبارەت بە کۆمەڵێک بابەتی جیاواز بزانێ. وێنەی کورد- لە هاووڵاتی ئاسایی کوردەوە بگرە تا پێشمەرگەی کورد تا ئاسایشی کورد تا پارت و نوخبەی سیاسیی کوردی- لە دیدی ئەوانی دیکەدا چۆنە؟ چی ئەم وێنەیەی دروستکردووە و چۆن دەتوانرێ ئەم وێنەیە باشتر بکرێ؟ ئەوانیتر (مەبەست پێکهاتە ناکوردەکان) چ مۆدێلێکی حوکمڕانی خۆجێییان پێباشە و جیاوازیەکانیان لەگەڵ کورددا چییە؟ چ ناسنامەیەکیان دەوێ بۆ ناوچەکانیان و بۆچی؟ ڕەنگە بتوانرێ چەندین پرسیاری دیکەش بوروژێنرێ.

کورد لەو ناوچانەدا، تەنانەت ئەگەر لەڕووی سەربازی و ئەمنیشەوە باڵادەست بێ، ناتوانێ حوکمی تاکڕەوانە پیادە بکات و ئەجێندای خۆی بە تەواوی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێ. خۆ ئەگەر هەوڵی ئەوە بدات، ئەوە ئەگەری زۆری هەیە کە پشتگیری ئێستای نێودەوڵەتی لەدەستبدات و لە جیاتی ئەوەی وەک مەزڵوم سەیر بکرێ ببێتە زاڵم. لەوەشگەڕێ کە وڵاتانی دەوروبەر هەریەکە و بەشێوەیەک چاوی لەسەر ئەو ناوچانەیە و ڕەنگە چاوەڕوانی پاساوێک بکەن بۆ دەستوەردان لەو ناوچانە ئەگەر بۆیان بچێتەسەر. کەواتە ئەگەری بەکارهێنانی سیاسەتی خۆسەپاندن لەلایەن کوردەوە لەو ناوچانە بەهێز نییە. لەبەر ئەوە پێویستە کورد سیاسەتی لەخۆگرتن (Inclusion) بگرێتەبەر کە بنەماکەی بەشداری و قەبوڵکردنی چەمکی شەریکایەتییە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. بۆیە بۆ نوخبەی سیاسی کوردی زۆر گرنگە لە خەڵکی ئەو ناوچانە، بە تایبەتی پێکهاتە ناکوردەکان نزیک بێتەوە تێیانبگات. پێویستە لەو ناوچانە مۆدێلێکی ئیدارە و بەڕێوەبردن بهێنرێتە کایەوە کە ڕەنگدانەوەی خواستی خەڵکی ئەو ناوچانە بێت. دڵنیابوون و متمانەی خەڵکی ئەو ناوچانە بە شێوازی حوکمڕانی و حوکمڕانانی ئەو ناوچانە فاکتەرێکی بنەڕەتی دەبێ بۆ سەقامگیری و ئاشتەوایی و تەنانەت بۆ دیاریکردنی ناسنامەی ئەو ناوچانە.

لەکاتی ئێستادا کە کورد لە بەشێکی گرنگی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا باڵادەستە و لەڕووی سەربازیشەوە پێشمەرگە کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە دەکات، ڕەنگە دەرفەتێکی باش بێت بۆ نیشاندانی سیاسەتێکی سەرکەوتووتر لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئەو شوێنانەدا. بە تێگەیشتنی ئێمە، سیاسەتی کوردی پێویستە دوو تەوەری سەرەکی هەبێت: یەکەمیان، پاراستن و بەرگریکردنی یەکسان لە هەموو خەڵکی ئەو ناوچانە و دووەم، پێداچوونەوە بە مەسەلەی ئیدارە و شێوازی بەڕێوەبردنی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. ڕەنگە ئەمە کاریگەری خوازراوی هەبێ لەسەر تێڕوانینی خەڵکی ئەم ناوچانە بۆ ئایندەی پێکەوەژیان لەگەڵ پێکهاتەی کوردیدا. ئەگەر کورد بیەوێت خاک بگێڕێتەوە پێشتر پێویستی بەو خەڵکە هەیە کە لەسەر خاکەکە دەژین.

---



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# داعش خەوارجن؟

کۆمەڵێک زاراوە و چەمک و بڕیار، لەناو کایەکانی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئایینیی ئێمەدا دەبن بە یەقین و دەماودەم دەڕۆن، بێ ئەوەی بەر پرسیار، بەر گومان، بەر تێڕامان و لێکۆڵینەوە بکەون.

زۆرکەس ئەو چەمک و دەستەواژە باوانە دەڵێنەوە، بێ ئەوەی بۆ ساتێکیش ڕابوەستن و بزانن تاچەند ئەوەی دەیڵێنەوە دەرهاوێشتەی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی دروستە.

لە نموونەی ئەو یەقینیاتانە: یەکسانکردنی چەپ بە ئیلحاد، ئیسلامی بەتیرۆر و تۆقاندن، حیزبی نائیسلامی بە عەلمانی، داعش بە خەوارج. هەروەها ناوزەدکردنی دیکتاتۆرەکانی پێش بەهاری عەرەبی، بە عەلمانی.

هەرکام لەم یەقینیاتانەی ناو گوتاری ئێمە، خۆیان پێویستیان بە هەڵوەشاندنەوە و قسە لەسەرکردن هەیە، چجای ئەوەی کەڵکی ئەوەیان هەبێت وەک بنەمای قسەکردن و ئارگومێنێت ئیشیان پێبکرێت.

پێویستیان بەهەڵوەشاندنەوە هەیە، چونکە هیچیان لەسەربنەمایەکی زانستی ڕانەوەستاون و دەرئەنجامی دیالۆگێکی زانستی نین.

هەرکام لەو یەقینیاتە — پرگومانانە-ی سەرەوە جێگای قسە لەسەرکردن و لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەلن، بەڵام تازەترین یەقین کە لەناو گوتاری ئاینی- سیاسی، ئێمەدا سەری دەرهێناوە و بووە بە مۆدێل، چوواندنی داعشە بە خەوارجەکانی مێژووی ئیسلام.

چوواندنی داعش بە خەوارج وەک یەکێک لە یەقینەکانی ناو گوتاری فیکری ئاینیی سیاسیی ئێمە، پێویستی بە لەسەر ڕاوەستان و قسە لەسەرکردن هەیە، ئایا بەڕاستی داعش خەوارجن؟

یەکەم خاڵ کە من پێموایە نالۆژیکییەکی قووڵە داعشی سەردەمی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە بە خەوارجی سەردەمی ئاین و سەردەمی ئیسلام بچوێنیت، جیاوازیی سەردەم و قۆناغی مێژوویی هەرکام لەو دوو گرووپەیە کە بێگومان داعش دەرهاوێشتەی سەردەمێکە و خەوارجیش دەرهاوێشتەی سەردەمێکی دیکەیە. واتە هەرکامیان کوڕی زەمەنی خۆیەتی.

بەڵام نوکتەکە لەوەدایە هەمان ئەو ڕۆشنبیرە ئاینیی- سیاسیانەی دەڵێن داعش خەوارجن، هەرئەوان دەڵێن داعش کوڕی ڕاستەقینەی مۆدێرنەیە!

هەندێکی دیکە لەم ڕۆشنبیرە ئاینیی- سیاسیانە بە "بۆدی"دا داعش بە خەوارج دەناسێنن، یاخود بەشێوەی سەر و قژو ڕیش و جلوبەرگ و ڕەنگی ئاڵاو پەرچەمدا کە لە فەرموودەکاندا هاتووە، شەرح و تەفسیری داعشمان بۆ دەکەن!

لەبنەماوە هەرگیز مەرج نییە ئەو" فەرموودانەی پێغەمبەر" ئەگەر هی ئەو بێ- دەقاودەق لەسەر ئەو خەوارجانە گوترابن کە بوونێکی واقیعییان لە سەردەمێکی دیاریکراودا هەبووە، چجای ئەوەی هەمان ئەو فەرموودانە لەخەوارجەوە نەقڵی داعش بکەیت.

بێگومان لەنێوان هەموو گرووپگەلێکی مێژووییدا لێکچوون هەیە، هەروەک جیاوازیش هەیە، کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە: بۆچی لێکچوونەکان وەک حەقیقەت وەردەگریت، بەڵام جیاوازیەکان نابینی؟

واتە ئەگەر لەنێوان داعش و خەوارجدا لێکچوون هەبن، بێگومان لێکنەچوونیش زۆرن، کە من پێموایە لێکنەچوونەکان زۆر زیاترن.

کارەساتێکی گەورەیە کاتێک ڕۆشنبیرانیش بەهەمان عەقڵی باوی ئاینی بیر لە خەوارج دەکەنەوە و قسەیان لەسەر دەکەن. بەڵکو ئەوە ڕۆشنبیرانی ئاینی- سیاسین کە لەبری لێکۆڵینەوەی زانستیانە، دین و کەرەستەیەکی سیاسی بۆیاخکراو بە ڕۆشنبیری، دەخەنە بەردەستی سیاسییەکان و ئەوانیش ڕای گشتی پێ سەرخۆش دەکەن.

هەر سیاسییەکی ئاینی یان ڕۆشنبیرێکی ئاینی، ڕۆشنبیرانە و بابەتیانە لێکۆڵینەوەی فیکر و بیروبۆچوونی خەوارج بکات، باش دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە خاڵی لێکنەچوونی جەوهەری لەنێوان داعش و خەوارجدا هەیە.

ئەگەر خەوارجەکان خاوەنی کۆمەڵێک بیرکردنەوەی (نالۆژیکی) بن، هەر ئەوانن خاوەنی کۆمەڵێک پرنسیپ و بیرکردنەوەن کە گونجاون بۆ تێڕامان و بەهەندوەرگرتن و بیرلێکردنەوە.

کێشەی ڕەتکردنەوەی خەوارج لەلای زۆرینەی موسڵمانانی ئەمڕۆ پشتئەستوور نییە بە خوێندنەوەی هزر و بیرکردنەوەی خەوارجی، بەڵکو پشتئەستوورە بە هەندێک فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) کە گوایە باس لەوان یان کۆمەڵە خەڵکێکی هاوشێوەی ئەوان دەکات و ئەمە لەڕووی زانستییەوە زۆر نالۆژیکی و نامیتۆدیە.

پاشان ئەو هێرشە گەورەیەی لەلایەن هەژموونی دەسەڵاتی سەردەمەوە لەلایەن موسوڵمانانەوە لەسەر خەوارج هەبووە، ئەوانی وەک دێوەزمەیەک پێشانداوە کە بیرکردنەوەکانیان شایانی قسە لەسەرکردن نین، لەکاتێکدا بۆ توێژەرێک بیرکردنەوەکانی ئەوانیش بەشێکن لەمێژووی ئیسلام و حەقی ئەوەیان هەیە دیراسە بکرێن.

*جیاوازییە قووڵەکانی نێوان داعش و خەوارج.

1- داعش خۆیان بە خەلیفەی زەمان دەزانن و بۆ گەڕاندنەوەی خەلافەت دروست بوون، بەڵام خەوارج شۆڕشیان بەسەر خەلیفەی زەماندا کردووە و دنیایەک قسەیان لەسەر خەلیفە و پرنسیپی خەلافەت و خودی خەلیفە هەبووە.

2- هەرگیز عەقیدەی ئیسلامیی داعش هەمان ئەو عەقیدەیە نییە کە خەوارج هەڵگری بوون و بانگەشەیان بۆ کردووە، هەمووان دەزانن عەقیدەی داعش عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە.

بەڵام خەوارج نەک تەنیا خروجیان بەسەر خەلیفەدا کردووە، بەڵکو خروجیان لەدنیایەک کۆدەنگی عەقیدی کردووە کە موسوڵمانانی ئەهلی سوننەت و جەماعە لەسەری کۆک بوون.

هەرگیز داعشەکان بۆ بیروبۆچوون و عەقیدەی خەوارجەکان ناگەڕێنەوە، بەڵکو دڵنیام هەموو داعشێک بەتایبەت شارەزاکانیان لەئایین، خەوارج بەکافر و یان لانیکەم بە دەرچوو لەدین دەزانن، وەک زۆرینەی ڕای گشتی ناو موسوڵمانانی سەردەم.

3- هەندێک لە خەوارج، بوونی خەلیفە بە گرنگ و پێویست نازانن لە سەردەمێکدا کە خەڵک پێویستیان پێی نییە و خۆیان دەتوانن کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن و کاروباری خۆیان ڕاپەڕێنن، بەڵام لەلای داعش خەلیفە و باوەڕ بوون بە خەلیفە لە ئسوڵی عەقیدە و ئیمانە- لای زۆرکەسی دیکەش کە دژە داعشن-.

4- خەوارج باوەڕیان بە هەڵبژاردنی خەلیفە هەیە ئەویش بە هەڵبژاردنێکی گشتی — ناو موسوڵمانان- کە زیاتر لەشێوەیەک لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەی سنووردار دەچێت، بەڵام هەمووان دەزانین خەلیفە لای داعش لەلایەن کەمینەیەکەوە دانراوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان سەپاندنە.

لە مێژووی ئیسلامیشدا ئەمجۆرە لەخەلیفە هەیە و شەرعیەتیشی هەیە، بەڵام خەوارجەکان ئەمەیان ڕەتکردووەتەوە.

نامەوێ بێمە سەر هەندێک وەردەکاری دیکەی بیرکردنەوەی خەوارجی کە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ بیرکردنەوە و عەقیدەی داعشەکان. من پێموایە لەڕێگەی بیرکردنەوەی خەوارجەکان دەتوانرێت داعش تەکفیر بکرێت کە ئێستا بەپێی عەقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعە و ئەهلی تەشەییوعیش، هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ تەکفیری داعش، هەربۆیە تائێستە کەس نەیتوانیوە داعش تەکفیر بکات.

بەلای خەوارجەکانەوە، مرۆڤ لەڕێگەی کردارەوە کافر دەبێت و لە ئاین دەردەچێت. هەموو کەس دەزانێت ئەوەی لەداعشدا پێچەوانەی ئیسلامە، ڕەفتارەکانیانە نەک بیرکردنەوەوبۆچوونەکانیان.

من پێموایە چوواندنی داعش بەخەوارج خۆ ڕزگارکردنە لە ناساندنی داعش وەک خۆی، هەروەها دەریچەیەکی دەربازبوونە لەو پرسیارە سەختەی ڕووبەڕووی بیری ئاینییمان لەم سەردەمەدا دەبێتەوە، ئایا داعش موسوڵمانن؟

لەبەردەم پرسیارێکی ئاوا سەخت و دژواردا، هیچ وەڵامێک بە قەدەر ئەوە بێ کێشەو حازر بەدەست نییە کە خێرا بە یەقینەوە بڵێی داعش خەوارجن. بەم وەڵامە خۆت ڕزگار دەکەیت و خەڵکیش هەموو باوەڕت پێدەکەن. چونکە هیچ لەبارەی خەوارجەوە نازانن، جگە لە هەڵگەڕانەوەیان لە ئیمامی عەلی خەلیفەی چوارەم.






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# مەگەر ڕەنج نەچێت بۆ نوێژی هەینی

ئـەم هەفتەیـە یەکێک لـە بابەتـە گەرمەکانی وتاری هەینی لـە ژمارەیەک لە مزگەوتەکانی وڵات بەرنامەکەی ئەم هەفتەیەی "لەگەڵ ڕەنج" دەبێت. ئەو بەناو "زانا"یانـەی لە بەرنامەکەدا وتارەکانیان وەک عیبرەت پێشاندران، یەک مەتر دەم دەکەنەوە لە ڕەنـج و (ڕووداو)، ئەو جنێوانەی لە وتارەکانی پێشتر بە کەسانی دیکە دەدرا، ئەمجارە ئاراستەی (ڕووداو) دەکرێن لەبەر ئەوەی پرسـیاری لەسـەر جنێودانـی ئـەوان ورووژانـدووە. وتـاری بەنـاو "مامۆسـتا"یان پێدەچێت هێندە توند بێت، ژیانی پێشکەشـکار و بەرهەمهێنەری بەرنامەکە بکەوێتە مەترسییەوە. لەبـەر ئـەوە با هەر لە سـەرەتاوە پێشنیازێکی برایانە بخەمە بەردەم ڕەنج سەنگاویی هـاوکارم: خێـرت ئـەگات ئـەم هەفتەیـە مەچۆ بـۆ نوێژی هەینی، نەکو تووشـی مامۆسـتایەکی جنێوفرۆش ببی...

سـاڵەهای سـاڵە مینبـەری مزگەوتەکانی ئەم وڵاتە بوونەتە بڵندگۆی ئاراستەکردن و وروووژاندنی خەڵـک بەبێ ئـەوەی هیچ چاودێرییەکـی نەوعی هەبێـت بەسـەریانەوە. کارەکـە جێهێڵـدراوە بۆ ویژدانـی وتاربێژان، جـا هەندێکیان بـە ویژدانن، قسەی ڕاست و دروست دەکەن و خەڵکی بۆ چاکە هاندەدەن، هەندێکیشیان مینبەرەکە دەقۆزنەوە بۆ چاندنـی تۆوی ڕق و هاندانی میللەت بۆ توندڕەوی و شەڕەنگێزی.

هـەر کاتێکیـش یەکێـک هەڵدەسـتێت دوو دێڕ لەسـەر ئـەم دیاردەیـە بڵێت، بە بـێ دین و دوژمنی خودا تۆمەتبار دەکرێت. من لە سـەرەتاوە پێشنیازێکم هەبووە، دەڵێم نابێت داڕشتنی وتاری هەینی بدرێتە دەستی خودی وتارخوێنەکە. ئەگەر وایـە ئەدی ئەرکـی وەزارەتـی ئەوقـاف و دەزگا فەرمییەکانی ڕێکخسـتنی کاروباری ئاینی چییە؟ ئەگەر ڕاستتان دەوێت، دەبێت تێکستی وتارەکانی هەموو مزگەوتەکانی وڵات یەک بخرێت و هەمووشیان لەلایەن ژمارەیەک لە کەسانی پسپۆڕەوە بنووسرێن و پێشوەخت بنێردرێن بۆ وتارخوێنەکان. دواتریش لیژنـەی چاودێری هەبێت کە هەموو هەفتەیەک لە ناکاو ژمارەیەک لە مزگەوتەکان بگەڕێن بۆ دڵنیابوون لە ڕۆیشـتنی کارەکە بە شێوەیەکی دروست. ئەمە تەنها ڕێگەیەکە بۆ چارەسـەری ئەو گەڕەلاوژێیەی ئەمـڕۆ دروسـت بـووە. دەڵێم گـەڕەلاوژێ، لەبەر ئەوەی گوێ بۆ وتاری چوار مزگەوتی جیاواز شـل کە گوێت لە چوار ئاینی جیاواز دەبێت.

نابێـت ڕێگەبدرێـت، وتاربێـژ سـەربەخۆیانە بابەتەکانـی خـۆی هەڵبژێرێت و دەیـان میتۆدی وروووژانـدن و ئیسـارە بەکاربهێنـێ بۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی خەڵکی، لە ئەنجامیشدا جەماعەتێک لە پیـر و گەنـج لە دەوری خـۆی کۆبکاتەوە کە چاو لەڕێی هەینی بن بۆ گوێگرتن لە ئامۆژگارییەکانی. باوەڕ و پەرستش پەیوەندییەکی تایبەتن لە نێوان مـرۆڤ و پـەروەردگار کە پێویسـتی بە حاجی و مەلا و شـێخ و بانگخواز نییـە بکەونە بەینەوە بۆ گەیاندنی دەنگ.

وتاربێژان بەهەرحاڵ، دیاردەیەکی دیکە هەیە کە لە وڵاتانی عەرەبییەوە هاوردە کراوە بۆ کوردستان، ئەویش مەسـەلەی "بانگخـواز"ە. کۆمەڵێک کەس بەبێ ئەوەی کەس بزانێت ئەم زانیارییە ئاینیانەیان لـە کوێ هێناوە، بەبێ لێپرسـینەوە میکرۆفۆنیان خراوەتە بەردەم و بە ڕاسـت و چەپدا فتوا دەدەن و ژیانی خەڵکی ئاراسـتە دەکـەن. بەینی خۆمان بێـت دوای ماوەیەکیـش لـە "بانگخـوازی" بواری خزمەتەکەیـان دەگوازنـەوە بـۆ نـاو پەرلەمان و حکومەت و پۆستە باڵاکان.

نابێت مافی کەس بخۆین، کەسانێکیش هەن کە بە هەمان شـێوە کاردەکەن و بەڕاستی خزمەت بە کەلتووری پێکەوەژیان و ئاسوودەیی مرۆڤ دەکەن. بەڵام بەڕای من کۆی دیاردەکە مەترسیدارە، لەبەر ئـەوەی سیسـتمێک نییە چاودێری بـکات و بڕیار لەسـەر بـاش و خراپی بدات. ئـەم بانگخوازانە لە دەرەوەی دەسـەڵاتی دەزگا پەیوەندیـدارەکان کار دەکەن و ئەگەری هەیە وتارە کراوە و داخراوەکانیان مەترسـی دروست بکەن بۆ سـەر ژیانی تاکەکانی ئـەم وڵاتـە و ئاسایشـی نەتەوەیـی. لەبەرئـەوە دەبێـت بانگخوازەکانیش چاودێری کار و گوفتار و چالاکییەکانیان بکرێت.

هەنگاوێکـی دیکـە کـە پێویسـتە بنرێـت ڕێکخستنەوەی خوێندنی ئاینییە لە کوردستان لە وانەی پەروەردەی ئاینەوە لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەنـدی و دواناوەنـدی، هەتا دەگاتە خوێندنی ئاینی و کۆلێژەکانی شەریعە. پێویستە مەنهەجێکی هاوچـەرخ و گونجاو لەگەڵ بەهـا گەردوونییەکان، تۆکمـە لـە ڕووی ناوەڕۆکـەوە ئامـادە بکرێـت و خوێندنی ئاینی ببێتـە هەوێنی پێگەیاندنی زانای ڕاستەقینە نەک کۆلکە مەلا کە بێ لە قیژە قیژ و جنێودان هیچی دیکە نازانێت.

سـەبارەت بە بەرنامەکەی (ڕەنـج) یش تەنها تێبینیـم ئەوەیـە کە وەک بینەرێک حـەزم دەکرد یەکێـک لەو مـەلا جنێوفرۆشـانەش بهاتایەتە ناو سـتۆدیۆ، تەنهـا دەمویسـت بزانم چـۆن بەرگری لە کەلتووری جنێودان دەکات و پاسـاو بۆ قسـە ناشـرینەکانی دەهێنێتەوە؟ حـەزم دەکرد ببینم کاردانـەوەی چـی دەبێت کاتێـک مەلایەکی بەڕێز خـۆی لـەو توندڕەوییە بـەری دەکات و ڕەخنە لە پاوانکردنی مینبەر دەگرێت بۆ بەتاڵکردنەوەی ڕق و قین.

کورت و کرمانج، ئاین بابەتێکی زۆر هەستیارە. نابێـت نوێنەرایەتی ئایـن بدرێتە دەسـت هەموو کـەس. لەمە گرنگتـر ئەوەیە نابێـت ڕێگە بدرێت کەس خۆی بە نوێنەری خودا لەسەر زەوی دابنێت و لەبـری ئـەو بڕیار بدات. یەکێک لـەو بابەتە زۆر گرنگانەی کە پێویسـتی بە ریفۆرمێکی ریشـەیی هەیە لەم وڵاتەدا، ڕێکخستنەوەی دەزگا ئاینیەکانە کـە پەیوەندی بە ژیـان و ئایندەی هەر یەکێک لە ئێمە و سـەرجەمی کۆمەڵگاشـەوە هەیە. ئەگەرنا کارخانەی بەرهەمهێنانی توندڕەوی لەکار ناکەوێ.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# شەڕی داعش بە زولفەقار

کورد لـەوەدا یەکدەنگـە کە دەبێ شەڕی داعش بکات. لەوپەڕی چەپەوە تاوەکو ئەوپەڕی ڕاسـت ملەقوتەیەتی بۆئـەوەی بیسـەلمێنێت لەوانی دیکە شـێلگیرانەتر شـەڕی داعش دەکات، بەڵام لەوەدا کە چۆن و بە پشتیوانیی کێ شەڕەکە بکات، بەسەر دوو بەرەی جیـاوازدا دابـەش بـووە. وەکچۆن لە زۆر شـتدا دوو ئیدارەیـی بە ئاسـانی لـە باشـووری کوردسـتان هەسـتی پێدەکرێـت، ئـاواش پێشـمەرگە لـە شـەڕی دژی داعشـدا لـە دوو بەرەی جیاوازدایە.

لەمـاوەی دوو هەفتـەی ڕابردوودا سـەردانی دوو بـەرەی شـەڕی دژی داعشـم کـردووە. بـەرەی یەکەمیـان لـە باشـووری کەرکوک بـوو. لەوێ پێشـمەرگە بـە هاوبەشـی لەگـەڵ میلیشیا شـیعەکان شەڕدەکات. لەنێو میلیشیا شیعەکاندا ئۆتۆمبێلی ئێرانی، بـە وێنەی ئایەتوڵـڵا خامنەئیم بینی. پاسـدارێک بـە کوردییەکـی ڕەوان داوای لێبووردنـی لێکـردم، چونکـە ئۆتۆمبێلەکەی ڕێگـەی لە دەرچوونی ئۆتۆمبێلی من گرتبوو. بە شۆخییەوە بـە فەرمانـدەی میلیشـیاکانم گوت: "ئـەی کـوان ئەمریکییـەکان؟ ئەوان لێـرە نین؟" قا قـا، پێکەنی و گوتی: "ئـەوان نایەنە ئێرە". ئەو ناوچەیە بە پشـتیوانیی سـوپای قودس لەدەست داعش دەرهێنراوە و قاسم سولەیمانی بۆخۆی لەوێ بووە.

بەرەی دووەم کە بینیم بەرەی زوممار بوو. لەوێ پێشـمەرگەی کوردسـتانی لێیـە. فڕۆکەی ئەمریکی و بەریتانیش پشتیوانی پێشمەرگەن. لەو شەڕانەدا ئاسـەواری خاپـوورکاری و بۆمبارانە ئاسمانییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان بە ئاسـانی بە ناوچەکەوە دیارە. لەو ناوچەیەدا تاکە پاسدارێکیش نابینیت، بەڵام ئەگەر ئەفسەرێکی بەریتانی یان ئەمریکـی ببینیت کە بـۆ هەماهەنگی و چاوساخی سـەردانی ناوچەکـەی کردبێت، زۆر لەلات ئاسایی بێت.

داعش ماڵوێرانییەکـی گەورەی بۆ کـورد هێنـا. گەورەتریـن ماڵوێرانی ئـەو کارەسـاتە بـوو کـە بەسـەر شنگالییەکانی هێنا. لەو ماوەیەدا کە لە دهۆک و زوممار بووم، هەسـتمکرد هێشـتا زۆرمان ماوە تـا بەتەواوەتی هەسـت بە ئازاری کارەسـاتی شنگال بکەیـن. برینەکـە هێنـدە قووڵـە کە نـە قوربانییـان و نـە میدیاکارانیش نەیانتوانیـوە وێنـە ڕاسـتەقینەکەی بەرجەسـتە بکەن. لەوەش پڕێشـتر کاریگەرییەکانی دوای کارەسـاتەکەیە لەسـەر شـنگالییەکان و کوردسـتان بەگشـتی. ئێمـە چیرۆکێکـی سـادە ڕامانـدەچڵەکێنێـت، لەکاتێکـدا چیرۆکـی لـەوان کاریگەرتـر هێشـتا نەگێڕدراونەتەوە. پیاوێک پێیدەگوتم: "بیهێنـە پێشـچاوی خـۆت، هەمـوو شـەوێک لە خـەو هەسـتیت و بیرت بێتـەوە کـچ و ژنەکـەت لەدەسـت چەکدارانی داعشـدان. یەکسەر بیرت بـۆ چی دەچێت؟ یەکەم پرسـیار کە لەخۆتی دەکەیـت چییە؟" نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە.

سـەرەڕای ئـەو ماڵوێرانییـەش، وەکچـۆن کارەسـاتی هەڵەبجـە یەکینەخسـتین، ئـاواش کارەسـاتی شـنگال یەکماننەناخات. ئیدیعا دەکەین کە یەکین، یەک وەزیری پێشمەرگەمان هەیە، یەک فەرماندەی گشـتیی هێزە چەکدارەکانـی کوردسـتانمان هەیـە، بـەڵام ئـەوەی بەکـردەوە دەیبینیـن وانییە. باشـتروایە ڕاستییەکە بڵێین. ئەویـش ئەوەیـە کـە هەوڵدەدەیـن یەک بیـن، هەوڵدەدەین یەک وەزیری پێشـمەرگە بەڕاسـتی وەزیـر بێـت، قبوڵـی دەکەین کە یـەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی کوردستان ئاگای لە ورد و درشـتی ئۆپەراسیۆن و هاوپەیمانێتییە سەربازییەکانمانە لە شەڕی دژی داعشدا.

پێشـمەرگەی کوردسـتان لـەو شـەڕەیدا لەدژی داعش لـە زولفەقار دەچێـت. ئیمامی عەلی شمشـێرێکی هەبوو کە دەڵێن حەشـری بە کافران دەکرد. شمشێرەکە یەک تەنی هەبوو و لەدژی یـەک دوژمن دەوەشـێندرا، بـەڵام دوو سـەر و نووکـی هەبوون. دروسـت وەکو سەر و نووکە ئێرانی و ئەمریکییەکەی لای خۆمان!



دەیڤد ڕۆمانۆ

# بۆچی کۆبانی؟

هەفتەی ڕابردوو، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕەخنەی لە هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ تەرکیزخسـتنە سەر کۆبانی گرت و گوتی: "بۆچی کۆبانی، بەڵام شارەکانی دیکەی وەک ئیدلب و حەما و حمس نا، ئەمە جگە لەوەی 40%ی خاکی عێراق لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە کۆنترۆڵ کراوە؟". ئەمە پرسیاری ئەردۆغان بوو کە گوتیشی "تەنیـا 2000 چەکدار لەناو کۆبانێیە، تێناگەم ئەم هەمـوو تەرکیزە چییە. بۆچی هێزی هاوپەیمانەکان هەڵوێستیان نییە لەسەر ناوچەکانی دیکە؟".

قسەکانی سەرۆک وەزیر ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی کۆنی دژ بە کوردە لە تورکیا. چەند ساڵێک لەمەوبەر کاتێـک چەند چالاکڤانێکـی نێودەوڵەتـی ناوبەناو دەچوونـە تورکیا بۆ بەشـداری لـە بۆنەکانی وەک شەمەندەفەری ئاشتی موسا عەنتەر، پۆلیسی تورکی پرسیاریان لێدەکردن: "بۆچی دێن بۆ تورکیا؟ بۆچی ناڕۆنە فەلەسـتین و چیچان و بۆسنە؟". پێیانوابوو کورد شـایەنی هاوسـۆزی و پشـتگیری نین و هەر کەسێکیش لایەنگرییان بکات ئەوە لە دژی تورکیایە، هێشـتا باوەڕیان بە تیۆری گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی هەیـە بـۆ لاوازکردنـی تورکیـا کـە مێژووەکـەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیمانی سیڤەری 1920.

بـەڵام زۆر لـە کوردەکانیش دەپرسـن: "بۆچی فەلەستین و بۆسنە و شوێنەکانی دیکە، بۆچی ئێمە نا؟". کورد ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی زۆر بوونەتەوە لە تورکیا و ئێران و عێراق و بەتایبەتیش لە سووریا کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی هەسـتی پێنەدەکرد. وادەردەکـەوت کە گەورەتریـن نەتەوەی بێ دەوڵەت کەموکورتیـی نەبـوو. هیچ هاوڕێیەکـی نەبوو جگە لەچەند چالاکڤانێکی ئەورووپی کە هاوسۆزییان بۆ ئەم نەتەوەیە دەردەبـڕی. ئەو گوتە کۆنەی کە دەگوترا "کورد هاوڕێی نییە جگە لە چیاکان" زۆر ڕاست بوو.

تەنانـەت زۆر لـە مێـژ نییە کـە لە دامـەزراوە ئەکادیمیەکانیشـدا گرنگییەکـی ئەوتـۆ بـە کـورد نەدەدرا. من خۆم پاش سەردانێکم بۆ تورکیا لەساڵی 1990 ئینجا شـارەزاییم لەسەر کورد پەیداکرد. بەر لەو کاتـە، هەموو ئەوەی دەربـارەی کورد دەمزانی کارەسـات و وێنەکانی کیمیابارانی سـاڵی 1988ی هەڵەبجـە بوو لە شاشـەکانی تەلەفزیۆنەوە کاتێک هەرزەکار بووم.

لە تورکیا نیوەی ئەو کەسـانەی قسـەم لەگەڵ دەکردن دەیانگوت: "کورد نییە لە تورکیا". نیوەکەی دیکـەش یان دەیانگوت تیرۆریسـتن یان دەیانگوت بـۆ ئـازادی دەجەنگن. کاتێک چوومـە کتێبخانەی زانکۆکـەم بـۆ گـەڕان لەدوای سـەرچاوە تـا زیاتر لەبـارەی کوردەوە فێربم، تەنیا دوو کتێبم دۆزییەوە بە زمانی ئینگلیزی و کتێبێک بە زمانی فەرەنسـی لەسەر سیاسەتی سـەردەم و کێشەی کورد. ساڵی 1995 کاتێک بارودۆخەکە کەمێک ڕووی لە باشبوون کـرد، بڕیارمـدا خۆم توێژینـەوەی دکتۆرا لەسـەر کێشـەی کورد بکەم بۆ ئەوەی زیاتر فێربم. ئەوکات زانیم کە تاقەکانی کتێبخانەکە کتێبی زۆریان لەسەر کێشەی فەلەستین و عەرەب و تورکیا و ئێران تێدایە.

ساڵی 1998 تورکیەکەم باش بوو، بیرم دێت لە گەشـتەکانم بە پاس لەنێوان شـارەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردسـتان) کاتێک سەربازەکان پاسـەکەیان دەوەسـتاند و داوای ناسـنامەیان لـە گەشـتیارەکان دەکـرد، نەیاندەزانـی کـە لە زمانی تورکـی تێدەگـەم، هەمـوو جارێـک کە تەماشـای پاسـپۆرتە کەنەدییەکەمیـان دەکـرد دەیانگـوت: "هـەر ڕۆژنامەنـووس نەبێت، ئیدی کێشـە نییە". جارێکیان لە سـاڵی 2007 کاتێک شـاری دێرسیمم جێدەهێشت، ئەفسەری خاڵی پشکنینەکە پرسیاری لە سـەربازەکانی کرد: "کێ ڕێگەی داوە ئەم کابرایە بێتە ناوچەکە؟". یەکێک لە سەربازەکانی بەترسەوە گوتی کە هەفتەیەک لەمەوبەر هاتووم، ئەو ڕۆژە ئەو لە خاڵی پشکنینەکە نەبووە.

بەبڕوای من، ئەمە وەڵامی پرسیارەکەی ئەردۆغان دەداتەوە "بۆچی کۆبانی؟". لە ڕابردوودا، ڕووداوەکانی کوردسـتان وەک کەوتنی داری ناو دارستان وابوون کەس لەدەوروبەر نەبوو گوێی لەدەنگیان بێت. وەک ئەوە وابوو ئەو دارانە هەرگیز نەکەوتبن. گەورەترین هەڵمەتی سەربازی لەدژی دانیشتووانی کورد ئەنجام دەدرا بەبێ ئەوەی جیهان هەڵوەستەی لەسەر بکات. لەگـەڵ دەرکەوتنی تەکنەلۆجیـای میدیا و هەرێمی ئۆتۆنۆمیـی کـورد لـە عێـراق و کاری ئەکادیمیای نوێ لەسـەر کێشـەی کورد و بایەخـی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەم نەتەوە بێدەوڵەتە، چیدی بارودۆخی کوردستان وەک ڕابردوو نەما. جگە لە چەند بەشێکی کوردسـتان بەتایبەت لە ئێران، چیاکانی کوردستان چیدی شـوێنە تاریکەکانی نێو ڕۆمانەکەی جۆزێف کۆرنارد نین.

کۆبانـی نموونەیەکـی ئاشـکرایە. ئـەم شـارە کـە دەکەوێتـە سـەر سـنووری تورکیـا و میدیای نێودەوڵەتی بەباشـی لەوێـوە هەمـوو ڕووداوەکان دەگوازێتـەوە، جیهـان دەبینـێ گرووپێکی کەم لە کچان و کوڕانی کورد بە چەکی سووکەوە لەبەرامبەر ژمارەیەکـی زۆر جیهـادی پـڕ چـەک دەجەنگێن. بەرگـری لە خاکەکەیان دەکـەن لە دژی دوژمنێکی دڕندە کە چەند مانگێک لەمەوبەر چۆکی بە نیوەی سـوپای عێراق دادا. بەپێچەوانەی شوێنەکانی وەک ئیدلب و حەما و حمس، دەکرا بە ئاسانی هاوکاری پارێزەرانی کۆبانی بکرێت. بەڵام لەبری ئەوە، جیهان بینـی تانکەکانـی تورکیا کە چەند سـەد مەترێک لەو شـەڕەوە دوور بوون، دەسـتبەتاڵ دانیشتبوون و تەماشای فیلمەکەیان دەکرد لە دیوەکەی دیکەی سـنوورەوە. لەکاتێکدا تورکیـا یارمەتی هەر کەس و لایەنێـک دەدات کـە لە دژی ئەسـەد بجەنگێ بە جیهـادی و لایەنی دیکـەوە، بەڵام ڕێگـری دەکات تەنانەت لـە چوونی ئاوی خواردنەوە بۆ پارێزەرانی شـارەکە کە ئێسـتا لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە گەمارۆدراوە.

پاشـان ئەوە جیهـان بوو دواتر پرسـیاری کرد "بۆچی کۆبانێ نا؟"، بەڕای من باشتر وایە ئەردۆغان و حکومەتەکـەی خۆیـان لەگەڵ ئـەم گۆڕانکارییە ڕابهێنن.



قەرەنی قادری

# قەیرانی ئیسلام

لەوانەیـە بە زەبـری هێـزی نیزامی داعش لاواز و پارچـە پارچـە ببێـت، بـەڵام هـزری داعشـی بە شێوازی جۆراوجۆر هەر بە دۆڵپای کۆمەڵگـە دەمێنێتـەوە. داعـش لـە ژینگەی دواکەوتووی ئیسـلامیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سـەری هەڵداوە و مێژووی ئەو دەڤەرەش پڕە لە داعش. داعش بە ئاڵای ڕەش و بانگی "الله اکبر"ەوە، ڕوو لە هەر شوێنێک دەکات، تۆوی مەرگی لێ دەچێنێ.

مێژووی زیاتر لە هەزار ساڵەی ئیسلام پڕە لە خوێندنەوە و هێڵی جۆراوجۆر. هەر کامەش لەوان، خۆی بە نوێنەری "ئیسلامی ڕاستەقینە" دەزانێت. لە خەلیفەکانی ڕاشـیدینەوە بگرە تا دەگاتـە ئەمەوی، عەبباسـی، مێـژووی پێنج سـەد سـاڵەی ئیسـلامیی عوسـمانییەکان، سـەفەوییەکان، ئیخوان، کۆماری ئیسـلامی، تالیبـان، ئەلقاعیدە، زەرقـاوی، بۆکۆ حەرام، ئەنساری ئیسلام، حیزبوڵڵا، حەماس و داعش، دەیان و سەدان خوێندنەوەی دیکەی ئیسلامی کە هەر یەکێک لەوان بەپێی خوێندنەوەیان بۆ سـەرچاوە دینییەکە دەگەڕێنـەوە و بە هزری ئیسلامییەوە گرێدراون.

داعشی ئیسـلامی کە نوێنەرایەتی هزرێکی کەڕواوی و گەڕانەوە بۆ سەردەمی وشترەوانان و ڕەشـماڵچییەکانی عەرەبسـتان دەکات، ئیسـلامییەکانی کوردستانیشـی تووشـی قەیران کردووە. کێ نوێنەرایەتیی "ئیسـلامی ڕاسـتەقینە" دەکات، ئەوە کێشـەی سەردەم نییە، بەڵکو سنوور لەگەڵ ئیسلامییەکان (بە داعش و گرووپە ئیسلامییەکانی دیکەوە) ڕێک لێرەوە دەسـتپێدەکات، کە کـێ لایەنگری لە مافی مرۆڤ، دیموکراسـی، ئازادیی نووسین و دەربڕیـن، پێکەوەهەڵکـردن و پێکەوەژیان بە گشت جیاوازییەکانەوە دەکات.

ئەو وڵاتانەی کە بە جیهانی عەرەبی یان بە جیهانی ئیسلامی ناویان دەرکردووە، تەنانەت بە گرووپە ئیسلامییە ئۆپۆزسیۆنەکانیشیانەوە کە سـەر بـە جەمسـەری فکری ئیسـلامین، لـە بـواری مافـی مـرۆڤ، پێشـکەوتنی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و ئابـووری، لەوپەڕی دواکەوتوییـدا دەژین. خورافات، دەمارگرژی، دژە ئاوەز، سانسۆر، سەرکوتکردنی نەیارانیان، بەکۆیلەکردنـی ژنان و برەودان بە توندوتیژی، پێناسەی ئەو جیهانە دواکەوتووەیە.

لەو دەڤەرە چەقبەسـتووەدا، کاریان تەنیا دروسـتکردنی بە لێشـاوی مزگەوت، سـەفەر بـۆ حـەج، سـەرقاڵکردنی ئـەو هاووڵاتیانەی کە تا ئێسـتا شارەزاییان سـەبارەت بە مافی خۆیـان (مافـی مـرۆڤ) نییـە، بـە جەژنی ڕەمەزان و قوربانەوە، هەروەها هاندانی خەڵک بـۆ گوێگرتـن لـە خوتبەخوێنەکان لـە ڕۆژی هەینیـدا، بووەتە کارێکـی ڕۆژانە لەم دەڤەرە بەبەردبووەدا.

(نیکۆلۆ مەکیاڤێللـی 1527-1469) زیاتر لـە 500 سـاڵ بـەر لە ئێسـتا سـەبارەت بە مەسـیحییەت نووسـی: "مەسـیحییەت وا لەو خەڵکـە دەکات، پشـت لەم جیهانـە بکەن و لـە بەرپرسـیارێتیی هاوبەشـی هاووڵاتێتیـی دووربکەونـەوە". ئەم بۆچوونـەی مەکیاڤێللی نـە تەنیـا مەسـیحییەت، بەڵکـو دینەکانـی دیکـە، لەوانـە ئیسـلامیش دەگرێتـەوە. ئاخنینـی مێشـکی هاووڵاتیان بە مسـوڵمان، کافـر، زەکات، سـەرفیترە، حـەڵاڵ، حەرام، تاشـینی مووی بەرسـمێڵ و ... نە تەنیا هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هاووڵاتیان چارەسەر ناکات، بەڵکو دووریان دەخاتەوە لە بەرپرسـیارێتیی کۆمەڵایەتی و نەشـارەزابوون سـەبارەت بـە مافـی هاووڵاتـی و مەدەنیـی خۆیان. لە کۆمەڵگەی داعشـیدا، پیاو خاوەنی مافە، بەڵام ژن تەنیا جەسـتە و کەرەسـەیە. ئەو دەڤەرە، زیاتر لە هەزار سـاڵە لە قەیراندا دەژیـت. لەو دەڤـەرە ئیسـلامییەدا، تەنانەت هاووڵاتیانـی ئاسـایی کۆمەڵگەش دژ بە مافی مرۆڤن.

ئـەوە کۆمەڵگە نییە کە دەبێ خۆی لەگەڵ دەقەکان و شەریعەتدا بگونجێنێ، بەڵکو ئەوە شـەریعەتە کە دەبێ لەگەڵ ژیانی سـەردەمدا هاوکوف بێت. ناکرێت لە کۆمەڵگەیەکدا گشت دامەزراوە، حیزب و لایەنە سیاسییەکان ڕەوتی چاکسـازی و بەخۆداچوونـەوە وەگـەڕ بخەن، بـەڵام هزری ئیسـلامی خۆی لـە چوارچێوەی ئـەو چاکسـازییەدا نەبینێتـەوە. ئـەو هەموو دەوڵەت، گرووپ و ڕێکخراوە ئیسـلامییانە کە هـەر یەکـەی بەپێی بۆچوونی خـۆی باس لە ئیسـلام و بنەماکانـی ئیسـلام دەکات، ئەوە نیشـان دەدات کە دینی ئیسـلام و بنەماکانی لـە قەیراندا دەژین. ململانێی لەسـەر ئەوە کە کێ "ڕاستەقینە" و کێ "ناڕاستەقینە"یە، تەنیا لـەو کۆڵانەوە دەتوانێـت دەرباز بێت کە چۆن سـەیری مافی مـرۆڤ، دیموکراسـی، ئازادیی تاک، ئازادیی ژن، مافە مەدەنییەکان، ئازادیی ڕادەربڕین و نووسین دەکرێت.

بـۆ کەمکردنەوەی گیروگرفت و ناکۆکی لەم مەیدانـەدا، دین، مەزهـەب و تێڕوانینی ئاینی و وتەبێژانـی ئاینیـش دەبـێ ڕوو لـە ڕەوتی بەدیموکراتیکـردن و چاکسـازی لـە بۆچوون و تێڕوانینەکانـی خۆیانـدا بکـەن، بۆ ئەوەی دەرفـەت بۆ کاری هاوبەش و پێکەوەهەڵکردن بڕەخسـێت، تا ڕەنگـەکان پێکـەوە و بەپێی بنەمایەکـی عەقڵانـی کۆمەڵگەی کوردسـتان بەهێز بکەن.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



ئەنیس:

## لەگەڵ ئارمیک کۆتایی بە کاری هونەری دێنم

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
rodan@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

